# ئەدەبی کوردی

## پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی

(زانستی - وێژەیی)

### بە شێوەی پرسیار و وەڵام و هەڵبژاردن

| وەرزی یەکەم | وەرزی دووەم |
|---|---|
| ڕێڕەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩-١٩٩١) | چیرۆکی کوردی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی |
| قۆناغی یەکەم ساڵی (١٩٣٩-١٩٥٨) | قۆناغی یەکەم ساڵی (١٩٣٩-١٩٥٨) |
| قۆناغی دووەم ساڵی (١٩٥٨-١٩٧٠) | قۆناغی دووەم ساڵی (١٩٥٨-١٩٧٠) |
| قۆناغی سێیەم ساڵی (١٩٧٠-١٩٩١) | قۆناغی سێیەم ساڵی (١٩٧٠-١٩٩١) |
| ڕەخنەی ئەدەبی - مێژووی ڕەخنەی جیهانی | ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا |
| ڕەخنەی ئەدەبی کوردی | |
| پەخشان - وتار - قۆناغی یەکەم ساڵی (١٩٣٩-١٩٥٨) | |
| قۆناغی دووەمساڵی (١٩٥٨-١٩٧٠) | |
| قۆناغی سێیەم ساڵی (١٩٧٠-١٩٩١) | |

ئامادەکردنی مامۆستا :

عومەر ئەحمەد خدر

ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان

WWW.XWENDN.KRD

XWENDN

WWW.XWENDN.KRD

XWENDN

بۆ دەستکەوتنی PDF ( مەلزەمە ، کتێب ، مەلزەمەی هەڵبژاردن ، ئەسیلەی وەزاری ، ئەسیلەی تەمهیدی ، ڤیدیۆیی گشت وانەکان ) سەدان بابەتی جۆراوجۆر تایبەت بە خوێندن دەتوانن سەردانی وێبسایتی XWENDN بکەن

سەرجەم بابەتەکان بەخۆرایین

XWENDN

ئەم کۆدە سکان بکە

www.xwendn.krd

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر

## وەرزی یەکەم — ڕێڕەوی شیعری کوردی

پ١/ ڕێڕەوی شیعری کوردی لەماوەی ( ١٩٣٩-١٩٩١ ) دا بە پێی چی دابەشکراوە؟ و بۆ چەند قۆناغ دابەشکراوە بیاننووسە؟

و/ ڕێڕەوی شیعری کوردی لەم ماوەیەدا بە پێی ڕوداوە سیاسی و ڕوناکبیرییەکانی ناوکۆمەڵگەی کوردی، بۆ سێ قۆناغی شیعری دابەشدەکرێت: قۆناغی یەکەم ــ ساڵی ( ١٩٣٩- ١٩٥٨ )ز

قۆناغی دووەم ــ ساڵی ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ )ز

قۆناغی سێیەم ــ ساڵی ( ١٩٧٠- ١٩٩١ )ز

### قۆناغی یەکەم .... ساڵانی ( ١٩٣٩- ١٩٥٨ )ز

پ٢/ شیعری کوردی لە قۆناغی پێش ( ١٩٣٩ ) چۆن بوو؟ ئایا کاریگەری لەسەر دوای ( ١٩٣٩ ) هەبوو؟

و/ شیعری کوردی لە قۆناغی پێشوودا لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە هەنگاوی گەورەی نابوو، کاریگەری هەبوو بەسەر شیعری ئەم قۆناغە.

پ٣/ تایبەتمەندی شیعری زیندوو چییە؟

و/ ١- گوزارشت لە کاتی لەدایکبوونی دەکات.

٢- هەڵگری سیما و تایبەتمەندی قۆناغی نووسینی دەقەکە بێت.

پ٤/ ئەو هۆکارانە چین کەجێگە و شوێنەواریان بەسەر گۆڕانکارییەکانی شیعری کوردی قۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) بەجێ هێشت؟

و/ ١- ساتەوەختی پەژارە. ٢- ژەنگی سیاسی کاتی شەڕی دووەمی جیهان.

٣- خەباتی سیاسی. ٤- خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی.

پ٥/ لە قۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) دەنگی چ شاعیرێک دەبیستین؟

و/ لەم قۆناغەدا لە پاڵ پەیدابوونی هەندێک دەنگی تازە هەمان دەنگی ئەوشاعیرانە دەبیستین کەلە قۆناغەکانی پێشوودا دەنگی ڕەسەنی شیعری کوردی بوون، بەڵام هەندێک گۆڕانکارییان بەسەر دەقەشیعرییەکانیاندا هێناوە.

### یەکەم: لە ڕوی ناوەڕۆکەوە

پ٦/ گۆڕانی گرنگ لە بواری شیعری کوردی لەقۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) دالەچ ڕوویێک بوو؟ لەبەرچی؟

و/ لەم قۆناغەدا ڕەنگە گۆڕانی گرنگ لە بواری شیعری کوردی لە ڕوی ناوەڕۆکەوە ڕویدابێت، چونکە سەرەڕای ئەوخاڵە هاوبەشانەی کە لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعری کوردی قۆناغی پێشوودا دەبینین، گەلێک لایەنی جیاوازیش بەرچاودەکەون کە خاسیەتی ناوەڕۆکی شیعر لە قۆناغەکەدا دەخەنەبەرچاو لە ڕوی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە.

پ٧/ لە قۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) بۆچی شیعری کوردی زیاتر ڕووی لە شیعری سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی کرد؟

و/ بە هۆی سەرهەڵدانی ئەو ڕوداوە سیاسییە گرنگانەی بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا هاتن هەستی کوردایەتی ئاڕاستەیەکی تری لە شیعری کوردی وەرگرت، چونکە خەباتی سیاسی ئەو سەردەمە خرایە ناو دەقە شیعرییەکان، بەمەش ناوەڕۆکی شیعری کوردی زیاتر ڕووی لە شیعری سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی کرد.

پ٨/ لە قۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) شیعر بووە هۆکارێک بۆچی؟ ئەو شاعیرانە کێ بوون کە لەناو کۆڕی خەباتی سیاسی هاتنەناو جیهانی شیعری کوردییەوە؟

و/ شیعر بووە هۆکارێک بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت لە پێناوی بەدەست هێنانی مافەکانیدا ( هەردی، هێمن، هەژار، دیلان ، دڵدار ، جگەرخوێن، کامەران موکری ) لەناو کۆڕی خەباتی سیاسی ئەوساڵانە هاتنە ناو جیهانی شیعری کوردییەوە.

ئامادەیی (ئازادی)ی کوران
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD

پ٩/ شیعری (کوردم ئەمن) هیی کێیە؟ لای شاعیر هەستی نەتەوایەتی چۆن ڕەنگی داوەتەوە بە نموونەی شیعرییەوە؟
و/ هیی (هێمن)ە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەست و نەستی کوردایەتی بەتەواوەتی شیعری کوردی قۆناغەکەی داگیرکردووە کە دەڵێت:

## کوردم ئەمن

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

پ١٠/ جگەرخوێن هەستی کوردانەی خۆی بۆچی دەربڕیوە؟ بە نموونەی شیعرییەوە؟
و/ لە چواچێوەی بابەتی نیشتمانپەروەریدا (جگەرخوێن) دێتە گۆڕەپانەکەوە هەستی کوردانەی خۆی بۆ (سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان) دەردەبڕێت و دەڵێت:

## ئالا من

ئالا سێ ڕەنگی تو
بناڤ و دەنگی تو
نیشانا جەنگی تو
ئەی خورتێن کوردان سلاڤێ لێ بکەن

پ١١/ ئایا شاعیرانی کورد لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) دا شیعریان تەنیا بۆ خەباتی گەلی کورد نوسیوە؟ هەوڵیانداوە چی پیشان بدەن؟ مەبەست لەم وتەیە چییە (شیعری کوردی پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو)؟
و/ هەروەك چۆن خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان لە شیعری کوردیدا شوێنی دیاری هەبوو، بە هەمان شێوە شاعیرانی کورد شیعریان بۆ خەباتی گەلانی تر لە پێناو سەربەخۆییدا نووسیوە، هەوڵیانداوە لە ڕێی ئەو شیعرانەوە پەیامی خەباتی هاوبەشی گەلانی چەوساوە و ژێردەستە بۆ سەربەرزی و ڕزگاربوون لە کۆتی ژێردەستەیی پیشانبدەن، واتە شیعری کوردی پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو، هەرگیز بەتەنیا لە بیری نەتەوەکەی خۆیدا نەبوو تا بە ئاڕاستەیەکی ڕەگەزپەرستانەییدا بەرێت، بەڵکو شیعری کوردی کانیاوی بیری ئازادیخوازی گەلانی تری جیهانیش بوو.

پ١٢/ لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) باسکردنی سروشت چۆن بووە؟ سروشتی کوردستان کار لە کام شاعیر دەکات و چی دەڵێت؟
و/ لایەنێکی تر لە ناوەڕۆکی شیعری کوردی قۆناغەکە بریتییە لە باسکردنی سروشتە کە لە شیعری ئەم قۆناغەدا لەو وەسفە ڕووتەی کە لە شیعری کلاسیکدا هەبوو دەربازبوو، بۆئەوە بوو کە هەستی ڕۆڵەی کورد بۆ خۆشەویستی کوردستان بجوڵێنن تا وڵاتەکەیان زیاتر خۆشبوێت، دیمەنی سروشتی کوردستان کار لە (دیلان) دەکات و دەڵێت:

## بەهار

وا بەهار دیسان تارای ئەپۆشێ
گوڵاڵە پیاڵەی خوێنین ئەنۆشێ
نێرگس ئەندامشۆر ڕەنگی زێڕینی
وەنەوشەو کڕنوش پەڕەی چین چینی

WWW.XWENDN.KRD
WWW.XWENDN.KRD

پ١٣/ لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) دا جیاوازتر باسی ژن کراوە؟ شاعیران چۆن باسی ژنیان کردووە؟

و/ لەم قۆناغەدا بابەتی جوانیی ژن و کێشەکانی خراونەتەڕوو شتێکی بەرچاوە کە لە شیعری کوردی (ژن) جیاوازتر باسیکراوە، چونکە باسکردنی (ژن) تەنیا لە چوارچێوەی جوانی ڕوخساریدا نەماوە بەڵکو لا لە کێشەکانی کراوەتەوە. شاعیران وا باسی ژنیان کردووە کە وەك پیاو ئەرك و مافی هەیە و دەبێت لە کۆڕی سیاسی و تێکۆشاندا بەشداربێت، دەبێت ژنی کورد لە کۆتی دیلی و دواکەوتوویی و هەموو ئەو دابونەریتانە ڕزگاری بێت کە دەرفەتی بەشداربوون لە بوارەکانی ژیاندا بۆ ژنان لاوازدەکەن و ڕۆڵیان ناهێڵن.

پ١٤/ شیعری (ئەسرین) هێی کێیە؟ شاعیر چ دیمەنێك بەرجەستە دەکات؟ چی دەڵێت؟

و/ هێی (بێکەس)ە و ئەم دیمەنە دواکەوتووەی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە دەکات و دەڵێت:

## ئەسرین

مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

پ١٥/ لە قۆناغی یەکەمدا بێکەس لە شیعری (ئەسرین) چیمان پێ دەڵێت لەسەر ناوێتەکردنی ژن لەگەڵ کێشە سیاسییەکاندا؟

و/ لەم شیعرەی بێکەس ئەم چەشنە ناوێتەکردنەی ژن لەگەڵ کێشە سیاسییەکاندا بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی ژن لە شیعری کوردی قۆناغەکەدا تەنیا وەك خۆشەویست سەیرنەکرێت.

پ١٦/ لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) دا دیارترین شاعیر کەلە بواری شیعری خۆشەویستی بۆ ژن شیعری وتووە کێیە؟ شیعرەکەی بە ناونیشانی چییە و چی دەڵێت؟

و/ دیارترین شاعیری ئەم قۆناغە لە بواری شیعری خۆشەویستی بۆ (ژن) شیعری وتووە (ئەحمەد هەردی)یە دەڵێت:

## چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە
گیانەکەم! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە

پ١٧/ لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) لە کۆمەڵگای کوردیدا لە پاڵ کێشە سیاسی چ کێشەیەك بوو؟ شاعیران پاڵپشتی چ چینێك بوون و دژی چ چینێك بوون؟

و/ لەم ماوەیەدا لە پاڵ کێشە سیاسی، کێشە کۆمەڵایەتی و کێشەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوون. شاعیرانی کورد زیرەکانە لەگەڵ کێشە سیاسییەکە ئاوێتەی کردوون. سەرجەم دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە پاڵپشتی چینی چەوساوە بوون و دژی زۆرداران وەستاونەتەوە.

پ١٨/ شیعری (قەلاچۆی دوژمن) هێی کێیە؟ شیعرەکانی ئەم قۆناغە پاڵپشتی کێن و دژی کێن؟ دوو دێڕ لە شیعرەکەی بنووسە.

و/ شیعری (قەلاچۆی دوژمن) هێی (قانع)ی شاعیرە، سەرجەم دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە پاڵپشتی چینی چەوساوە بوون و دژی زۆرداران وەستاونەتەوە. و بەردەوام هاوڕێی جوتیار و کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش بوون.

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی

## قەلاچۆی دوژمن

با هەموو جوتیار و پالە و ڕەنجبەران
یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان
هەلگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی
بێ جیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان

پ١٩/ لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) دا شاعیرانی کورد لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕوویان لە چ کێشەیەك کردووە و بایەخیان بە چی داوە؟

و/ شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا ڕوویان لە کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی کردووە. لەهەمان کاتیشدا بایەخیان بە ئاشتی و هاوخەباتی و مرۆڤدۆستی داوە.

## دووەم: لە ڕووی ڕوخسارەوە

پ٢٠/ لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨)دا شاعیران چ هەوڵێکیان داوە بۆ گۆڕینی ڕوخساری شیعر؟ لە شیعری کێدا بەرچاودەکەوێت؟

و/ لەم قۆناغەدا شاعیران زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆك دەدەن، بەڵام لە ئاستی تاکە کەسی شاعیرانیش چەند هەوڵێك دەبینرێت، کە بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕوخسار و تەکنیکی شیعر دراون، وەك لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی (قەدری جان، گۆران، دیلان، کامەران)دا بەرچاودەکەون.

پ٢١/ دیلان لەتەکنیك و ڕوخساری شیعری کوردی داچ گۆڕینێکی کردووە؟ لەکام پارچە شیعردا وە لەساڵی چەند؟

و/ (دیلان) بنیاتی دەقی شیعری کوردی دەگۆڕێت و بەرەو قاڵبی ئازادی دەبات لە پارچەشیعری (ڕێگەی خەبات) لە ساڵی (١٩٥٤)

پ٢٢/ شیعری (ئەی کچە شوان) هی کێیە؟ ساڵی چەند وتوویەتی؟ شاعیر ڕوو لە چ جۆرە شیعرێك دەکات؟

و/ شیعری (ئەی کچە شوان) هی (کامەران موکری)ە لە ساڵی (١٩٥٧)دا وتوویەتی لەم شیعرەدا ڕوو لە شیعری ئازاد دەکات.

پ٢٣/ ئایا هەوڵی تاکە کەسی بۆ گۆڕینی تەکنیکی شیعری بەردەوام بوو؟

و/ لەم قۆناغە ئەو هەوڵە تاکە کەسییانە بەردەوامبوون بەڵام نەیانتوانی بەتەواوی ڕێچکەی شیعری ئازاد بکەنەوە لە ئەدەبی کوردیدا.

پ٢٤/ لە ڕوی ڕوخسارەوە زمانی شیعری لەماوەی (١٩٣٩-١٩٥٨) بەرەو چ ئاراستەیەك هەنگاوی نا؟ بە هۆی چییەوە فەرهەنگی شیعری ئەم قۆناغە زیاتر دەوڵەمەند بوو؟

و/ لایەنێکی تری ڕوخساری شیعر کە گرنگی پێدراوە زمانی شیعرە کە بەرەو کوردیی پەتی هەنگاوی ناوە، هەروەها فەرهەنگی شیعری ئەم قۆناغە زیاتر دەوڵەمەندکراوە بوارە جیاجیاکانی خەباتی سیاسی و شیعری جوانی سروشت و کێشەکانی ژن دەیان وشەی تریان هێنایە ناوشیعری کوردی.

پ٢٥/ لە ماوەی (١٩٣٩-١٩٥٨) شیعری کوردی سودی لەچ وەرگرتووە بۆ زمانی شیعری؟ لە شیعری کێ دەردەکەوێت؟

و/ لەم قۆناغەدا بە سودوەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی گەلێك لە شاعیران، زمانی شیعری ئەو قۆناغەیان دەوڵەمەندترکردووە.
(قەدری جان) یەکێك بوو لەو شاعیرانەی کە ئەم هەوڵەی داوە لە شیعری (کاروانی مە).

پ٢٦/ وێنەی شیعری لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) بەهۆی چییەوە گۆڕانی بەسەرداهات؟ چۆن؟

و/ لەم قۆناغەدا ئەو دەوڵەمەندییەی زمانی شیعر لەلایەك و فراوانبوونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشە بووە هۆی ئەوەی کە وێنەی شیعریش گۆڕانی بەسەردا بێت و مەبەستی دەربڕین لە بیر و هەست و سۆزی شاعیراندا بنیات بنرێت و بابەت و ناوەڕۆکە شیعرییەکانیان پێ بەرجەستەبکرێت.

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD
مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر

پ٢٧/ لە قۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) سرود چۆن بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینی؟ بە تایبەتی لەکامە سرودا بەدی دەکرێت؟ لە شیعری کام شاعیردا دەردەکەوێت. بە نمونەوە؟

و/ هەر لەم قۆناغەدا لەگەڵ فراوانبوونی خەباتی نەتەوایەتی ( سرود ) یش بەرەو پێشچوو بە تایبەتی ئەو سرودانەی کە بۆ جەژنی ( نەورۆز ) دەگوتران لە شیعرە بەناوبانگەکەی ( پیرەمێرد )دا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

**نەورۆز**

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەرخوێنی لاوەکان بوو ، گوڵی ئاڵی نەوبەهار

پ٢٨/ شیعری کوردی بەگشتی لەماوەی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) دا لە ڕوی تەکنیك و ناوەڕۆکەوە هەڵقوڵاوی چی بووە و گوزارشتی لەچی کردووە؟ و شاعیران مەبەستیان چی بووە و چییان بەرجەستەکردبوو؟

و/ بەشێوەیەکی گشتی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە شیعری کوردی لەم قۆناغەدا لە ڕووی تەکنیك و ناوەڕۆکەوە هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کۆمەڵی کوردەواری بووە، واتە گوزارشتێکی ڕاستەقینەی ژیانی ئاسایی خەڵك بوو. شاعیرانی کورد ویستویانە و مەبەستیان بووە، کە کۆمەلانی خەڵك وشیاربکەنەوە و لە داواو مافەڕەواکانی خۆیان بێدەنگ نەبن، بۆیە بە زمانی ئەوان شیعریان نووسیوە، ئیدی بۆمان هەیە بڵێین شاعیرانی کورد زمانحاڵێکی بەوەفای میللەت بوون و خۆیان لە سەنگەری میللەت جیانەکردووەتەوە. ڕوداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەم قۆناغەی گەلی کوردییان بەرجەستەکردووە.

---

## خۆت تاقیبکەوە / قۆناغی یەکەم .... ساڵی (١٩٣٩- ١٩٥٨)ز

١- ڕێڕەوی شیعری کوردی لە ماوەی ساڵانی ( ١٩٣٩ - ١٩٩١ ) بە پێی چ ڕوداوێك دابەش دەبێتە سەر سێ قۆناغ؟

﴿A- سیاسی و کۆمەلایەتی B- سیاسی و ڕوناکبیری C- سیاسی و ئایینی D- سیاسی و ئابوری﴾

٢- شیعری کوردی لە قۆناغی پێشوودا هەنگاوی گەورەی نابوو، لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە کاریگەری هەبوو بەسەر شیعری کوردی:

﴿A- قۆناغی یەکەم B- قۆناغی دووەم C- قۆناغی سێیەم D- قۆناغی پێشوو﴾

٣- ( گوزارشت لە کاتی لەدایکبوون دەکات ) ئەمە تایبە تمەندی:

﴿A- شیعری کلاسیکە B- چیرۆکە C- ڕۆمانە D- شیعری زیندووە﴾

٤- ( هەلگری سیماو تایبە تمەندی قۆناغی نووسینی دەقەکە بێت ) ئەمە تایبە تمەندی:

﴿A- شیعری کلاسیکە B- چیرۆکە C- ڕۆمانە D- شیعری زیندووە﴾

٥- یەکێك لە تایبە تمەندییەکانی شیعری زیندوو گوزارشت بکات:

﴿A- لە کاتی ڕابردوو B- لە کاتی داهاتوو C- لە کاتی ڕابردوو و داهاتوو D- لە کاتی لەدایکبوونی﴾

٦- لە پاڵ پەیدابوونی هەندێك دەنگی تازە هەمان دەنگی ئەوشاعیرانە دەبیستین کەلە قۆناغەکانی پێشوودا دەنگی ڕەسەنی شیعری کوردی بوون لە قۆناغی: ﴿A- ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) B- ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ ) C- ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) D- ( ١٩٧٥-١٩٩١ )﴾

٧- گۆڕانی گرنگ لە بواری شیعری کوردی لە قۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) دا زیاتر لە چ ڕوویەکی شیعری ڕویداوە؟

﴿A- ڕوخسار B- ناوەڕۆك C- ڕوخسار و ناوەڕۆك D- تەکنیك﴾

٨- لە کام قۆناغی شیعری کوردیدا خەباتی سیاسی ئەو سەردەمە خرایە ناودەقە شیعرییەکان؟

﴿A- ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) B- ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ ) C- ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) D- ( ١٩٧٥-١٩٩١ )﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
WWW.XWENDN.KRD
ئامادەیی (ئازادی)ی گوران
WWW.XWENDN.KRD
ئامادەیی (ساقا)ی ناحکومی

٩- شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨) زیاتر ڕووی لە چ شیعرێک کردووە؟
﴿A- کۆمەڵایەتی B- سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی C- دڵداری و ئەڤینی D- ستایشکردن﴾

١٠- لە کام قۆناغدا شیعر بوو بە هۆکارێک بۆ وشیارکردنەوەی میللەت لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیدا؟
﴿A- (١٩٣٩-١٩٥٨) B- (١٩٥٨- ١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)﴾

١١- لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) دا کام لەم شاعیرانە لەناوکۆڕی خەباتی سیاسی هاتە ناو جیهانی شیعری کوردی؟
﴿A- دڵدار B- نالی C- مەولەوی D- شێرکۆ بێکەس﴾

١٢- دووان لەو شاعیرانەی لەناوکۆڕی خەباتی سیاسی هاتنە ناو جیهانی شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٣٩ -١٩٥٨) بریتین لە :
﴿A- زێوەر و کامەران موکری B- هەردی و دیلان C- هێمن و گۆران D- هێمن و عەبدوڵا پەشێو﴾

١٣- یەکێک لەو شاعیرانەی کە لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨) لەناوکۆڕی خەباتی سیاسی هاتە ناو جیهانی شیعری کوردی کێ بوو؟
﴿A- کامەران موکری B- مەولەوی C- بێکەس D- گۆران﴾

١٤- دووان لەو شاعیرانەی لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨) لەناوکۆڕی خەباتی سیاسی هاتنە ناو جیهانی شیعری کوردی کێ بوون؟
﴿A- هەژار و شێخ نوری B- دیلان و پیرەمێرد C- دیلان و قانیع D- جگەرخوێن و هێمن﴾

١٥- لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) دا کام لەم شاعیرانە لەناوکۆڕی خەباتی سیاسی هاتە ناو جیهانی شیعری کوردی؟
﴿A- خانی B- هەژار C- جەوهەر کرمانج D- بێکەس﴾

١٦- کێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەست و نەستی کوردایەتی بەتەواوەتی شیعری کوردی قۆناغی یەکەمی داگیرکردووە؟ ﴿A- گۆران B- هەژار C- هێمن D- جگەرخوێن﴾

١٧- شیعری (کوردم ئەمن) هیی کام شاعیرە؟ ﴿A- دیلان B- هێمن C- هەژار D- جگەرخوێن﴾

١٨- شیعری (گەرچی تووشی ڕەنجەرۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن) هیی کام شاعیرە؟
﴿A- دیلان B- هەژار C- هێمن D- جگەرخوێن﴾

١٩- شیعری (ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم) هیی کام شاعیرە؟﴿A- دیلان B- هەژار C- هێمن D- جگەرخوێن﴾

٢٠- شیعری (ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم) دەکەوێتە بەر کام مەبەستی شیعری؟
﴿A- ئایینی B- دڵداری C- کۆمەڵایەتی D- کوردایەتی﴾

٢١- (ئالا من) یەکێکە لە شیعرەکانی: ﴿A- قەدری جان B- موئەیەد تەیب C- گۆران D- جگەرخوێن﴾

٢٢- لە چوار چێوەی نیشتمانپەروەریدا دێتە گۆڕەپانەکەو هەستی کوردانەی خۆی بۆ سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەردەبڕێت ﴿A- هێمن B- جگەرخوێن C- پیرەمێرد D- هەژار﴾

٢٣- (نیشانا جەنگی تو) نیوە دێری دوای ئەمە بریتییە لە :
A- ئالا سێ ڕەنگی تو B- بناڤ و دەنگی تو C- تو لسەر ملێن خورتێن جان D- ئەی خورتێن کوردان سلاڤێ لێ بکەن

٢٤- لە کام قۆناغی شیعری کوردی شاعیرانی کورد شیعریان بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلانی تر لە پێناو سەربەخۆیی نووسیوە؟
﴿A- (١٩٣٩-١٩٥٨) B- (١٩٥٨- ١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)﴾

٢٥- شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨) چ پەیامێکی هەڵگرتبوو؟
﴿A- ڕەگەزپەرستانەی B- مرۆڤایەتی C- داگیرکاریانەی D- یاخیبوونی﴾


مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

٢٦- لە کام قۆناغ شیعری کوردی پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو کە هەرگیز بەتەنیا لە بیری نەتەوەکەی خۆیدا نەبووە؟
A- (١٩٣٩-١٩٥٨)   B- (١٩٥٨-١٩٧٠)   C- (١٩٧٠-١٩٧٥)   D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٢٧- لە کام قۆناغ شیعری کوردی کانیاوی بیری ئازادیخوازی گەلانی تری جیهان بووە؟
A- (١٩٣٩-١٩٥٨)   B- (١٩٥٨-١٩٧٠)   C- (١٩٧٠-١٩٧٥)   D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٢٨- لایەنێکی تر لە ناوەڕۆکی شیعری کوردی قۆناغی (١٩٣٩ - ١٩٥٨) بریتی بوو لە باسکردنی بابەتی:
A- خۆشەویستی   B- سروشت   C- سیاسی   D- ئابوری

٢٩- لە کام قۆناغی شیعریدا باسکردنی سروشت لەو وەسفە ڕوتەی کە لە شیعری کلاسیکدا هەبوو دەربازبووە، بۆئەوە بووە کە هەستی ڕۆڵەی کورد بجولێنێت؟ A- ١٩٣٩-١٩٥٨   B- ١٩٥٨-١٩٧٠   C- ١٩٧٠-١٩٧٥   D- ١٩٧٥-١٩٩١

٣٠- کام لەم شاعیرانە دیمەنی سروشتی کوردستان کاری تێدەکات؟
A- لەتیف هەڵمەت   B- بێکەس   C- دیلان   D- کامەران موکری

٣١- شیعری (بەهار) لەلایەن کێ وتراوە؟ A- گۆران   B- بێکەس   C- دیلان   D- جگەرخوێن

٣٢- شیعری (وا بەهار دیسان تارای نە پۆشێ) هیی کێیە؟ A- گۆران   B- بێکەس   C- جگەرخوێن   D- دیلان

٣٣- لە کام قۆناغی شیعریدا بابەتی جوانیی ژن و کێشەکانی خراونەتەڕوو؟
A- (١٩٣٩-١٩٥٨)   B- (١٩٥٨-١٩٧٠)   C- (١٩٧٠-١٩٧٥)   D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٣٤- لە شیعری کام قۆناغدا (ژن) جیاوازتر باسیکراوە تەنیا لە چوارچێوەی جوانی ڕوخساریدا نەماوەتەوە؟
A- (١٩٣٩-١٩٥٨)   B- (١٩٥٨-١٩٧٠)   C- (١٩٧٠-١٩٧٥)   D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٣٥- لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) دا شاعیران وا باسی (ژن) یان کردووە کە وەك پیاو ئەرك و مافی هەیە و دەبێت بەشدار بێت لە کۆڕی:
A- خەباتی چینایەتی   B- سیاسی و تێکۆشان   C- کۆمەڵایەتی و ئابوری   D- کۆمەڵایەتی و سیاسی

٣٦- کام شاعیر دیمەنی دواکەوتوویی لەناو کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەکات؟ A- دڵدار   B- بێکەس   C- زێوەر   D- قانع

٣٧- شیعری (نەسرین) هیی کام شاعیرە؟ A- دیلان   B- بێکەس   C- جگەرخوێن   D- قانع

٣٨- شیعری (مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی      موحتاجی عیلم وفەن وخوێندنی) هیی کێیە؟
A- دڵدار   B- بێکەس   C- زێوەر   D- قانع

٣٩- یەکێك لەو شاعیرانەی کە باسی ئاوێتەکردنی ژن لەگەڵ کێشە سیاسییەکان دەکات؟
A- هەژارە   B- ئەحمەد هەردییە   C- دڵدارە   D- بێکەسە

٤٠- (ئاوێتەکردنی ژن لەگەڵ کێشە سیاسییەکاندا بوو بە هۆی ئەوەی ڕەنگدانەوەی ژن وەك خۆشەویست سەیرنەکرێت) ئەمە لە کام قۆناغی شیعردا دەردەکەوێت؟ A- (١٩٣٩-١٩٥٨)   B- (١٩٥٨-١٩٧٠)   C- (١٩٧٠-١٩٧٥)   D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٤١- (ئاوێتەکردنی ژن لەگەڵ کێشە سیاسییەکاندا وایکرد کە ژن تەنها وەك خۆشەویست سەیرنەکرێت) ئەمە شیعری کێ دەردەکەوێت؟
A- شێرکۆ بێکەس   B- بێکەس   C- ئەحمەد هەردی   D- گۆران

٤٢- دیارترین شاعیری قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) لە بواری خۆشەویستی بۆ ژن کێیە؟
A- دڵدار   B- بێکەس   C- زێوەر   D- ئەحمەد هەردی

٤٣- شیعری (چە پکە گوڵێك بۆ ست فاتمە) هیی کام شاعیرە؟ A- ئەحمەد هەردی   B- بێکەس   C- دیلان   D- قانع


WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

٤٤- شیعری ( گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە        هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە ) هیی کێیە؟

﴿A- دڵدار   B- بێکەس   C- زێوەر   D- ئەحمەد هەردی﴾

٤٥- شیعری ( گیانەکە ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە ) هیی کێیە؟ ﴿A- هێمن   B- دیلان   C- هەژار   D- ئەحمەد هەردی﴾

٤٦- لە شیعری کوردی قۆناغی ( ١٩٣٩- ١٩٥٨ ) کێشەی سەرەکی لە پاڵ کێشە سیاسییەکان بریتی بوو لە کێشەی:

﴿A- کۆمەڵایەتی و چینایەتی   B- ئاینی و کۆمەڵایەتی   C- ئابوری و کۆمەڵایەتی   D- یاسایی و ڕوناکبیری﴾

٤٧- لە شیعری کوردی کام قۆناغ کێشەی سەرەکی لە پاڵ سیاسی بریتیی بوو لە کێشەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی؟

﴿A- ( ١٩٣٩-١٩٥٨ )   B- ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ )   C- ( ١٩٧٠-١٩٧٥ )   D- ( ١٩٧٥-١٩٩١ )﴾

٤٨- لە کام قۆناغ سەرجەم دەقە شیعرییەکان پاڵپشتی چینی چەوساوە بوون و دژی زۆرداران وەستاونەتەوە؟

﴿A- ( ١٩٣٩-١٩٥٨ )   B- ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ )   C- ( ١٩٧٠-١٩٧٥ )   D- ( ١٩٧٥-١٩٩١ )﴾

٤٩- شیعری ( قەڵاچۆی دوژمن ) یەکێکە لە بەرهەمەکانی: ﴿A- حەمدی   B- هەردی   C- قانیع   D- دیلان﴾

٥٠- ( با هەموو جوتیار و پاڵەو ڕەنجبەران        یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان ) ئەمە بریتییە لە دێرە شیعری:

﴿A- بەهار   B- قەڵاچۆی دوژمن   C- بێشکەی منداڵ   D- ئەی کچە شوان﴾

٥١- ناوەڕۆکی شیعری ( قەڵاچۆی دوژمن ) بریتییە لە کێشەی:

﴿A- سیاسی   B- ژن   C- نەخوێندەواری   D- چینایەتی﴾

٥٢- لە قۆناغی یەکەمدا شاعیران ڕوویان لە کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی کردووە لەهەمان کاتدا بایەخیانداوە بە:

﴿A- ئاشتی و هاوخەباتی و مرۆڤدۆستی   B- یەکریزی و یەکگرتوویی   C- شەڕکردن و بەرگریکردن   D- بەرەنگاری﴾

٥٣- لە کام قۆناغ شاعیران ڕاستەوخۆ ڕوویان لەکێشەی سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی کردووە لەهەمان کاتیشدا بایەخیان بە ئاشتی و هاوخەباتی و مرۆڤدۆستی داوە: ﴿A- ١٩٣٩-١٩٥٨   B- ١٩٥٨- ١٩٧٠   C- ١٩٧٠-١٩٧٥   D- ١٩٧٥-١٩٩١﴾

٥٤- لە شیعری کوردی قۆناغی ( ١٩٣٩- ١٩٥٨ ) هەوڵ بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕوخسار و تەکنیکی شیعری دراوە لەلایەن:

﴿A- دیلان   B- هێمن   C- هەژار   D- پیرەمێرد﴾

٥٥- لە شیعری کوردی قۆناغی ( ١٩٣٩- ١٩٥٨ ) هەوڵ بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕوخسار و تەکنیکی شیعری دراوە لەلایەن:

﴿A- قەدری جان   B- گۆران   C- هەژار   D- قەدری جان و گۆران﴾

٥٦- یەکەمین هەوڵ بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕوخسار و تەکنیکی شیعری ساڵی چەند بوو؟

﴿A- ١٩٥٢   B- ١٩٣٩   C- ١٩٥٤   D- ١٩٥٧﴾

٥٧- پارچە شیعری ( ڕێگەی خەبات )ی دیلان ساڵی چەند نوسراوە؟ ﴿A- ١٩٥٠   B- ١٩٥٢   C- ١٩٥٤   D- ١٩٥٧﴾

٥٨- لە شیعری ( ڕێگەی خەبات ) کە شیعری کوردی بەرەو قالبێکی ئازاد دەبات هیی کێیە؟

﴿A- کامەران موکری   B- دیلان   C- هێمن   D- قەدری جان﴾

٥٩- پارچە شیعری ( ئەی کچە شوان ) لە ساڵی چەند نووسراوە؟ ﴿A- ١٩٥٤   B- ١٩٥٥   C- ١٩٥٦   D- ١٩٥٧﴾

٦٠- پارچە شیعری ( ئەی کچە شوان ) بەرهەمی کێیە؟ ﴿A- قەدری جان   B- گۆران   C- دیلان   D- کامەران موکری﴾

٦١- کامەران موکری لەشیعری ( ئەی کچە شوان ) دا ڕوو لە شیعری چی دەکات؟

﴿A- سەروادار   B- بێسەروا   C- پەخشانە شیعر   D- ئازاد﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر



ئامادەیی (ئازادی)ی کوران
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN

٦٢- لە کام قۆناغ زمانی شیعری بەرەو کوردیی پەتی هەنگاوی ناوە هەروەها فەرهەنگی شیعری زیاتر دەوڵەمەندکراوە؟
A- (١٩٣٩-١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٦٣- شاعیرانی کورد لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨) دا زمانی شیعریان دەوڵەمەندتر کرد بە سوودوەرگرتن لە:
A- فۆلکلۆری کوردی B- ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی C- ئەدەبیاتی خۆرئاوایی D- ئەدەبیاتی گەلانی تر

٦٤- شیعری (کاروانێ مە) هیی کێیە؟ A- پیرەمێرد B- دیلان C- قەدری جان D- جگەرخوێن

٦٥- لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨)دا بە سودوەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی گەلێ لە شاعیران، زمانی شیعری ئەو قۆناغەیان دەوڵەمەندتر کرد. یەکێ لەم شاعیرانە کە ئەم هەوڵەی داوە: A- هێمنە B- هەژارە C- بێکەسە D- قەدری جانە

٦٦- یەکێکە لەم شیعرانەی کە زمانی شیعرییان دەوڵەمەندتر کرد بە سودوەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی بریتییە لە:
A- نەورۆز B- بەهار C- ئاڵا من D- کاروانێ مە

٦٧- لە قۆناغی یەکەمدا دەوڵەمەندیی زمانی شیعر لەلایەك و فراوانبوونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشە بووە هۆی ئەوەی کە گۆڕان بەسەر کام لەمانەدا بێت؟ A- کێشی شیعر B- تەکنیکی شیعر C- سەروای شیعر D- وێنەی شیعر

٦٨- لە قۆناغی (١٩٣٩- ١٩٥٨) دا سرود بەرەو پێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لەگەڵ فراوانبوونی خەباتی:
A- کۆمەڵایەتی B- نەتەوایەتی C- چینایەتی D- ڕوناکبیری

٦٩- پیرەمێرد کام سرودی نووسیوە؟ A- ئەی ڕەقیب B- کوردستانی خۆش C- نەورۆز D- خوایە وەتەن ئاواکەی

٧٠- سرودی نەورۆز لە کام قۆناغی شیعر گوتراوە؟ A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨-١٩٧٠ C- ١٩٧٠-١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١

٧١- سرودی (نەورۆز) هیی کام شاعیرە؟ A- پیرەمێرد B- گۆران C- دڵدار D- حاجی قادری کۆیی

٧٢- لە کام قۆناغدا شیعری کوردی لە ڕووی تەکنیك و ناوەڕۆکەوە شیعر هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کۆمەڵی کوردەواری بوو؟
A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨-١٩٧٠ C- ١٩٧٠-١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١

٧٣- شیعری کوردی گوزارشتێکی ڕاستەقینەی ژیانی ئاسایی خەڵك بوو لە قۆناغی:
A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨-١٩٧٠ C- ١٩٧٠-١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١

٧٤- شاعیرانی کورد لە کام قۆناغدا زمانحاڵی بەوەفای میللەتەکەی خۆیان بوون و لە سەنگەری میللەت خۆیان جیانەکردووەتەوە؟
A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨-١٩٧٠ C- ١٩٧٠-١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١

٧٥- شاعیرانی کورد لە کام قۆناغ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردیان بەرجەستەکردووە؟
A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨-١٩٧٠ C- ١٩٧٠-١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- B | ٢- A | ٣- D | ٤- D | ٥- D | ٦- A | ٧- B | ٨- A | ٩- B | ١٠- A |
| ١١- A | ١٢- B | ١٣- A | ١٤- D | ١٥- B | ١٦- C | ١٧- B | ١٨- C | ١٩- C | ٢٠- D |
| ٢١- D | ٢٢- B | ٢٣- D | ٢٤- A | ٢٥- B | ٢٦- A | ٢٧- A | ٢٨- B | ٢٩- A | ٣٠- C |
| ٣١- C | ٣٢- D | ٣٣- A | ٣٤- A | ٣٥- B | ٣٦- B | ٣٧- B | ٣٨- B | ٣٩- D | ٤٠- A |
| ٤١- B | ٤٢- D | ٤٣- A | ٤٤- D | ٤٥- D | ٤٦- A | ٤٧- A | ٤٨- A | ٤٩- C | ٥٠- B |
| ٥١- D | ٥٢- A | ٥٣- A | ٥٤- A | ٥٥- D | ٥٦- C | ٥٧- C | ٥٨- B | ٥٩- D | ٦٠- D |
| ٦١- D | ٦٢- A | ٦٣- A | ٦٤- C | ٦٥- D | ٦٦- D | ٦٧- D | ٦٨- B | ٦٩- C | ٧٠- A |
| ٧١- A | ٧٢- A | ٧٣- A | ٧٤- A | ٧٥- A | | | | | |

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی گوران
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

## قۆناغی دووەم ساڵی (١٩٥٨- ١٩٧٠)ز

پ١/ مێژووی شیعری کوردی لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٠)دا پەیوەستە بە دوو ڕوداوی سیاسی گرنگ لە عێراق کە بریتین لە:

و/ ١- شۆڕشی چواردەی تەممووزی (١٩٥٨)ز ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی بەسەر باری ڕوناکبیری و ئەدەبی گەلانی عێراق بە گشتی و کورد بە تایبەتی هەبوو.

٢- سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٦١)ز کە ئەم ڕووداوە سیاسییە ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی دیار کاریگەری بەسەر باری ڕوناکبیری و ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عێراقدا هەبوو.

### یەکەم: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

پ٢/ هەڵوێستی شیعری کوردی چۆن بوو؟ لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ تەممووزی ١٩٥٨ بەرامبەر بە شۆڕش؟ باسی بکە؟

و/ شیعری کوردی هەر لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی (١٩٥٨)ەوە، ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستە پاڵ ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە، بەهیوای ئەوەی کە لەسایەی شۆڕشدا کورد بە مافە سیاسییەکان شادبێت هەر ئەم تێڕوانینەش بۆ شۆڕش لەم قۆناغەدا وایکرد کە شاعیرانی کورد دەیان شیعر بۆ شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕشدا بڵێن، بەرگرییان لەو دەسکەوتانەی دەکرد کە شۆڕش بەدەستی هێنابوو.

پ٣/ ئەو هیوایەی کە کورد بە شۆڕشی تەممووز هەیبوو زوو پوکایەوە؟ بۆچی؟ دەقی شیعری کوردی لەسەرەتای شەستەکاندا ڕەنگپێدەرەوەی چی بوو؟

و/ ئەو هیوایەی کە کورد بە شۆڕشی تەممووز هەیبوو هەر زوو پوکایەوە، چونکە بەرەبەرە پشت لە ماف و خواستەکانی گەلی کورد کرا. لێرەدا دەتوانین بڵێین: شاعیرانی کورد هەر لەسەرەتاوە درکیان بەو پاشگەزبوونەوەیەی سەرکردایەتی شۆڕش بەرامبەر بە گەلی کورد کردبوو. بۆیە دەبینین کۆمەڵێک دەقی شیعری کوردی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو نائومێدییەی کورد بەرامبەر بە شۆڕش دەردەخەن.

پ٤/ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول چ کاریگەرییەکی لەسەر شیعری کوردی هەبوو؟

و/ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١)زدا، شیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگە و زیاتر جەختیان لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکردەوە.

پ٥/ سیمای هەرەدیاری ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەقۆناغی (١٩٥٨- ١٩٧٠) بۆ چ مەبەستێک بوو؟

و/ سیمای هەرەدیاری ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەم قۆناغە مەبەستی سیاسی و نەتەوایەتی بوو.

پ٦/ بەشداری ڕاستەوخۆی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شان بەشانی پێشمەرگە لە شیعری کێدا دەردەکەوێت؟ دوو دێر بنووسە.

و/ ئەم بەشدارییە ڕاستەوخۆیەی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شان بەشانی پێشمەرگە لەم شیعرەی (هەژاری موکریانی) دەردەکەوێت.

#### سروودێک بۆ پێشمەرگە

نیشتمانی کورد، گەلێک پیرۆزی، سوێندت پێ ئەخۆم
بۆ سەربەخۆییت بە گیان و بەماڵ، بە قوربانی تۆم
زۆر لاوی ئازات، لە کۆڕی خەبات، خوێنی خۆیان ڕشت
زۆر شێخ و پیران، لە زانا و ژیران، خۆیان دا بە کوشت

پ٧/ لەماوەی (١٩٥٨- ١٩٧٠) بایەخدان بە کێشەی نەتەوایەتی لای شاعیران بووە هۆی چی؟ باسی بکە؟

و/ ئەم بایەخدانە بە کێشەی نەتەوایەتی، نەک هەر نەبووە هۆی ئەوەی کە ئاسۆی بەردەمی شاعیران تەسک بکاتەوە، بەڵکو فراوانتری کرد و شاعیرانی کورد لە پاڵ ئاوڕدانەوە لەخەباتی نەتەوەکەیان باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی تری مافخوراو کردەوە، هەروەک چۆن (کامەران موکری) ڕوو لە (شۆڕشی گەلی جەزائیر) دەکات و (دیلان) پشتگیری شۆڕشی (کۆنگۆ) دەکات.

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN

## دووەم: لە ڕووی ڕوخسارەوە

پ٨/ لە قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠)دا بابەتی سەرەکی ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکان چی بوو؟ زمانی شیعری لە چوارچێوەی چ بابەتێک دەسوڕایەوە؟

و/ لەم قۆناغەدا بە هۆی ئەوەی بابەتی سەرەکی لە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکاندا سیاسی بوو، ئەوا زمانی شیعریش لە چوارچێوی هەمان بابەتدا دەسوڕایەوە.

پ٩/ سۆزی شاعیران لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا واتە لە ماوەی (١٩٥٨-١٩٦١) هەڵگری چی بوون؟ وشە شیعرییەکان چۆن بوون؟

و/ سۆزی شاعیران لەماوەی (١٩٥٨-١٩٦١)ز هەڵگری سیمای خۆشی وشادی بوو بەرامبەر بە شۆڕش و نومێدی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد بوو، هەربۆیەش ئەو وشە شیعریانەی لەم ماوەیە دەقی شیعریان پێدەنووسرا شادی و گەشبینی و نومێدی تێدا دەبینرا.

پ١٠/ بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ زمانی شیعری چی بەسەرهات؟ بۆچی؟

و/ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ماوەی (١٩٦١-١٩٧٠)ز زمانی شیعر بەرگی خەم وپەژارە و نائومێدی پۆشی بە تایبەتی لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشدا، چونکە لەم ماوەیەدا ڕژێم بەوپەڕی توندوتیژی کوردی دەچەوساندەوە و کوردستانی کاولدەکرد.

پ١١/ خەباتی گەلی کوردو سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە زمانی شیعری بەرەو چی برد لە ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٠)ز؟

و/خەباتی گەلی کوردو سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە تیشکی گەشبینی پەخشدەکرد هەر بۆیە زمانی شیعریش بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرەنگاربوونەوە و چۆکدانەدان دەڕۆیشت.

پ١٢/ ئایا لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ساڵی (١٩٦١) شیعر تەنیا بە مەبەستی دەرخستنی توانستی زمانی شیعری بوو؟

و/ شیعر لەم سەردەمەدا ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی پەیامەکە بوو، ئەوەندە مەبەستی دەرخستنی توانستی زمانی شیعری نەبوو

پ١٣/ لەم قۆناغی (١٩٥٨-١٩٧٠) شاعیران چ کێش و سەروایەکیان پەیڕەوکردووە؟

و/ لە ڕووی (کێش و سەروا)وە شیعری ئەم سەردەمە زیاتر کێشی بڕگەیی و سەروای مەسنەوی (جووت سەروا)ی پەیڕەوکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا لای (دیلان و قەدری جان) شێوازی بەکارهێنانی سەروا تارادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەقە شیعرییەکان بەرەو بنیاتی شیعری ئازاد براون. بەڵام دیارە ئەم هەوڵانەی لەم سەردەمەدا لە پێناوی گۆڕینی قالبی شیعریدا دراون هەوڵی تاکە کەس بوون و نەبوون بە دیاردە.

پ١٤/ هەوڵی گۆڕینی قالبی شیعری (کێش و سەروا) لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا لەشیعری کێدا دەبینرێ و چۆن بوو؟

و/ ئەو هەوڵە نوێگەرییەی کەلە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی (سوارەی ئیلخانی زادە) دەبینرێن لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا هەر لە بازنەی هەوڵی تاکەکەسیدا مایەوە و نەبوو بە ڕەوتێکی دیاری شیعری کوردی لەم قۆناغەدا.

پ١٥/ شیعری (بێشکەی منداڵ) هیی کێیە؟ بەچ سەروایەك نوسراوە؟ شاعیر دژی کێ وەستاوە و لەگەڵ کێیە؟ کۆپلەیەك لە شیعرەکەی بنوسە.

و/ (بێشکەی منداڵ) هیی (گۆران)ە، بەئاشکرا (سەروای تازە) دەبینرێت کە شاعیر دژی شەڕ و شەڕخوازان وەستاوە و لەگەڵ ئاشتی دایە.

### بێشکەی منداڵ

ئای چەند خۆشە: ماڵێك بێ وا
ڕووی دنیا، ئەم پەڕ تا ئەوپەڕ
دڵنیا بین بێشکەی ساوا
نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ







WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

## خۆت تاقیبکەوە / قۆناغی دووەم ... ساڵی (١٩٥٨ - ١٩٧٠)ز

١- شیعری کوردی هەر لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ تەمموزی ساڵی (١٩٥٨)ەوە، چ هەڵوێستێکی هەبوو؟
A- ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستە پاڵ ئامانجەکانی شۆڕش B- خۆی دوورە پەرێزگرت
C- لەدژی شۆڕشەکە وەستایەوە D- هیچ هەڵوێستێکی نەنواند

٢- ئەو هیوایەی کە کورد بە شۆڕشی تەمموز هەیبوو هەر زوو پوکایەوە، چونکە:
A- شۆڕشەکە دژی کورد بوو B- شۆڕشەکە هەرەسی هێنا
C- شۆڕشەکە دەستی پێنەکرد D- بەرەبەرە پشت لە ماف و خواستەکانی گەلی کورد کرا

٣- کەی شیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگە؟ ﴿A- ١٩٥٨ B- ١٩٦١ C- ١٩٧٠ D- ١٩٧٥﴾

٤- سیمای هەرە دیاری ناوەرۆکی شیعری کوردی قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠) مەبەستی:
﴿A- سیاسی و کۆمەڵایەتی B- سیاسی و ئایینی C- سیاسی و نەتەوایەتی D- نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی﴾

٥- بەشداری ڕاستەوخۆی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شانبەشانی پێشمەرگە لە شیعری کێدا دەبینرێت؟
﴿A- هەژار B- پیرەمێرد C- هێمن D- بێکەس﴾

٦- شیعری (سرودێک بۆ پێشمەرگە) هی کێیە؟ ﴿A- هێمن B- دیلان C- هەژار D- بێکەس﴾

٧- شیعری (نیشتمانی کورد، گەلێك پیرۆزی، ...) هی کێیە؟ ﴿A- هەژار B- پیرەمێرد C- هێمن D- بێکەس﴾

٨- شیعری (نیشتمانی کورد، گەلێك پیرۆزی ، سوێندت پێ ئەخۆم) لە کام قۆناغی شیعری کوردی نوسراوە؟
﴿A- (١٩٣٩-١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٧٥) D- (١٩٧٠-١٩٩١)﴾

٩- لە پاڵ ئاوڕدانەوە لە خەباتی نەتەوەکەیان شیعریان بۆ خەباتی گەلانی تر وتووە:
﴿A- هەژار و هێمن B- پیرەمێرد و گۆران C- خانی و نالی D- کامەران موکری و دیلان﴾

١٠- شاعیرانی کورد لە پاڵ ئاوڕدانەوە لەخەباتی نەتەوەکەیان باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی تری مافخوراو کردەوە، کام شاعیر ڕوو لە شۆڕشی گەلی جەزائیر دەکات؟ ﴿A- کامەران موکری B- دیلان C- گۆران D- هەژار﴾

١١- شاعیرانی کورد لە پاڵ ئاوڕدانەوە لەخەباتی نەتەوەکەیان باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی تری مافخوراو کردەوە، کام شاعیر پشتگیری شۆڕشی کۆنگۆ دەکات؟ ﴿A- کامەران موکری B- دیلان C- گۆران D- هەژار﴾

١٢- بە هۆی بایەخدان بە کێشەی نەتەوایەتی لە قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠) دا ئاسۆی بەردەم شاعیران چی بەسەر هات؟
﴿A- وەکو خۆی مایەوە B- بەرتەسکبووەوە C- فراوانتری کرد D- نەی هێشت﴾

١٣- زمانی شیعری لە قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠) دا لەچوارچێوەی چ بابەتێکدا دەسوڕایەوە؟
﴿A- سیاسی B- کۆمەڵایەتی C- یاسایی D- ئایینی﴾

١٤- سۆزی شاعیران لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦١) هەڵگری سیمای چی بووە؟
﴿A- خەم و پەژارە B- خۆشی و شادی C- پەژارە و ئائومێدی D- بێ هیوایی و بێ ورەیی﴾

١٥- کەی سۆزی شاعیران هەڵگری سیمای خۆشی وشادی بوو؟
﴿A- (١٩٣٩ تا ١٩٥٨) B- (١٩٥٨ تا ١٩٦١) C- (١٩٦١ تا ١٩٧٠) D- (١٩٧٠ تا ١٩٧٥)﴾

١٦- زمانی شیعر لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦١ - ١٩٧٠) بەرگی چی پۆشی؟
﴿A- خەم و پەژارە B- خۆشی و شادی C- سەرکەوتن و سەربەرزی D- ورە بەرزی﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی کوران
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN



ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر

١٧- کەی زمانی شیعر بەرگی خەم و پەژارە و نائومێدی پۆشی؟
A- (١٩٣٩ تا ١٩٥٨) B- (١٩٥٨ تا ١٩٦١) C- (١٩٦١ تا ١٩٧٠) D- (١٩٧٠ تا ١٩٧٥)

١٨- لەکام لەم ماوانە شیعری کوردی بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرەنگاری و چۆکدانەدان دەڕۆیشت؟
A- ١٩٣٩ - ١٩٥٨ B- ١٩٥٨ - ١٩٦١ C- ١٩٦١ - ١٩٧٠ D- ١٩٧٠ - ١٩٩١

١٩- لە کام لەم ماوانە شیعری کوردی ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی بووە، ئەوەندە مەبەستی دەرخستنی توانستی زمانی شیعری نەبووە؟ A- ١٩٣٩ - ١٩٥٨ B- ١٩٥٨ - ١٩٦١ C- ١٩٦١ - ١٩٧٠ D- ١٩٧٠ - ١٩٩١

٢٠- سەروای شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠) چی بوو؟
A- جووت سەروا B- سەروای یەکگرتوو C- بێسەروا D- سەروای بەنۆرە

٢١- شاعیران لە قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠) سەروای چییان پەیڕەوکردووە؟
A- سەروای مەسنەوی B- سەروای یەکگرتوو C- بێ سەروا D- سەروای بەنۆرە

٢٢- شاعیران لە قۆناغی دووەمدا چ کێشێکیان بەکارهێناوە؟ A- عەرووز B- برگەیی C- ئازاد D- هەموویان

٢٣- شاعیران لە قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٧٠) چ کێش و سەروایەکیان پەیڕەوکردووە؟
A- کێشی عەرووز و سەروای یەکگرتوو B- کێشی برگەیی و سەروای یەکگرتوو
C- کێشی خۆماڵی و بێسەروا D- کێشی برگەیی و سەروای مەسنەوی

٢٤- لە قۆناغی دووەمدا شێوازی بەکارهێنانی سەروا تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتوو و دەقە شیعرییەکان بەرەو بنیاتی شیعری ئازاد بڕاون، ئەمە لای کێ دەبینرێت؟
A- هەژار و هێمن B- دیلان و قەدری جان C- گۆران و هێمن D- گۆران و پیرەمێرد

٢٥- هەوڵی گۆڕینی قالبی شیعری لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا لە شیعری کێدا بەرچاو دەکەوێت؟
A- ڕوقیەی قادری B- هێمن C- ڕەحیمی قازی D- سوارەی ئیلخانی زادە

٢٦- شیعری (بێشکەی منداڵ) هی کێیە؟ A- پیرەمێرد B- هەژار C- دیلان D- گۆران

٢٧- شیعری (بێشکەی منداڵ) بە ئاشکرا چ سەروایەکی تێدا دەبینرێت؟ A- کۆن B- تازە C- یەکگرتوو D- مەسنەوی

٢٨- گۆران لە شیعری (بێشکەی منداڵ): A- دژی شەڕ و شەڕخوازانە B- دژی دەرەبەگە C- دژی کرێکارانە D- جووتیارانە

٢٩- (ئای چەن خۆشە ماڵێك بێ وا) ئەمە دێڕێکە لە شیعری:
A- ڕووبارێکی خوێناوی B- گینگڵ C- ئەی کچە شوان D- بێشکەی منداڵ

٣٠- (دڵنیا بن بێشکەی ساوا) نیوە دێڕی دوای ئەمە بریتییە لە:
A- ئای چەن خۆشە ماڵێك بێ وا B- ژێربێشکەی منداڵیان پاکە C- ڕووی دنیا، ئەم پەڕ تا ئەوپەڕ D- نابێ بەخۆڵەمێشی شەڕ

٣١- (دڵنیا بن بێشکەی ساوا نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ) ئەم دێڕە شیعرە هی کێیە؟
A- گۆران B- هەژار C- دیلان D- جەمیل ڕەنجبەر

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A -١٠ | D -٩ | B -٨ | A -٧ | C -٦ | A -٥ | C -٤ | B -٣ | D -٢ | A -١ |
| A -٢٠ | C -١٩ | C -١٨ | C -١٧ | A -١٦ | B -١٥ | B -١٤ | A -١٣ | C -١٢ | B -١١ |
| D -٣٠ | D -٢٩ | A -٢٨ | B -٢٧ | D -٢٦ | D -٢٥ | B -٢٤ | D -٢٣ | B -٢٢ | A -٢١ |
| | | | | | | | | | A -٣١ |



ئامادەیی (ئازادی)ی گۆران
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

# قۆناغی سێیەم (١٩٧٠- ١٩٩١)

پ١/ ڕێرەوی شیعری کوردی قۆناغی (١٩٧٠-١٩٩١) دابەش دەبێت بۆ دوو ماوەی جیاواز؟

و/ ئـ/ ڕێرەوی شیعری کوردی لەنێوان سالآنی (١٩٧٠- ١٩٧٥) ماوەی یەکەمی قۆناغی سێیەم.

ب) ڕێرەوی شیعری کوردی لەنێوان سالآنی (١٩٧٥-١٩٩١) ماوەی دووەمی قۆناغی سێیەم.

پ٢/ لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥)دا شیعری کوردی چۆن بوو؟ بەهۆی چی گۆڕانی بەسەرداهات؟

و/ شیعری کوردی لەم قۆناغەدا گۆڕانی زۆری بەسەرداهات بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووتر، ئەمەش بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەوە بوو کە شۆڕش هێنایەکایەوە.

پ٣/ ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) ماوەیەکی کورتە، بەلآم تابڵێی گرنگ وکاریگەر بوو؟

و/ ماوەی نێوان سالّی (١٩٧٠-١٩٧٥) ماوەیەکی کورت و کە مخایەن بوو، بەلآم تا بڵێی گرنگ و کاریگەر بوو هەروەك کاردانەوەی گەورەی بەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی بەجێهێشت، ئەم گۆڕانەش ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعری گرتەوە.

پ٤/ دیارترین سیمای شیعری لەماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) چی بوو؟ چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر گۆڕینی شیعری کوردی؟

و/ دیارترین سیمای شیعری لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە سەرهەڵدانی گروپی (ڕوانگە) لە سالّی (١٩٧٠)دا، ئەم گروپە توانی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر ببینێت، لەو گۆڕانانەی کە بەسەر ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعری قۆناغەکەدا هات، ئەو ڕۆڵەش لە شیعری کوردی دا تا سالآنێکی زۆر بەردەوام بوو.

پ٥/ تێروانینی شاعیرانی ڕوانگە بۆ شیعر چی بوو؟ دەیانویست شیعر پەیامی چی بگەیەنێت؟

و/ شاعیرانی ڕوانگە هەڵگری تێروانینێکی جیاوازبوون بۆ شیعر، ئەوان لە پاڵ ئەو گۆڕانەی بەسەر ڕوخساری شیعریاندا هێنا، دەیانویست شیعر پەیامی یاخیبوون بگەیەنێت، ئەم هەستەش بەجۆرێك بوو تێکڕای شیعری کوردی لەم قۆناغەدا گرتبووەوە.

پ٦/ لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) شیعری کوردی هەڵگری چی بوو؟ چ پەیامێکی هەبوو؟ دژی چی بوو؟

و/ شیعری کوردی ئەم قۆناغە هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی قوڵ بوو، کەئەویش بریتی بوو لەو پەیامەی کە بەرگری لە پاراستن و مانەوەی نەتەوەی کورد دەکرد، شیعر دژی جەور و ستەم و زۆرداری دوژمن دەوەستایەوە و لەم بوارەدا وەك هێزێکی کاریگەر ڕۆڵی بینیوە، ئەم هەستە بە ئەندازەیەك کاریگەربوو کە ڕەنگە کەم شاعیری کورد ببینین کە شیعری بۆ کورد و سەربەخۆیی کوردستان نەنووسیبێت.

پ٧/لە شیعری کوردیدا لە پاڵ ئەو ناوەڕۆکە باوەی کەشیعری کوردی پێ دەناسرێتەوە چ بابەتێکی نوێی شیعری بەرچاودەکەون؟

و/ شیعرلە پاڵ ئەو ناوەڕۆکە باوەی کە شیعری کوردی قۆناغەکانی پێشووی پێدەناسرێتەوە لە بابەتی وەك (خۆشەویستی و نیشتمانی) گەلێك بابەتی نوێ لە شیعری ئەم قۆناغەدا بەرچاودەکەون وەك بابەتی:

﴿ مرۆڤ و مرۆڤایەتی - ژیان و مردن - شارستانیەت - ژن وەك خاوەن کێشەیەك ...هتد﴾

پ٨/ شیعری کوردی لە(١٩٧٠- ١٩٧٥)دا هەڵگری چ بیرێك بوو؟ چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ قۆناغی پێشوو؟

و/ شیعر لەم قۆناغە هەڵگری بیری فەلسەفی و مەعریفی بوو، بە تایبەتی ئەو بیرە فەلسەفییانەی کە سەرچاوەکەی خۆرئاوای هاوچەرخ بوو، ئەمە لە کاتێکدا شیعری کوردی لە قۆناغەکانی پێشووتر سەرچاوەی بیرە فەلسەفییەکەی لە کلتوری خۆرهەلآتەوە وەرگیرابوو.

ماموستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان
WWW.XWENDN.KRD
WWW.XWENDN.KRD

**پ٩/** دیارترین خاسییەتی شیعری کوردی لەماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) چییە؟ چەند جۆرە باسی بکە؟

**و/** یاخیبوون دیارترین خاسییەتی شیعری کوردی ئەم قۆناغە بوو، لە بنەڕەتدا دوو جۆر یاخیبوون هەیە کە بریتین لە:

١- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی: یاخیبوونە لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان.

٢- یاخیبوونی سیاسی: ئەم جۆرە یاخیبوونەش لە پێناوی ئازادی و سەربەستی مرۆڤە.

**پ١٠/** کام شاعیر لە شیعرەکانیدا وێنەی (یاخیبوون) پیشاندەدات؟ و سودی لەچی بینیوە؟ نمونەیەک لە شیعرەکەی بنووسە.

**و/** (لەتیف هەڵمەت) وێنەی (یاخیبوون) پیشاندەدات، یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی قۆناغەکە، بەسود بینین لە ئەفسانە و هێما مێژووییەکانی ناو کلتوری نەتەوەی جیهانی. دەڵێت:

**یاخی بن**

پێتان ئەڵێم... یاخی بن... یاخی بن

لەم هەموو نەخشە و باجە

یاخی بن لەم مەیدانە....لەم گەراجە

کە مرۆڤی وەک ئامراز تیایا هەڕاجە

**پ١١/** فەلەسەفەی ژیان و مردن چۆن لە شیعری ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥)دا ڕەنگی داوەتەوەوە؟ شاعیران چۆن لێیان ڕوانیوە؟

**و/** فەلەسەفەی ژیان و مردن مەبەستێکی ترە لەو مەبەستە گرنگانەی کەلە شیعری قۆناغەکەدا هەبوو، لێرەدا شاعیرانی کورد وەک بابەتێکی گرنگ لەم پرسە دواون، تێڕوانینی هزری و فەلسەفی خۆیان لەم بارەیەوە خستووەتەڕوو، هەندێکیان ڕەشبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە و بەشتێکی دەمامککراوی کاتییان زانیوە بەڵام هەندێکی تریان گەشبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە و ڕووە گەشەکانیان بەرجەستەکردووە.

**پ١٢/** پرسیارە فەلسەفییەکانی شاعیران لەماوەی (١٩٧٠-١٩٧٥) لە چواچێوەی چی بووە؟ چۆن وەڵامیان داوەتەوە؟

**و/** پرسیارە فەلسەفییەکانی شاعیران لە چوارچێوەی ژیان و مردندا بوون و دواجار هەر خۆیان ڕەشبینانە وەڵامیان داونەتەوە، یاخود وەڵامی پرسیارەکانیان بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە.

**پ١٣/** کام شاعیر تێڕوانینی بۆ ژیان و مردن خستۆتەڕوو؟ لە کام شیعریدا؟ کۆپلەیەک لە شیعرەکەی بنووسە.

**و/** (شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (گینگڵ) بەڕوونی تێڕوانینی خۆی دەربارەی (ژیان و مردن) دەخاتەڕوو، دەڵێت:

**گینگڵ**

ویستم ئەوە لە زەریایەک بگەیەنم

گەر جۆگەکان نەبن .... ناژی

خنکاندمی

ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم

گەرهەورەکان نەبن .... ناژی

سوتاندمی

تۆ کێی - تۆ کێی؟

هەتاوێکم بەبێ ئاسۆ ....

**پ١٤/** ئایا شاعیرانی ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیان؟ باسی بکە؟

**و/** شاعیرانی ئەم قۆناغە کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیان واتە لە هەوڵی ئەوەدابوون کە لە شیعری ئەوان لابدەن، تەنیا لەو کاتانەدا سوودیان لێبینیون کەشیعرەکانیان درێژەپێدەری ڕەوتی یاخیبوونی ئەم شاعیرانە بووە لەگەڵ ئەمەشدا

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

## ڕوخساری شیعری کوردی لەنێوان سالانی (١٩٧٠ - ١٩٧٥)ز

* چۆن گۆڕان بەسەرناوەرۆکی شیعری کوردی ئەم ماوەیەدا هات بە هەمان شێوە گۆڕان بەسەر ڕوخساری شیعری کوردیدا هات.

پ١٥/ وێنەی شیعری چییە؟ لەماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) چۆن بوو باسییکە؟ وێنەی چۆن بەکارهاتوون و سەرچاوەکەیان لە چییەوە هاتووە؟

و/ وێنە شیعری یەکێکە لە خالە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر فۆرم و تەکنیکی شیعری کوردیدا هات. وێنەی شیعری بەتەواوەتی خۆی دەربازکردووە لە لاساییکردنەوە و وێنەی دووبارە، گەلێك وێنەی شیعری جوان بەکارهاتووە، سەرچاوەکەی لە ڕوداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوەیی و جیهانییەکانەوە وەرگیراون.

پ١٦/ ئایا لە شیعری (١٩٧٠- ١٩٧٥) وێنەی ڕوتی ڕەوانبێژی بەکارهاتووە؟ بۆچی؟

و/ لە شیعری ئەم ماوەیەدا وێنەی ڕوتی ڕەوانبێژی بەکارنەهاتووە. بەلکو وێنەی شیعری لەم ماوەیەدا لە پێناوی گەیاندنی پەیامێکیدا بووە و مەبەستێکی تایبەتی لەگەلدا بووە.

پ١٧/ گۆڕان لە شیعردا چۆن ڕودەدات؟ لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) شاعیران هەولیانداوە وشەکان چۆن بەکاربهێنن؟

و/ ئاشکرایە هیچ گۆڕانێك لە شیعر بەبێ گۆڕان لە زمانی شیعردا ڕونادات، شیعر زمانێکی جیاوازی هەیە کە لە زمانی خەلك جیاوازە. شاعیران لەم قۆناغەدا هەولیانداوە وشەکان لەناو دەقە شیعرییەکاندا لە ئامازە کۆنەکان دابڕن ئامازەی نوێیان بدەنێ، (واتای فەرهەنگی) لە وشەکان دادەمالێت واتای نوێیان پێ دەبەخشێ. ئەو گۆڕانەی لە بەکارهێنانی وشەدا بەڕادەیەکە، کە زمانێکی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیردەکات. ئەمەش وادەکات وشەکان ڕاستەوخۆ واتا بەدەستەوە نەدەن.

پ١٨/ لەماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) زمانی شیعری چۆن بووە؟ لە چوار چێوەی چی دەسوڕایەوە؟

و/ زمانی شیعری لەم قۆناغەدا ئالۆزە و خوێنەری شیعر بەئاسانی لە واتای وشەکان ناگات. لەم ماوەیەدا زمانی شیعری لە چوارچێوەی کوردیی پەتیدا دەسوڕایەوە، بەلام لە ئاستێکی دەولەمەندتر لە زمانی پەتی قۆناغەکانی پێشووتر. سەرەڕای ئەو ئالۆزییەی لە زمانی شیعری ئەم قۆناغەدا بەرچاودەکەوێت گەلێك دەقی شیعر لەم قۆناغەدا دەبینین لە پێناو گەیاندنی مەبەستی ڕاستەوخۆی شیعرەکاندا بە شێوەیەکی سادە خراونەتە بەردەست.

پ١٩/ ئەو وشەو زاراوە نوێیانە چی بوون کەلە (١٩٧٠- ١٩٧٥) هاتنە ناو شیعری کوردییەوە؟

و/ گەلێك وشەو زاراوە نوێیانەی هاتنە ناو زمانی شیعرەوە وەك: (ئەهریمەن ، ئاهوڕامزدا ، گیڤارا ، زەردەشت ، ئاڤێستا ...)

پ٢٠/ لە ڕوی تەکنیکەوە لەماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥)دا چ لایەنێکی تری گرنگ لەشیعر دەرکەوت؟

و/ لایەنێکی تر لەم بابەتە گرنگی زۆری هەیە بریتییە لە بەکارهێنانی (هێما و نیشانە) لە دەقە شیعرییەکاندا بە هێما و نیشانەی خۆمالی و جیهانییەکانەوە.

پ٢١/ لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) کێشی شیعری چۆن بوو؟

و/ سەبارەت بە کێشی شیعری شاعیرانی کورد زیاتر پەیڕەویان لە شیعری ئازاد کردووە.

پ٢٢/ لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) بەرهەمە چاکەکانی شیعری ئازاد دەشاردرانەوە؟ بۆچی؟

و/ لەگەل کرانەوەی ڕێچکەکەشدا دیاردەی مامەلەکردنێکی جۆراوجۆر لەگەل چەمکی شیعری ئازاد سەری هەلدا و بووە هۆی ئەوەی کە زۆرجار هەرسێ چەمکی (شیعری ئازاد و شیعری بێسەروا و پەخشانە شیعر) تێکەل بکرێت، بەمەش تا ڕادەیەك بەرهەمە چاکەکانی شیعری ئازاد دەشاردرانەوە.

پ٢٣/ دیارترین شەقلی شیعری ئازادی کوردی دوای بلاوبوونەوەی بانگەوازی ڕوانگە چی بوو؟

و/ دیارترین شەقلی شیعری ئازادی کوردی دوای بلاوبوونەوەی بانگەوازی ڕوانگە لەوەدا بوو ڕوویان کردە بەکارهێنانی کێشی (چوار برگەیی و هەشت برگەیی).

WWW.XWENDN.KRD

پ٢٤/ بۆچی لە ماوەی (١٩٧٠-١٩٧٥) سەروا بەهەمان شێوەی کێش مامەڵەی لەگەڵ کراوە؟

و/ (سەروا)ش بەهەمان شێوەی بەکارهێنانی کێش مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، چونکە سەروای (یەکگرتوو) و (مەسنەوی) یان بەکارنەهێناوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئازادانە مامەڵەی لەگەڵداکراوە.

پ٢٥/ تەکنیکی شیعری لە(١٩٧٠- ١٩٧٥)دا سودی لە چی بینیوە؟ چۆن؟

و/ تەکنیکی شیعری ئەم ماوەیە سودی لە داستانی میللی و فۆلکلۆرییەکانی ناو کلتوری کوردی و جیهانی بینیوە ئەم سودبینینەش ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت.

پ٢٦/ لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥)دا لەگەڵ شتە بێگیانەکان چۆن مامەڵەکراوە و لە شیعری کێدا دەبینرێت؟

و/ خاڵێکی تر لە تەکنیکی شیعری ئەم ماوەیەدا بریتییە لەوەی وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ شتە بێگیانەکان کراوە. هەرچەندە لە قۆناغی پێشووتردا ئەم حاڵەتە بە شێوەی تر لە شیعری (گۆران)دا دەبینرێت. ئەم حاڵەتەش بریتییە لەوەی کە شاعیر لەجیاتی ئەوەی پاڵەوانەکانی لە مرۆڤ دروستبکات، پاڵەوانی دەقەکانی لە شاخ و دەشت و ئاو ... هتد دروستکردووە.

پ٢٧/ ڕۆڵی دەنگی شاعیرانی ژن لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥)دا چۆن بوو؟ چ کاریگەریەکیان لەسەر شیعری کوردی قۆناغی دواتر هەبوو؟ نمونەی ئەم شاعیرانە کێن؟

و/ لایەنێکی تری گرنگ لە شیعری ماوەی ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٥) کە بەشێوەیەکی گشتی لێرەدا باسی بکەین بریتییە لە پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژن کە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەبینرێن، کاریگەری ئەم دەنگانە لە قۆناغی دواتری شیعری کوردیدا دەرکەوت و بوو بە هەوێنی لەدایکبوونی گەلێك دەنگی زیندووی ژنە شاعیرانی کورد لە ساڵانی دواتردا نمونەی ئەو ژنە شاعیرانەی لەم ماوەدا شیعریان دەنووسی (دایکی سۆلاڤ، ئەرخەوان، شەونم بەرزنجی، دایا جوان ...)

---

## شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥ - ١٩٩١)ز

پ٢٨/ لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) کاردانەی نسکۆی شۆڕشی (١٩٧٥) چۆن بوو بەسەر باری ڕوناکبیری بە گشتی و شیعر بە تایبەتی؟

و/ ساڵی ١٩٧٥ شۆڕش توشی نسکۆ هات، ڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەبوو بەسەر باری ڕوناکبیری کوردی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی. لە دەرئەنجامدا گەلی کورد بۆ ماوەیەك تاسا، نووسەرانیش ماویەك بەدوای وەڵامێکی مەنتیقی هۆکارەکانی ئەم ڕوداوەدا وێڵبوون. هەر لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شۆڕشدا شیعر وەك چەکێکی کارتێکەر گڕی سەند.

پ٢٩/ لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ شۆڕش کەی دەستی پێکردووە؟ شۆڕش درکی بەچ شێوازێکی خەباتکرد؟

و/ شۆڕش لە کاتێکی دژواردا سەریهەڵدایەوە پێویستبوو بە هەموو شێوە و شێوازێکی خەبات بەشداری تێدا بکرێت یەکێك لەو شێوازانەی کە شۆڕش درکی پێکردبوو ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بوو.

پ٣٠/ لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١) شیعر بووە هۆکاری چی؟ بۆچی شیعر لە سەردەمی شۆڕش شان بەشانی تفەنگ لە سەنگەردا بووە؟

و/ شیعر بوو بە هۆکاری ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و هاوشانی تفەنگ لە دژی دوژمن لە سەنگەردا بوو. چونکە نەدەکرا لە سەردەمی بەرەنگاربوونەوەدا شاعیران بێدەنگ بن.

پ٣١/ ڕۆڵی پێشڕەوی لەلایەن شاعیران لە سەردەمی شۆڕش بوو بە هۆی چی؟ هەوڵیان بۆچی دەدا؟ باسی بکە.

و/ شاعیران دەبوو ڕۆڵی پێشڕەوی لە شۆڕشدا بگێڕن ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی شیعر بەرەو بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ بچێت لە بیر و ئامانجدا، واتە جارێکی تر شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا بوژایەوە، ئەم جارەیان شیعر درێژەی بە خەباتی ڕەوای کورد دەدات. و بەرەنگاردەبێتەوە و ڕەتیدەکردەوە و نەفرەتی لە دوژمن دەکرد و واقیعی دەگۆڕی و هەوڵیدەدا سەرلەنوێ کۆمەڵگەیەکی کوردی شۆڕشگێڕ بنیاتبنێتەوە چونکە لەم ماوەیەدا شیعری [illegible].

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

پ٣٢/ شیعری بەرەنگاری چییە؟ ئەو شاعیرانە کامانە بوون و کە شیعری بەرەنگاریان دەنووسی؟ بە نموونە ڕوونی بکەوە.

و/ شیعری بەرەنگاری: بریتییە لەو جۆرە شیعرە کە درێژە بە خەبات دەدات و بەرەنگاردەبێتەوە و ڕەتدەکاتەوە و دەگۆڕێت و سەرلەنوێ بنیات دەنێتەوە.

لەم قۆناغەدا ئەو شاعیرانە دەیان نووسی کە: ئ/ ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوون.

ب/ لەناوەوەی کوردستان بوون بەڵام ناڕازی بوون لە دوژمن.

پ/ ئەو شاعیرانەی لەدەرەوەی کوردستان دەژیان.

نموونەی شیعری بەرەنگاری لەم شیعرەی (ئەنوەر قادر محمد)دا دەردەکەوێت.

خۆ من چەمە زستانە نیم، هەر هاوین هات هەڵپرووکێم
ئەستێرە نیم، شەو نەبێ نەتوانم بفرم
خۆریش نیم، بەباڵەوە لە ڕۆژدا ئاسمان تەی کەم
چۆن کپ ئەبم!

پ٣٣/ ئایا واقیعە سیاسییە تاڵەکەی ماوەی (١٩٧٥- ١٩٩١) شیعری کوردی بەرەو ڕەشبینی برد؟ شاعیرانی کورد چۆن بۆ ئایندەیان ڕوانیبوو؟

و/ ئەم واقیعە سیاسییە تاڵەی قۆناغەکە وای نەکرد کە شیعری کوردی بەرەو ڕەشبینی بڕوات، بەڵکو بەردەوام هیوای بە ئایندەیەکی گەش بوو، هەر بۆیەش شاعیرانی کورد بە چاوی ئومێدەوە بۆ ئایندەیان ڕوانیوە. بە گەشبینییەوە ئاسۆی ڕوناکیان لە ئاسمانی کوردستاندا بینیوە.

پ٣٤/ لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١) کام شاعیر هیوای بە دواڕۆژێکی مەزن هەبوو؟ شیعری بەچ زارێك نووسیوە؟ لە چ شیعرێکی ئەم هیوایە بەدیدەکرێت؟ کۆپلەیەك لە شیعرەکەی بنووسە.

و/ (مونەیەد تەیب) کە لەم ماوەیە بە زاری کرمانجی سەروو شیعری دەنووسی، هیوایەکی گەورەی بە دواڕۆژێکی مەزن هەبوو، ستەمی زۆری دوژمن چۆکی پێدانادات و سەربەرزانە دەڵێت:

سبە نەکە گری دایێ
سبە دایێ
پێڵاڤا من ....
ژ تاجا میری بلندترە
داوەتا من ....
ژ هەمی گۆڤەندا خۆشترە
بەژنو باڵا من .....
ژ بوهارێ ب خەملترە
ئەڤجا چاوا دێ کەی گری؟
سینگێ خۆیێ تەمەت دەریا
دێ ڤە قوتی؟

پ٣٥/ ئەو دوو دەستە شاعیرە کێ بوون کە لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١) شیعریان دەنووسی؟

و/ بە شێوەیەکی گشتی شیعر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) دوو دەستە شاعیر دەیان نووسی:

دەستەی یەکەمیان هەر ئەو شاعیرانە بوون کە دەنگی دیاری ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥) بوون: (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، عەبدولرەحمان مزوری، دڵشاد مەریوانی ...)

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

دەستەی دووەمیان ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ - ١٩٩١) بوونە دەنگی دیار (ئەنوەر مەسیفی ، جەمیل ڕەنجبەر ، موئەیەد تەیب ، جەوهەر کرمانج ، ئەوزاد ڕەفعەت ...)

پ٣٦/ لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١) شیعری کوردی بەرەنگاری چی لەخۆگرتووە و بووەتە هۆی چی؟

و/ شیعری بەرەنگاری (دەبێتە هۆکارێك بۆ شکاندنی ترس لە دوژمن.) و (بەرزکردنەوەی ورەی کورد بەرامبەر بە دوژمن.) و (بەخشینی هیوا و ئومێدی سەرکەوتن بە خەڵکی.) کە شکستی شۆڕشی ئەیلول تاڕادەیەك ئەو هیوا و ئومێدەی بەرەو کزی بردبوو، بەڵام شیعر وەك هۆکارێکی بەهێزی ڕوناکبیری توانی بەشدارێکی کارا بێت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و لە سەنگەری بەرگریدا هاوکاری پێشمەرگە بێت.

پ٣٧/ سێ توخمە سەرەکییەی شیعری بەرەنگاری چین؟

و/ ١- پێشمەرگە وەك داینەمۆی شۆڕش.

٢- شەهید وەك هێمای قوربانیدانی کورد.

٣- کوردستان وەك مەڵبەندی ژیان وخاکی پیرۆزی نەتەوە.

پ٣٨/ شەهید (جەمیل ڕەنجبەر) کە خۆی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوو لە مەیدانی بەرەنگاری بە ورەیەکی چۆن دەنوسێت و چی دەڵێ؟

و/ شەهید (جەمیل رەنجبەر) لەم ڕۆژگارەدا کە خۆی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوو بە نوکی خامە لە مەیدانی بەرەنگاری دەنووسێت بە ورەیەکی بەرز و گەشبینییەکی زۆرەوە دەڵێت:

**ڕوبارێکی خوێناوی**

مەلی هەژار
لە فرگەی ژان هەڵ دەنیشێ
پێشمەرگەی لێ دادەبەزێ
هەرچی کانیاوی سەنگەرە
بۆ ڕوباری بەهاری دەزێ (١٩٧٩)

پ٣٩/ لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١) دوژمن چ ڕێگایەکی بەرامبەر کورد گرتەبەر؟

و/ دوژمن لەم ماوەیەدا هەموو ڕێگاکانی قەڵاچۆکردنی کوردی گرتبووەبەر یەکێك لەو کارە دڕندانەی کە بەسەختی لەم ماوەیەدا درێژەی پێدا، لە پرۆسەی ئەگریسی ڕاگواستنی کورد لە ناوچەکانی خۆیان و نیشتەجێکردنیان لەو شوێنانەی کە خۆی مەبەستی بوو. سیاسەتی پاکتاوی نەژادی کورد لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە بەوەی دەستی دایە ئەنفالکردنی کورد و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان.

پ٤٠/ شیعری کوردی لەماوەی (١٩٧٥-١٩٩١) لەچ ئاستێك دابوو؟ جەوهەر کرمانج بە چی و شیوەن بۆچی دەکات؟ و چی دەڵێت؟

و/ شیعری کوردی هەوڵیداوە لە ئاستی خەمی پڕناسۆری گەلەکەی بێت. (جەوهەر کرمانج) بۆ مەرگبارانی هەڵەبجە بە نوکی خامەی شیوەن دەکات. بۆ ئەم تاوانە کەم وێنەیەی مێژوی مرۆڤایەتی دەڵێت:

**(هەڵەبجە دوومم هاتن)**

هەڵەبجە...
بێشکە و جولانەی
ئەحمەد موختار و گۆران بوو
هەڵەبجە...
جێگا نزارگەی ئاشقان بوو
هەڵەبجە ...
تاجی سەروەری شەهیدانی
کوردستان بوو (١٩٨٨)





WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

**پ٤١/ شیعری کوردی لە (١٩٧٥-١٩٩١)دا جگەلە ڕۆحی بەرەنگاری بۆ چ مەبەستێکی تر نووسراوە؟ لە شیعرەکانی کێدا دەردەکەوێ؟**

**و/ شیعری کوردی جگە لەو ڕۆحە بەرەنگارییەی کە پێی دەناسرێتەوە جوانترین شیعری بۆ ژن و مەبەستەکانی تری شیعر نووسیوە، لە خاسیەت و سیمادا شیعری وا نوسراون کەلەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شیعری کوردی لە قۆناغەکەدا بگونجێنێت. لەم لایەنەشەوە دەنگی شاعیرانی (محەمەد عومەر عوسمان، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، قوبادی جەلی زادە، دلاوەر قەرەداغی، جەمال غەمبار ...) دەبینرێت.**

**پ٤٢/ ئەو شاعیرانەی لەدەرەوەی کوردستان دەیاننووسی چ هەستێکیان هەبوو؟**

**و/ ئەو شاعیرانەی لەدەرەوەی کوردستان دەیان نووسی زیاتر هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییان بۆ کوردستان هەبوو، بەتایبەتی هەستی گەڕانەوە بۆ خاکی نیشتمان لە دەقە شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.**

**پ٤٣/ یەکێك لە سیما دیارەکانی شیعری ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) چی بوو؟**

**و/ یەکێك لە سیما دیارەکانی شیعری ئەم ماوەیە سەرهەڵدانی (هەستی نامۆبوونی شاعیرانە)کە لە ڕێی شیعرەکانیانەوە گەیاندیانەتە کوردستان.**

**پ٤٤/ شیعری (سەربازی ون) هیی کێیە؟ لە کوێ و کەی نووسراوە؟چ هەستێکی تێدا دەربڕیووە؟**

**و/ شیعری (سەربازی ون) هیی (عبدوڵا پەشێو)ە، یەکێکە لەو شاعیرانەی لەسەرەتای ساڵانی (حەفتا)ی سەدەی ڕابردوو کوردستانی بەجێهێشتووە، لە (مۆسکۆ) ساڵی (١٩٧٨) نوسیویەتی، هەستی پڕ تاسەی بەرامبەر بە خاکی کوردستان و ژمارەی زۆری شەهیدانی کوردستان دەربڕیوە.**

### سەربازی ون

**کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ**
**بۆ سەرگۆڕی سەربازی ون**
**تاجە گوڵینەیەك دێنێ**
**ئەگەر سبەی**
**وەفدێك بێتە وڵاتی من**
**لێم بپرسێ:**
**کوانێ گۆڕی سەربازی ون،**
**دەڵێم:**
**گەورەم!**
**لە کەناری هەرجۆگەیێ،**
**لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ،**
**لەبەردەرگای هەرماڵێ،**
**هەر کلێسەیێ،**
**هەر ئەشکەوتێ،**
**لەسەر گابەردی هەرشاخێ،**
**لەسەر درەختی هەرباخێ**
**لەم وڵاتە:**
**لەسەر هەربستە زەمینێ،**
**لەژێر هەرگەزە ئاسمانێ،**
**مەترسە کەمێك سەرداخەو**
**تاجە گوڵینەکەت دانێ!**

**مۆسکۆ ١٩٧٨**



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

١- ماوەیەکی کورت و کەم خایەن بوو، بەڵام تابلێی گرنگ و کاریگەر بوو هەروەك کاردانەوەی گەورەی بەسەر ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی بەجێهێشت: ﴿A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨-١٩٧٠ C- ١٩٧٠-١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١﴾

٢- سەرهەڵدانی گروپی (ڕوانگە) لە ساڵی چەند بوو؟ ﴿A- ١٩٥٨ B- ١٩٦٥ C- ١٩٧٠ D- ١٩٧٥﴾

٣- دیارترین سیمای شیعری ماوەی یەکەمی قۆناغی (١٩٧٠ - ١٩٩١) بریتی بوو لە سەرهەڵدانی:
﴿A- گروپی ڕوانگە B- شۆڕشی ئەیلول C- هەستی نامۆبوون D- هەستی غەریبی﴾

٤- بە هۆی کاریگەری گروپی (ڕوانگە) لە ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٥) گۆڕانکاری بەسەر شیعری کوردیدا هات لە ڕوی:
﴿A- ناوەڕۆکی شیعر B- ڕوخساری شیعر C- ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعر D- کێشی شیعر﴾

٥- شاعیرانی گروپی (ڕوانگە) هەڵگری تێڕوانینێکی جیاوازبوون بۆ شیعر دەیانویست شیعر پەیامی چی بگەیەنێت؟
﴿A- ئازادی B- یەکسانی C- مرۆڤایەتی D- یاخیبوون﴾

٦- (یاخیبوون) دیارترین خاسیەتی شیعری کوردی کام قۆناغە بوو؟
﴿A- (١٩٣٩-١٩٥٨) B- (١٩٥٨- ١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)﴾

٧- شیعری کوردی لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) هەڵگری چ گوتارێك بوو؟
﴿A- گوتارێکی کۆمەڵایەتی B- گوتارێکی ئاینی C- گوتارێکی نەتەوەیی قوڵ D- گوتارێکی ئابوری﴾

٨- کەی شیعری کوردی دژی جەور و ستەم و زۆرداری دوژمن دەوەستایەوە کە ڕەنگە کەم شاعیری کورد ببینین کە شیعری بۆ کورد و سەربەخۆیی کوردستان نەنووسیبێت؟ ﴿A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨- ١٩٧٠ C- ١٩٧٠-١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١﴾

٩- لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) چ بابەتێکی نوێی شیعری بەرچاو دەکەوێت لە پاڵ ئەو ناوەڕۆکە باوەی کە شیعری پێ دەناسرێتەوە؟
﴿A- ژیان و مردن B- زەردەشت C- فۆلکلۆری D- ئابوری﴾

١٠- لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) گەلێك بابەتی نوێ لە شیعر بەرچاو دەکەون وەك:
﴿A- کۆچکردن B- خۆشەویستی C- شارستانیەت D- ئاڤێستا﴾

١١- شیعری کوردی لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) هەڵگری چ بیرێك بوو؟
﴿A- بیری فەلسەفی و مەعریفی B- بیری ئاینی و تەسەوف C- بیری ناسیۆنالیزمی D- بیری سۆفیگەری﴾

١٢- شیعری کوردی لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) سەرچاوەی بیرە فەلسەفی و مەعریفییەکە بریتی بوو لە:
﴿A- خۆرهەڵاتی هاوچەرخ B- خۆرئاوای هاوچەرخ C- خۆرئاوای کۆن D- خۆرهەڵاتی کۆن﴾

١٣- شیعری کوردی لە پێش ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) سەرچاوەی بیرە فەلسەفی و مەعریفییەکە بریتی بوو لە:
﴿A- کلتوری خۆرهەڵاتی B- کلتوری خۆرئاوایی C- کلتوری فۆلکلۆری D- کلتوری جیهانی﴾

١٤- جۆرەکانی (یاخیبوون) بریتین لە یاخیبوونی:
﴿A- کۆمەڵایەتی و ئایینی B- کۆمەڵایەتی و سیاسی C- نەتەوەیی و ئایینی D- چینایەتی و ئابوری﴾

١٥- کامیان یاخیبوون لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە؟
﴿A- یاخیبوونی نەتەوەیی B- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی C- یاخیبوونی سیاسی D- یاخیبوونی ئاینی﴾

١٦- کام یاخیبوون لە پێناو ئازادی و سەربەستی مرۆڤدایە؟
﴿A- یاخیبوونی نەتەوەیی B- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی C- یاخیبوونی سیاسی D- یاخیبوونی ئاینی﴾




WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

D- گۆران ◈ C- لەتیف هەڵمەت B- عەبدوڵڵا پەشێو

١٧- ( یاخیبوون ) لە شیعری کێدا دەردەکەوێت؟ ◈ A- هەژار B- دیلان C- لەتیف هەڵمەت D- قەدری جان ◈

١٨- شیعری ( پێتان ئەڵێم... یاخی بن... ) هی کێیە؟ ◈ A- هەژار

١٩- فەلسەفەی ( ژیان و مردن ) یەکێکی ترە لە مەبەستە گرنگەکانی قۆناغی شیعری:

◈ A- ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) B- ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ ) C- ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) D- ( ١٩٧٥-١٩٩١ ) ◈

٢٠- پرسیارە فەلسەفییەکانی شاعیران لە ماوەی ( ١٩٧٠ - ١٩٧٥ ) لە چوارچێوەی چی بوون؟

◈ A- ڕۆژی دوایی B- ژیان و مردن C- خۆشەویستی D- کێشەکانی ژن ◈

٢١- یەکێك لەم شاعیرانەی تێڕوانینی بۆ ( ژیان و مردن ) خستۆتەڕوو:

◈ A- بێکەسە B- شێرکۆ بێکەسە C- عەبدوڵڵا پەشێوە D- گۆرانە ◈

٢٢- ( گینگلّ ) یەکێکە لە بەرهەمە شیعرییەکانی: A- شێرکۆ بێکەس B- عەبدوڵڵا پەشێو C- لەتیف هەڵمەت D- گۆران

٢٣- شێرکۆ بێکەس لە شیعری ( گینگلّ )دا تێڕوانینی دەربارەی چی دەربڕیوە؟

◈ A- خۆشەویستی B- نیشتمان C- ژیان و مردن D- ژن ◈

٢٤- ( ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم گەر هەورەکان نەبن .... نازی ) ئەمە دێرە شیعری:

◈ A- شێرکۆ بێکەسە B- عەبدوڵڵا پەشێوە C- لەتیف هەڵمەتە D- گۆرانە ◈

٢٥- ( ویستم ئەوە لە زەریایەك بگەیەنم گەر جۆگەکان نەبن .... نازی ) نیوە دێری دوای ئەم دێرە بریتییە لە :

◈ A- ترساندمی B- سوتاندمی C- خنکاندمی D- گریاندمی ◈

٢٦- ( ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم گەر هەورەکان نەبن .... نازی ) نیوە دێری دوای ئەم دێرە بریتییە لە :

◈ A- ترساندمی B- سوتاندمی C- خنکاندمی D- گریاندمی ◈

٢٧- یەکێك لە خاڵە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر فۆڕم و تەکنیکی شیعری کوردی دادێت بریتییە لە :

◈ A- مەبەستی شیعری B- وێنەی شیعری C- زمانی شیعری D- ناوەڕۆکی شیعری ◈

XWENDN

٢٨- ( وێنەی شیعری ) لە قۆناغی ( ١٩٧٠- ١٩٧٥ ) بەتەواوی خۆی دەربازکردووە لە :

◈ A- وشەی بێگانە B- لاساییکردنەوە C- هێما و نیشانە D- هیچیان ◈

٢٩- لە کام قۆناغی شیعری ( وێنەی شیعری ) بەتەواوی خۆی دەربازکردووە لە لاسایی کردنەوە و وێنەی دووبارە؟

◈ A- ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) B- ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ ) C- ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) D- ( ١٩٧٥-١٩٩١ ) ◈

٣٠- لە ماوەی ( ١٩٧٠ - ١٩٧٥ ) گەلێك وێنەی شیعری جوان بەکارهاتووە کە سەرچاوەکەیان بریتی بوو لە :

A- ڕوداو و کارەساتە مێژوویەکە و نەتەوەیی و جیهانییەکان B- بیرە فەلسەفیەکەی خۆرئاوای هاوچەرخ

C- بیرە فەلسەفییەکەی کلتوری خۆرهەڵاتی D- کلتوری فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی

٣١- لە کام قۆناغی شیعری ( وێنەی ڕووتی ڕەوانبێژی ) تێدا بەکارنەهاتووە, بەڵکو وێنەی شیعری لە پێناو گەیاندنی پەیامێکدا بووە و مەبەستێکی لەگەڵدا بووە؟ ◈ A- ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) B- ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ ) C- ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) D- ( ١٩٧٥-١٩٩١ ) ◈

٣٢- لە ماوەی ( ١٩٧٠ - ١٩٧٥ ) شاعیران هەوڵیان داوە وشەکان لەناو دەقە شیعرییەکاندا چ واتایەك ببەخشن؟

◈ A- واتای فەرهەنگی B- واتای نوێ C- واتای کۆن D- واتای خوازراو ◈

٣٣- لە کام قۆناغدا هەوڵیانداوە وشەکان لەناو دەقەشیعرییەکاندا لە ئامارەکۆنەکان دابڕن ئامارەی نوێیان بدەنێ و زمانێکی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیرداکات؟ ◈ A- ١٩٣٩-١٩٥٨ B- ١٩٥٨- ١٩٧٠ C- ١٩٧٠- ١٩٧٥ D- ١٩٧٥-١٩٩١ ◈

٣٤- لە ماوەی ( ١٩٧٠ - ١٩٧٥ ) زمانی شیعر : ◈ A- سادە وساکارە B- ئاڵۆزە C- [illegible] D- ئاساییە ◈

WWW.XWENDN.KRD

٣٥- لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) یەکێ لەو زاراوە نوێیانەی هاتە ناو شیعری کوردییەوە بریتی بوو لە :

﴿A- ڤینۆس  B- ئەرستۆ  C- ئاڤێستا  D- داستان﴾

٣٦- وشەو زاراوەکانی (ئەهریمەن - ئاهوراموزدا - زەردەشت - ئاڤێستا - گیڤارا) لە کام قۆناغدا هاتنە ناو زمانی شیعری؟

﴿A- (١٩٣٩ - ١٩٥٨)  B- (١٩٥٨ - ١٩٧٠)  C- (١٩٧٠ - ١٩٧٥)  D- (١٩٧٥ - ١٩٩١)﴾

٣٧- (هێما و نیشانە) لە کامە قۆناغی شیعری کوردیدا بەکاردەهات؟

﴿A- (١٩٣٩ - ١٩٥٨)  B- (١٩٥٨-١٩٧٠)  C- (١٩٧٠ - ١٩٧٥)  D- (١٩٧٥-١٩٩١)﴾

٣٨- لە رووی تەکنیکەوە لە دەقە شیعرییەکانی ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) کام لەمانە بەکاردەهێنرا؟

﴿A- زمانێکی سادە  B- هێما و نیشانە  C- وێنەی رووتی رەوانبێژی  D- وشەی بێگانە﴾

٣٩- لە کام قۆناغی شیعردا بەرهەمە چاکەکانی شیعری ئازاد دەشاردرانەوە؟

﴿A- (١٩٣٩ - ١٩٥٨)  B- (١٩٥٨-١٩٧٠)  C- (١٩٧٠ - ١٩٧٥)  D- (١٩٧٥-١٩٩١)﴾

٤٠- لە ماوەی (١٩٧٠-١٩٧٥) شاعیران پەیرەویان لە چ کێشێك کردووە: A- برگەیی  B- پەنجەیی  C- ئازاد  D- عەروز

٤١- دیارترین شەقڵی شیعری ئازاد لە دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی (روانگە) بەکارهێنانی کێشی :

A- چوار برگەیی و هەشت برگەیی  B- شەش برگەیی و سێ برگەیی  C- دە برگەیی و پێنج برگەیی  D- دە برگەیی و هەشت برگەیی

٤٢- لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) شاعیران لەرووی سەرواوە چ سەروایەکیان بەکاریان هێناوە؟

﴿A- سەروای یەکگرتوو  B- سەروای مەسنەوی  C- سەروای بەنۆرە  D- بەشێوەیەکی ئازادانە﴾

٤٣- لە شیعری ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) مامەڵە لەگەڵ شتە بێگیانەکان کراوە وەك :

﴿A- خۆیان  B- مرۆڤ  C- ئاژەڵ  D- شتی بێگیان﴾

٤٤- لە ماوەی (١٩٥٨ - ١٩٧٠) دا مامەڵەکردن لەگەڵ شتە بێگیانەکان وەك (مرۆڤ) لە شیعری کێدا دەبینرێت؟

﴿A- شێرکۆ بێکەس  B- هەژار  C- دیلان  D- گۆران﴾

٤٥- مامەڵەکردن لەگەڵ شتە بێگیانەکان وەك (مرۆڤ) لە شیعری کام قۆناغدا دەبینرێت؟

﴿A- (١٩٣٩ - ١٩٥٨)  B- (١٩٥٨-١٩٧٠)  C- (١٩٧٠ - ١٩٧٥)  D- (١٩٧٥-١٩٩١)﴾

٤٦- لایەنێکی تری گرنگ لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژنە یەکێ لەم ژنە شاعیرانە بریتی بوو لە :

﴿A- دایا شیرین  B- کەژاڵ ئەحمەد  C- لەیلا قاسم  D- دایکی سۆلاڤ﴾

٤٧- لایەنێکی تری گرنگ لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژنە یەکێ لەم ژنە شاعیرانە بریتی بوو لە :

﴿A- دایا شیرین  B- کەژاڵ ئەحمەد  C- لەیلا قاسم  D- ئەرخەوان﴾

٤٨- لایەنێکی تری گرنگ لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژنە یەکێ لەم ژنە شاعیرانە برییتی بوو لە :

﴿A- دایا شیرین  B- کەژاڵ ئەحمەد  C- لەیلا قاسم  D- شەونم بەرزنجی﴾

٤٩- لایەنێکی تری گرنگ لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژنە یەکێ لەم ژنە شاعیرانە برییتی بوو لە :

﴿A- دایا شیرین  B- کەژاڵ ئەحمەد  C- لەیلا قاسم  D- دایا جوان﴾

٥٠- کاریگەری شیعری کام قۆناغە بەسەر تەواوی شیعری سالانی دوای ئەدەبی کوردیدا دیارە؟

﴿A- (١٩٣٩ - ١٩٥٨)  B- (١٩٥٨-١٩٧٠)  C- (١٩٧٠ - ١٩٧٥)  D- (١٩٧٥-١٩٩١)﴾

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C -١٠ | A -٩ | C -٨ | C -٧ | C -٦ | D -٥ | C -٤ | A -٣ | C -٢ | C -١ |
| B -٢٠ | C -١٩ | C -١٨ | C -١٧ | C -١٦ | B -١٥ | B -١٤ | A -١٣ | B -١٢ | A -١١ |





WWW.XWENDN.KRD
XWENDN

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B -٢١ | A -٢٢ | C -٢٣ | A -٢٤ | C -٢٥ | B -٢٦ | B -٢٧ | B -٢٨ | C -٢٩ | A -٣٠ |
| C -٣١ | B -٣٢ | C -٣٣ | B -٣٤ | C -٣٥ | C -٣٦ | C -٣٧ | B -٣٨ | C -٣٩ | C -٤٠ |
| A -٤١ | D -٤٢ | B -٤٣ | D -٤٤ | C -٤٥ | D -٤٦ | D -٤٧ | D -٤٨ | D -٤٩ | C -٥٠ |

## خۆت تاقیبکەوە / شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥ - ١٩٩١)ز

١- لە ماوەی (١٩٧٥ - ١٩٩١) دا شیعری کوردی بووە هۆکاری چی؟

A- دوورکەوتنەوە لە واقیعی ئەوسا B- لەناوچوونی دووبەرەکی و ئاژاوە

C- دامرکاندنەوەی شۆڕش D- ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندووکرنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی

٢- لە کام قۆناغ شیعری کوردی بووە هۆکاری ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندووکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی؟

A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠- ١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٣- لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥ - ١٩٩١) شیعری کوردی ئەرکی گۆڕا بۆ چ جۆرە شیعرێک؟

A- یاخیبوون B- لاواندنەوە C- دڵداری D- بەرەنگاری

٤- شیعری (بەرەنگاری) لە شیعرەکانی کێدا دەردەکەوێت؟

A- شێرکۆ بێکەس B- گۆران C- ئەنوەر قادر D- لەتیف هەڵمەت

٥- شیعری (بەرەنگاری) یەکێکە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی قۆناغی:

A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠- ١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٦- کام جۆرە شیعر (درێژە بە خەبات دەدات و بەرەنگاردەبێتەوە و ڕەتدەکاتەوە و دەگۆڕێت و سەرلەنوێ بنیات دەنێتەوە)؟

A- شیعری یاخیبوون B- شیعری بەرەنگاری C- شیعری قارەمانێتی D- شیعری پێداهەڵدان

٧- شیعری (خۆ من چەمە زستانە نیم) هی کێیە؟ A- مونەیەد تەیب B- جگەرخوێن C- دیلان D- ئەنوەر قادر محەمەد

٨- (خۆ من چەمە زستانە نیم هەر هاوین هات هەڵپڕوکێم) ئەم نیوە دێرە نموونەیەکە لە شیعری:

A- یاخیبوون B- نامۆبوون C- دڵداری D- بەرەنگاری

٩- لەماوەی (١٩٧٥ - ١٩٩١) دا کام شاعیرە هیوای بە پاشەڕۆژێکی مەزن هەیە و زوڵم و زۆری دوژمن چۆکی پێدانادات؟

A- مونەیەد تەیب B- گۆران C- دیلان D- قەدری جان

١٠- (مونەیەد تەیب) شیعری بەچ زارێک نووسیوە؟ A- کرمانجی خواروو B- کرمانجی سەروو C- هەورامی D- لوڕی

١١- شیعری (سبە نەکە گری دایێ) هی کێیە؟ A- مونەیەد تەیب B- جگەرخوێن C- دیلان D- قەدری جان

١٢- (ژهەمی گۆڤەندا خۆشترە) نیوە دێری پێش ئەم نیوە دێرە بریتییە لە:

A- بەژنو بالآمن... B- داوەتا من... C- پێلاڤا من... D- نە دایێ نە

١٣- (ژهەمی گۆڤەندا خۆشترە) نیوە دێری دوای ئەم نیوە دێرە بریتییە لە:

A- بەژنو بالآمن... B- داوەتا من... C- پێلاڤا من... D- نە دایێ نە

١٤- یەکێك لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) دەنگی دیار بوو کێ بوو؟

A- هێمن B- شێرکۆ بێکەس C- هەژار D- دیلان

١٥- یەکێك لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٥) دەنگی دیار بوو کێ بوو؟

A- قەدری جان B- جەمیل ڕەنجبەر C- پیرەمێرد D- عەبدوڵا پەشێو



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

١٦- یەکێك لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) دەنگی دیار بوو کێ بوو؟

﴿A- قەدری جان   B- پیرەمێرد   C- دیلان   D- عەبدولرەحمان مزوری﴾

١٧- یەکێك لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٥ - ١٩٩١) شوێنی خۆیان گرت و بوونە دەنگی دیار کێ بوو؟

﴿A- ئەنوەر مەسیفی   B- قەدری جان   C- پیرەمێرد   D- دیلان﴾

١٨- یەکێك لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٥ - ١٩٩١) شوێنی خۆیان گرت و بوونە دەنگی دیار کێ بوو؟

﴿A- شێرکۆ بێکەس   B- مونەیەد تەیب   C- پیرەمێرد   D- دیلان﴾

١٩- یەکێك لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٥ - ١٩٩١) شوێنی خۆیان گرت و بوونە دەنگی دیار کێ بوو؟

﴿A- جەمال غەمبار   B- قەدری جان   C- نەوزاد ڕەفعەت   D- دیلان﴾

٢٠- لە کام قۆناغدا شیعری بەرەنگاری دەبێتە هۆکارێ بۆ شکاندنی ترس لە دوژمن و بەرزکردنەوەی وەرەی کورد بەرامبەر بە دوژمن و بەخشینی هیوا و ئومێدی سەرکەوتن؟ ﴿A- ١٩٣٩-١٩٥٨   B- ١٩٥٨-١٩٧٠   C- ١٩٧٠-١٩٧٥   D- ١٩٧٥-١٩٩١﴾

٢١- شیعر وەك هۆکارێکی بەهێزی ڕوناکبیری توانی بەشدارێکی کارا بێت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و لە سەنگەری بەرگریدا هاوکاری پێشمەرگە بێت لەماوەی: ﴿A- ١٩٣٩-١٩٥٨   B- ١٩٥٨-١٩٧٠   C- ١٩٧٠-١٩٧٥   D- ١٩٧٥-١٩٩١﴾

٢٢- سێ توخمە سەرەکییەکەی شیعری بەرەنگاری بریتین لە:

A- سۆز، ویژدان، ژیری   B- پێشمەرگە، شەهید، کوردستان   C- مرۆڤ، گیانلەبەر، بێ گیان   D- (چەك، قەڵەم، زانست

٢٣- یەکێك لە سێ توخمە سەرەکییەکەی شیعری بەرەنگاری بریتییە لە:

﴿A- قەڵەم   B- زانست   C- چەك   D- پێشمەرگە﴾

٢٤- یەکێك لە سێ توخمە سەرەکییەکەی شیعری بەرەنگاری بریتییە لە: ﴿A- چەك   B- زانست   C- کتێب   D- شەهید﴾

٢٥- یەکێك لە سێ توخمە سەرەکییەکەی شیعری بەرەنگاری بریتییە لە: ﴿A- قەڵەم   B- چەك   C- مرۆڤ   D- کوردستان﴾

٢٦- لە شیعری بەرەنگاریدا کامیان وەك (داینەمۆی شۆرش) بەکارهاتووە؟

﴿A- پێشمەرگە   B- شەهید   C- کوردستان   D- چەك﴾

٢٧- لە شیعری بەرەنگاریدا کامیان وەك (هێمای قوربانیدانی کورد) بەکارهاتووە؟

﴿A- پێشمەرگە   B- شەهید   C- کوردستان   D- چەك﴾

٢٨- لە شیعری بەرەنگاریدا کامیان وەك (مەڵبەندی ژیان و خاکی پیرۆزی نەتەوە) بەکارهاتووە؟

﴿A- پێشمەرگە   B- شەهید   C- کوردستان   D- چەك﴾

٢٩- کام شاعیر کەخۆی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕبوو لەمەیدانی بەرەنگاری بەوەرەیەکی بەرز و گەشبینییەکی زۆرەوە دەنووسێت؟

﴿A- جەمیل ڕەنجبەر   B- هێمن   C- گۆران   D- جەوهەر کرمانج﴾

٣٠- (ڕوبارێکی خوێناوی) هیی کام شاعیرە؟ A- ئەنوەر قادر   B- جەمیل ڕەنجبەر   C- جەوهەر کرمانج   D- شێرکۆ بێکەس

٣١- (ڕوبارێکی خوێناوی) نمونەیە بۆ شیعری: ﴿A- یاخیبوون   B- نامۆبوون   C- ژیان و مردن   D- بەرەنگاری﴾

٣٢- (لە فرگەی ژان هەڵدەنیشێ ....... پێشمەرگەی لێ دادەبەزێ) ئەمە دێرێکە لە شیعری:

﴿A- هەڵە بجە دووەم هاتن   B- بێشکەی منداڵ   C- سەربازی ون   D- ڕوبارێکی خوێناوی﴾

٣٣- (پێشمەرگەی لێ دادەبەزێ) نیوە دێری دوای ئەمە بریتییە لە:

A- لە فرگەی ژان هەڵ دەنیشێ   B- بۆ[illegible]   C- [illegible] هەژار   D- هەرچی کانیاوی سەنگەرە

WWW.XWENDN.KRD

WWW.XWENDN.KRD

٣٤- لە کام قۆناغ شیعری کوردی هەوڵیداوە لە ناست خەمی پڕناسۆری گەلەکەی بێت؟

A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨- ١٩٧٠) C- (١٩٧٠- ١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٣٥- کام شاعیر بە نوکی خامە شیوەن بۆ مەرگبارانی هەڵەبجە دەکات؟

A- جەوهەر کرمانج B- هێمن C- گۆران D- جەمیل ڕەنجبەر

٣٦- (هەڵە بجە دووەم هاتن) یەکێکە لە هۆنراوەکانی: A- جەمیل ڕەنجبەر B- هێمن C- گۆران D- جەوهەر کرمانج

٣٧- (بێشکە و جولانەی ....... ئەحمەد موختار و گۆران بوو) ئەمە دێڕێکە لە شیعری:

A- بێشکەی منداڵ B- هەڵە بجە دووەم هاتن C- سەربازی ون D- ڕووبارێکی خوێناوی

٣٨- (جەوهەر کرمانج) شیعری (هەڵە بجە دووەم هاتن)ی لە ساڵی چەند نووسیوە؟

A- ١٩٧٨ B- ١٩٨٧ C- ١٩٨٨ D- ١٩٨٩

٣٩- لە کام قۆناغی شیعری جوانترین شیعر بۆ ژن و مەبەستەکانی تری شیعری نووسراوە؟

A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨- ١٩٧٠) C- (١٩٧٠- ١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٤٠- یەکێ لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١)دا جوانترین شیعریان بۆ ژن و مەبەستەکانی تری شیعری نووسیوە:

A- جەوهەر کرمانج B- قوبادی جەلی زادە C- مونەیەد تەیب D- ئەنوەر قادر

٤١- یەکێ لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١)دا شیعری وایان نووسیوە لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شیعری کوردی بگونجێت بریتی بوو لە: A- دیلان B- کامەران موکری C- محەمەد عومەر عوسمان D- شێرکۆ بێکەس

٤٢- یەکێ لەو شاعیرانەی لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٩١)دا شیعری وایان نووسیوە لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شیعری کوردی بگونجێت بریتی بوو لە: A- دلاوەر قەرەداغی B- پیرەمێرد C- هەژار D- بێکەس

٤٣- یەکێ لە سیما دیارەکانی شیعری ماوەی دووەمی قۆناغی (١٩٧٠ - ١٩٩١) بریتی بوو لە سەرهەڵدانی:

A- یاخیبوون B- گروپی ڕوانگە C- هەستی نامۆبوون D- برایەتی و یەکریزی

٤٤- (هەستی نامۆبوون) یەکێکە لە سیما دیارەکانی شیعری قۆناغی:

A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨- ١٩٧٠) C- (١٩٧٠- ١٩٧٥) D- (١٩٧٥-١٩٩١)

٤٥- عەبدوڵلا پەشێو شیعری (سەربازی ون)ی لە کوێ نووسیوە؟ A- کوردستان B- بەغدا C- شاخ D- مۆسکۆ

٤٦- عەبدوڵلا پەشێو شیعری (سەربازی ون)ی لە ساڵی چەند نووسی؟ A- ١٩٧٨ B- ١٩٧٩ C- ١٩٨٠ D- ١٩٨٢

٤٧- (عبدوڵلا پەشێو) لە مۆسکۆ چ شیعرێکی نووسی؟

A- هەڵە بجە دووەم هاتن B- ڕووبارێکی خوێناوی C- بێشکەی منداڵ D- سەربازی ون

٤٨- عەبدوڵلا پەشێو لە شیعری (سەربازی ون)دا هەستی بەرامبەر چی دەربڕیوە؟

A- کیمیابارانی هەڵە بجە B- خاکی کوردستان و ژمارەی زۆری شەهیدان C- ژیان ومردن D- پێشمەرگە

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B -١٠ | A -٩ | D -٨ | D -٧ | B -٦ | D -٥ | C -٤ | D -٣ | D -٢ | D -١ |
| D -٢٠ | C -١٩ | B -١٨ | A -١٧ | D -١٦ | D -١٥ | B -١٤ | A -١٣ | B -١٢ | A -١١ |
| B -٣٠ | A -٢٩ | C -٢٨ | B -٢٧ | A -٢٦ | D -٢٥ | D -٢٤ | D -٢٣ | B -٢٢ | D -٢١ |
| B -٤٠ | D -٣٩ | C -٣٨ | B -٣٧ | D -٣٦ | A -٣٥ | D -٣٤ | D -٣٣ | D -٣٢ | D -٣١ |
| | | B -٤٨ | D -٤٧ | A -٤٦ | D -٤٥ | D -٤٤ | C -٤٣ | A -٤٢ | C -٤١ |





WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

## ڕەخنەی ئەدەبی

پ١/ وشەی ( ڕەخنە ) بەرامبەر چی بەکاردێت؟ لقێکە لە چی و بایەخ بە چی دەدات؟

و/ وشەی ڕەخنە بەرامبەر وشەی ( نقد )ی عەرەبی و وشەی ( کریتیک )ی لاتینی بەکاردەهێنرێت. ڕەخنەی ئەدەبی لە پاڵ ( مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب )دا دەبنە سێ لقی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی واتە ڕەخنەی ئەدەبی لقێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدات.

پ٢/ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی چییە و لە چی دەکۆڵێتەوە؟

و/ ئەرکی ڕەخنە ( شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی یان دیاریکردنی بەهای دەقی ئەدەبییە )، واتە ڕەخنەی ئەدەبی لەو بنەما ( هونەری و هزریانە ) دەکۆڵێتەوە کە دەقی ئەدەبییان لێ بنیاتدەنرێت و بە شێوەیەکی زانستانە بەهای ئەو بنەمایانە دیاریدەکات، بەمەش ئاست و ڕادەی گرنگی و بایەخی دەق بۆ خوێنەر و داهێنەریش دەستنیشان دەکات.

پ٣/ ڕەخنەگران چ کاریگەریەکیان لەسەر بەرهەمی ئەدەبی هەیە؟ پ/ پەیوەندی ڕەخنەگران بە ئەدیبان چییە؟

و/ ئەگەر ئەدیبان بەرجەستەکەری جوانی و ڕەنگرێژکەری ژیان و دەرونی مرۆڤ بن ئەوا ڕەخنەگران بۆ خۆیان بزوێنەری چالاکی ئەدەبی و بزوتنەوەی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبین.

پ٤/ ڕەخنەگر دەبێ کەسێکی چۆن بێت؟ شارەزایی و زانیاری لە چی هەبێت؟ / ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە ڕەخنەگردا هەبن چین؟

و/ دەبێت ( ڕەخنەگر ) لێکۆلەرێکی ئەدەبی شارەزا بێت و زانیاریی تەواوی دەربارەی ( مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی ) هەبێت و سەرباری ئەوەش چێژوەرگرێکی ئەدەبیش بێت زانیاری لە بواری ( سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری ) وەربگرێت و لە زانستە مرۆیی و زانستەکانی تریش شارەزا بێت.

## مێژوی ڕەخنەی جیهانی

پ٥/ لە مێژوی ڕەخنەی جیهانیدا چەند ڕێرەوی ڕەخنەیی بەدی دەکرێن ئایا کاریگەریان لەسەر یەکتری هەبووە؟

و/ لە مێژوی ڕەخنەی جیهانیدا دوو ڕێرەوی ڕەخنەیی بەدی دەکرێن کە بریتین لە: ڕەخنەی خۆرئاوایی و ڕەخنەی خۆرهەڵاتی، ئەو دوو ڕێرەوە ڕەخنەییەش چۆن تایبە تمەندی خۆیان هەبووە بە هەمان شێوە کاریگەریشیان لەسەر یەکتری هەبووە و دەبێت.

## ڕەخنەی خۆرئاوایی

پ٦/ سەرەتای ڕێرەوی ڕەخنەی خۆرئاوایی دەگەڕێتەوە بۆ کەی و لە کوێ؟

و/ سەرەتای ئەم ڕێرەوە ڕەخنەییە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین و لە ئەدەبی یۆنانی دەستی پێکردووە.

پ٧/ یەکەم هەنگاو لە ڕێرەوی ڕەخنەی خۆرئاوایی کەی بەدی هاتووە؟ چۆن بووە باسی بکە؟

و/ یەکەم هەنگاو لەو ڕێرەوەدا لە کاتی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنەکانییانەوە بوو، کە شانۆگەریان پێشکەش کردووە و لیژنەیەکیان بۆ هەڵبژاردنی باشترین دەقی ( تراژیدی یان کۆمیدی ) کە بە شیعر بوو دەستنیشان کردووە. جا هەڵبژاردنی باشترین دەق لەلایەن ئەو لیژنەیە بۆ خۆی چالاکییەکی ڕەخنەیی بوو، چونکە بە پێی چەند پێوانەیەکی هونەری و هزری دەقەکانییان هەڵبژاردووە.

پ٨/ ( ئەرستۆڤانیس ) کێیە؟ بەرهەمەکەی ناوی چییە؟ چ جۆرێکە؟ کەی نوسراوە؟ ڕەخنەی لە کێ گرتووە؟

و/ ( ئەرستۆڤانیس ) شاعیرێکی یۆنانی بوو، بەرهەمەکەی ناوی ( بۆقەکان )ە کۆمیدییە، لەسەدەی ( شەشەمی پێش زایین ) نووسراوە، ڕاوبۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەیی دەربارەی سێ شاعیری گەورەی یۆنانی خستووەتەڕوو، ئەو سێ شاعیرەش ( یوربیدز ) و ( ئەسخیلۆس ) و ( سۆفۆکلیس ) بوون.



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

ئامادەیی ( ئازادی )ی کوڕان
ئامادەیی ( ساڤا )ی ئاحکومی
ئامادەیی ( ژیاری نوێ )ی ئاحکومی

پ٩/ لەگەڵ بوونی ئەو چالاکییە ڕەخنەییانەدا لە یۆنان چی ئەخشێنراوە و لەلایەن کێ؟
دیارترین فەیلەسوفەکانی یۆنان کێ بوون؟ چییان ئەخشاندووە؟
و/ دیارترین ڕێبازی ڕەخنەی ئەدەبی لەلایەن فەیلەسوفە یۆنانییەکان ئەخشێنراوە ( ئەفلاتون ) و( ئەرستۆ )ش باشترین نموونەی ئەو مەیدانەن.

پ١٠/ ( ئەفلاتون ) ڕای بەرامبەر شاعیران چۆن بووە؟
و/ ( ئەفلاتون ) ڕای وابووە کە شاعیران ناتوانن ڕاستییەکان بە خەڵکی بگەیێنن و لەبری ئەوەی چاکەیان فێربکەن هەڵیان دەخەڵەتێنن و دەروونیان تێکدەدەن و وایان لێ دەکەن کە جڵەو بدەنە دەست هەست و سۆز نەك ئەقڵ.

پ١١/ ( ئەرستۆ ) ڕای بەرامبەر بەرهەمی شیعری چۆن بووە؟
و/ ( ئەرستۆ ) بە پێچەوانەی ( ئەفلاتون ) بەرهەمی شیعری بە سوودبەخش داناوە، بەتایبەتی تراژیدیا کە دەتوانێت دەرونی بینەر لە هەست و سۆزی ترس و بەزەیی پاکبکاتەوە.

پ١٢/ بەرهەمەکەی ( ئەرستۆ ) ناوی چییە؟ چی تێدا دارشتووە و بووەتە بناغە بۆچی؟
و/ بەرهەمەکەی ( ئەرستۆ ) بە ناونیشانی ( هونەری شیعر )ە کە کۆمەڵێ دەستور و یاسای هونەری بۆ تراژیدیا دارشتووە کە بوونەتە بناغەی تیۆری ڕەخنەی ئەوروپی بەگشتی و بنەمای ڕەخنەی کلاسیکی نوێ هەر لەو کاتە وەك ڕێبازێکی ئەدەبی لە سەدەی حەڤدەدا لە فەرەنسا سەریهەڵداو گەشەیکرد.

پ١٣/ ( بوالو ) کێیە؟ ڕاوبۆچوونی کێی جێگیرکرد؟ کردی بە چی؟
و/ ( بوالو ) ڕەخنەگرێکی بەناوبانگی فەرەنسی بوو، ڕاوبۆچوونەکانی ( ئەرستۆ )ی جێگیرکرد و کردیە پێوانەی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ لە ئەوروپا.

پ١٤/ ڕێبازی کلاسیکی لە ئەنجامی چی سەری هەڵدا؟
و/ ڕێبازی کلاسیکی لە ئاکامی بوژاندنەوە و لاسایکردنەوەی بەرهەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان سەریهەڵداوە.

پ١٥/ گرینگترین بنەماکانی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ بریتی بوون لە چی؟
و/ ١) جڵەودانە دەست ئەقڵ و ژیری، دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و دەربڕینی کەسی.
٢) بایەخدان بە چێژی دروست و گرنگیدان بە بەها مرۆڤایەتییە گشتییەکان.

پ١٦/ لەدوای ( ڕێبازی کلاسیکی ) چ ڕێبازێك سەری هەڵدا؟ لە کوێ؟ چۆن بوو؟
و/ لەدوای ( ڕێبازی کلاسیکی )،( ڕێبازی ڕۆمانتیکی ) لە ئەوروپا سەریهەڵدا، پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی کلاسیکی ڕاستەوخۆ ڕەتکرانەوە، بەڕادەیەك کە دەتوانرێت بوترێت ئەگەر پێوانەکانی ڕەخنەی کلاسیکی هەڵگێڕینەوە ئەوا پێوانەکانی ڕەخنەی ڕۆمانتیکمان دێتە بەردەست.

پ١٧/ دیارترین پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بریتین لە چی؟
و/١) بایەخدان بە هەست و سۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ.
٢) گرنگیدان بە بەها کەسییەکان و بەلای تاکە کەسەوە گرنگن.

پ١٨/ ( ئەلفرید دی موسێ ) و ( بوالو ) سەر بەچ ڕێبازێکی ئەدەبین؟ جیاوازی چییە لە بۆچوونەکانیان دەربارەی ( ئەقڵ )؟
و/( ئەلفرید دی موسێ ) نووسەرێکی ڕۆمانتیکی فەرەنسی بوو دەڵێ: ( ئەوەی گرنگ بێت بەلای منەوە ئەوەیە کە گوێ نەدەمە ئەقڵ. )
( بوالو ) ڕەخنەگرێکی کلاسیکی بوو کە وتویەتی ( هەمیشە بە دەنگ ئەقڵەوە بچۆ و لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بهێنە. )

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

پ١٩/ دیارترین ڕەخنەگرەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی کێن؟ چۆن لە دەقی ئەدەبیان ڕوانیوە؟

و/ دیارترین ڕەخنەگری ڕێبازی ڕۆمانتیکی ( مەدام دی ستال ) و ( سانت بیڤ )ن.

( مەدام دی ستال ) ڕای وایە دەبێت ( دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خوورەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت. )

( سانت بیڤ ) ڕای وایە دەبێت ( دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەرە. ) هەر بۆیە دەبێ ڕەخنەش تیشك بخاتە سەر دەرونی نووسەر و ناخی نووسەرمان بۆ ڕۆشنبکاتەوە.

پ٢٠/ پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ( ڕۆمانتیک ) و ( کلاسیک ) بۆ چ جۆرە شیعرێك دەستیان دەدا؟ بۆچی؟

و/ پێوانە ڕەخنەییەکان لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بۆ شیعری ویژدانی ( لیریکی ) دەستیان دەدا بەرهەمی خودی و کەسی بوون.

بە پێچەوانەوەی بەرهەمی کلاسیکەکان کە ( تراژیدیا و کۆمێدیا ) بوون و بابەتی بوون.

پ٢١/ لەدوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی چەند ڕێبازێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی سەریان هەڵدا کامانەن؟

و/ لەدوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی کۆمەڵێ ڕێبازی تری ئەدەبی و ڕەخنەیی سەریان هەڵداو هاتنەکایەوە کە گرنگترینیان:

ڕێبازی ئەدەبی: ﴿ ڕیالیزمی و پەرناسی و هێماگەری و فۆرمالیزمی ... ﴾

ڕێبازی ڕەخنەیی: ﴿ ڕێبازی شیکاری دەرونی و ڕێبازی مارکسی و ڕێبازی شێوەگەرایی یان بنیاتگەری ... ﴾

پ٢٢/ ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی پێ لەسەر چی دادەگرێت؟ دەبێت چۆن بێت؟

و/ بەگشتی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی لە سەدەی نۆزدە پێدادەگرێت کە دەبێت پێوانە ڕەخنەییەکان بابەتی بن و لە بازنەی تێڕوانینی کەسیی ڕەخنەگردا نەهێڵرێتەوە و ڕاستەوخۆ لە سروشتی دەقی ئەدەبی خۆیەوە بەدەست بهێنرێن.

## ڕەخنەی خۆرهەڵاتی

پ٢٣/ مەبەست لە ڕەخنەی خۆرهەڵاتی چییە؟ سەرەتای ئەم ڕێرەوە ڕەخنەییە لەچ سەردەمێك دەست پێدەکات؟ چۆن؟ شاعیران بەرهەمەکانیان بۆ کێ دەخوێندەوە؟ چۆن بەرهەمەکانی هەڵدەسەنگاند؟ پێوانە ڕەخنەییەکان چۆن بوون؟

و/ ئەو ڕێرەوە ڕەخنەییە سەرەتا لە ئەدەبی عەرەبیدا سەریهەڵداوە دواتر لەلایەن ئەدەبی میللەتە موسڵمانەکانی ترەوە فراوانتر و بەربڵاوترکراوە و بووەتە تیۆرێکی ڕەخنەیی تایبەت بەو گەلانە، سەرەتای ئەم ڕێرەوە لە ئەدەبی عەرەبی سەردەمی ( جاهیلی )یەوە دەست پێدەکات، ئەوەش کاتێك کە هۆزە عەرەبەکان ساڵانە لە بازاڕی ( عوکاز ) لە نزیك مەککە کۆدەبوونەوە و شاعیرانی هەر هۆزێك بەرهەمی خۆیان بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەو کاتە کە ناوی ( نابغەی زوبیانی ) بووە خوێندووەتەوە ئەویش وەك دادوەرێکی ئەدەبی و ڕەخنەگرێك ڕاوبۆچوونی خۆی دەربارەی دەقە شیعرییەکان خستووەتەڕوو، پێوانە ڕەخنەییەکانیش زیاتر هونەری بوون و لە دەوری وشە و واتای جوان و گونجاو و شیاو و شایستە سوڕاونەتەوە.

پ٢٤/ پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێوانە ڕەخنەییەکان لە چییەوە بەدەست دەهێنران؟ داوای چی لە شاعیران دەکرا؟

و/ پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش پێوانە ڕەخنەییەکان لە ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامەوە بەدەست دەهێنران و لە ڕوانگەی باوەڕی ئایینی شاعیرەوە لە دەقەکان داوادەکرا کە دەبێت شاعیران ( پەیامدار ) بن و بەرهەمەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکە دابێت.

هەمیشە بیر لە سەرکەوتن و نمرەی بەرزتر بکەوە

WWW.XWENDN.KRD

# ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

**پ١/ کۆنترین جۆری ئەدەبی کوردی چی بوو؟ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کەی سەری هەڵداوە؟ تێڕوانینی ڕەخنەیی بۆچی سەرهەڵدەدا؟**

و/ ئەدەبی کوردی مێژویەکی دێرینی هەیە و کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش شیعرە، لەگەڵ لەدایکبوون و بەرەو پێشچوونی شیعری کوردیدا ڕەخنەی ئەدەبیش سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە بەو پێیەی هەر لەگەڵ پەیوەندی کردنی دەقی ئەدەبی بە گوێگر یان خوێنەر تێڕوانینی ڕەخنەییش بۆ پەسندکردن یان پەسندنەکردنی دەق سەرهەڵدەدات ئەگەر بە شێوەیەکی سادەش بێت و پێوانە ڕەخنەییەکانیش زانستی نەبن.

**پ٢/ بۆچی چالاکی و بەرهەمی ڕەخنەییمان لە چاو بەرهەمی شیعردا کز و لاواز دەبینرێت؟ ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ چۆن؟**

و/ چالاکی و بەرهەمی ڕەخنەییمان لەچاو بەرهەمی شیعردا کزولاواز دەبینرێت، چونکە تا ئێستاش وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی پێش سەدەی بیستەممان نەهاتووەتە بەردەست و ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە هەن مێژوەکەیان بۆ ساڵانی دوای بیستی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەگەری کوردی تیایدا بەرەو گەشەسەندن چووەو چاپەمەنی کوردیش بەرەو پێشچووە.

**پ٣/ ئایا لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەم چالاکی ڕەخنەیی هەبووە؟ چۆن بووە؟**

و/ بەڵێ لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەم چالاکی ڕەخنەیی لە ئارادا بووە و شاعیرانی کورد خۆیان لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا تێڕوانین و بۆچوونی ڕەخنەییان خستووەتەبەردەست و دەستنیشانی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەییان کردووە

**پ٤/ ( مەلای جزیری ) چی وروژاندووە؟ وشەی ڕەخنەی چۆن بەکارهێناوە؟ لە پاڵ وشەی ڕەخنەدا چی بەکارهێناوە چین؟**

و/ ( مەلای جزیری ) لە بەیتە شیعرییەکانیدا کۆمەڵێ باسی ڕەخنەیی وروژاندووە. وشەی ڕەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە کە ئێستا بەکاری دەهێنن لە پاڵ ئەو وشەیەشدا کۆمەڵێ زاراوەی ڕەخنەیی بەکارهێناوە کە هەریەکەیان تایبەتن بە چەند پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرییەوە، وەك: ( ئەزمی لەتیف ) و ( سڤك ) و ( ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع ).

**پ٥/ ئەو بنەما ڕەخنەیە چییە کە مەلای جەزیری دەست نیشانی دەکات؟ باشترین شیعر بە لایەوە چ شیعرێکە؟**

و/ئەو بنەما ڕەخنەییە دەستنیشان دەکات کە بەلایەوە باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوان بن و واتاکانیشیان سوودبەخش بن.

**پ٦/ ( ئەحمەدی خانی ) چۆن و لە چیدا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە دیاردەکات؟**

و/ ( ئەحمەدی خانی ) بەوردی ئاوڕی لە چەند کێشەیەکی ڕەخنەیی داوەتەوە لە ( مەم و زین )ەکەیدا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە دیاردەکات.

**پ٧/ ( خانی ) لە ( مەم و زین ) دا چ ڕاستییەك دەخاتەڕوو؟ داوای چی لە ڕەخنەگران دەکات؟ بۆچی؟**

و/ ( خانی ) ئەو ڕاستییە دەخاتە بەر دەست کە دەقی شیعری دوای لەدایکبوونی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت. بۆیە ئەمیش داوا لە ڕەخنەگران دەکات لە کاتی ڕەخنەگرتندا ڕەنج و ماندووبوونی شاعیریان لەبەرچاو بێت و ئەگەر کەم و کوڕییەکیش لە شیعرەکەدا هەبوو ئەوا نەیکەنە بەهانەو بەیەکجاری دەقەکە بە بێسود و بێکەڵك دابنێن، چونکە هەموو دەقێك کە ڕەسەن بێت و دزراو نەبێت وەك ڕۆڵەی شاعیر وایەو لای شاعیر خۆشەویستە و کەسیش پێی خۆش نییە کە بەخراپی لە منداڵەکانی بڕوانرێت. بەم تێڕوانینە ( خانی ) ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی داهێنانە.

**پ٨/ ( خانی ) لە شیعرێکدا باسێکی گرنگی ڕەخنەیی دەوروژێنێ چییە؟ و داوای چی لە شاعیران کراوە؟ بە نموونەی شیعرییەوە.**

و/

ئەی خامە تەژی گەلەك درێژکر ... ئەڤ نامە بەسە تە پڕ قرێژکر

هەرچەند کەلام شوبهی دوڕبەت ... بێ قەدر دبت دەما کو پڕ بت

واتە: ئەی قەڵەم تۆ درێژەت بە باسەکە داوە، ئیتر بەسەو لە کورتی بیبڕەوە چونکە وتەکان ئەگەر وەك گەوهەریش بن کە زۆربوون







WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

بێنرخ دەبن. لێرەدا ( خانی ) باسێکی گرنگی ڕەخنەیی دەورژێنێ کە ئەویش باسی ( کورتبڕی )یە لە دەقی شیعریدا تا ئەمڕۆش پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرییە و هەمیشەش داوا لە شاعیران کراوە کە هەوڵبدەن بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بدەن بەدەستەوە.

پ٩/ چالاکی ڕەخنەیی لە شیعری شاعیرانی کرمانجی خوارووا چۆن بووە؟

و/ لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی کرمانجی خوارووا دەتوانرێت ئەو ڕاستییە بەدەست بهێنرێت کە چالاکی ڕەخنەیی هاوتەریبی چالاکی شیعر بووە و بە پێی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی چ شاعیران خۆیان یان گوێگرەکانیان بووبن ڕاوبۆچوونی ڕەخنەییان دەربارەی دەقی شیعری دەربڕیوە.

پ١٠/ لە چەند بەیتێکی ( نالی )دا چی خراوەتەڕوو نالی ڕووی ڕەخنە لە کێ دەکات و چیان پێ دەڵێت؟ بە نموونەی شیعرییەوە.

و/ کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

لە چەند بەیتێکی نالیدا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی خراونەتەڕوو کە لە بنەما گرنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی سەردەمەکە بوون. ( نالی ) لەم دێرەدا ڕوو لەو کەسانە دەکات کە ڕەخنەیان لێ گرتووە و توانجی ئەوەیان لێداوە کە شیعر بە زمانی کوردی دەنووسێت و شیعری کوردیش بەهرە و هونەرمەندی تیادا نییە، پێیان دەڵێ: هونەرمەندی لەوەدایە کە چۆن توانیویەتی بە زمانی کوردی ئەو واتا جوان و ناسکانە دەربڕێت.

پ١١/ ( نالی ) بە چ پێوانەیەکی ڕەخنەیی شیعری هەڵسەنگاندووە بەلایەوە بەهای دەق لە چی دایە؟

و/ ( نالی ) بەو پێوانە ڕەخنەییە ( وشە و واتا )ی شیعری هەڵسەنگاندووە، کە بەلایەوە بەهای دەق واتای جوان و نوێیە نەک هەر بەتەنیا وشەو واژەی جوان و ڕازاوە.

پ١٢/ بەلای ( نالی )یەوە شیعری جوان و بەهادار چ شیعرێکە؟ ( نالی ) و ( خانی ) لە چ بنەڕەتێکی ڕەخنەیی لەیەکدەچن؟

و/ ( نالی ) وەك ( ئەحمەدی خانی ) دەستنیشانی ئەو بنەڕەتە ڕەخنەییە دەکات کە بەلایەوە شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیە کە بە کەمترین وشە زۆرترین واتای دەربڕیوە. ( نالی ) و ( ئەحمەدی خانی ) لە بنەڕەتی ڕەخنەیی کورتبڕی لە یەك دەچن.

پ١٣/ سالم باس لە چ پێوانەیەکی ڕەخنە دەکات؟ شانازی بە چی دەکات؟ پەردە لەسەر چ ڕاستییەك هەڵدەداتەوە؟ و چ بنەڕەتێکی گرنگی ڕەخنەیی دیاردەکات؟

و/ سالم لە چەند بەیتێك باسی لەو پێوانە ڕەخنەییانە کردووە کە لە سەردەمەکەیدا ڕەخنەگران بایەخیان پێداوە. شانازیکردنی سالم بە توانای شیعری خۆی و شاعیرانی هاوڕێیەوە پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵدەداتەوە کە بنەڕەتێکی گرنگی ڕەخنەیی لەو قۆناغە ئەدەبییەدا توانای بەکارهێنانی هونەرەکانی ( ڕەوانبێژی ) بووە. بۆیە دەڵێت: ( شاعیرانی کورد توانیویانە ڕەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و بە زمانی کوردی لە مەیدانی ئەو زانستەدا ببنە سوارچاکی سەردەمەکە. )

پ١٤/ ( حاجی قادری کۆیی ) چۆن ئاوڕی لە چالاکی ڕەخنەیی سەردەمەکەی داوەتەوە؟

و/ ( حاجی قادری کۆیی ) لە چەند بەیتێکی شیعرەکانیدا ئاوڕی لە چالاکی ڕەخنەیی سەردەمەکەی داوەتەوە و کۆمەڵێ بنەڕەتی ڕەخنەییمان بۆ دیاردەکات.

پ١٥/ ( حاجی قادر ) زیرەکانە گرنگی ڕەخنەمان بۆ دەستنیشان دەکات کە دەبێت ڕەخنەگر چۆن بێت؟ بە چی ناویان دەبات؟

و/( حاجی قادر ) زیرەکانە گرنگی ڕەخنەمان بۆ دەستنیشان دەکات و ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە ڕەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزا و بەتوانا بن، چونکە هەموو کەسێ ناتوانێ ببێتە ڕەخنەگر، کە حاجی بە ( سەڕافی زێر و زیوی قسە ) ناویان دەبات.

پ١٦/ لە سەردەمی ( حاجی قادر )دا پشت بە چ پێوانەیەکی ڕەخنەیی بەستراوە؟ چۆن بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات؟

و/ بە پشتبەستن بە پێوانەیەکی ڕەخنەی ئەو سەردەمەکە پێوانەی ( ڕەوانبێژی و ڕونبێژی ) بوو، بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات و شانی پێ لە شیعری فارسی دەدات.


WWW.XWENDN.KRD
XWENDN

ڕەنگیانداوەتەوە؟ لە چیدا بیستەمدا سەدەی پێش لە ڕەخنەییەکان پێوانە و چالاکی/پ١٧

و/ چالاکی و پێوانە ڕەخنەییەکان لە ئەدەبی کوردی پێش سەدەی بیستەمدا تەنها لە شیعردا ڕەنگیانپێدراوەتەوە و لە وتار و لێکۆڵینەوە نەخراونەبەردەست.

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی

پ١٨/ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کەی و چۆن گەشەی کرد؟

و/ لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەگەڵ سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی چاپەمەنی کوردیدا ڕەخنەش گەشەی کرد.

پ١٩/ کتێبی ( ئەنجومەنی ئەدیبان ) هی کێیە؟ ساڵی چەند و لەکوێ چاپکراوە؟ باسی چی دەکات؟ دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەب؟

و/ کتێبی ( ئەنجومەنی ئەدیبان ) هی ( ئەمین فەیزی بەگ )ە لە ساڵی ( ١٩٢٠ )دا لە ئەستەمبول چاپکراوە. لەو کتێبەدا بەکورتی باس لە ژیانی چەند شاعیرێکی کورد کراوە و نمونە لە شیعرەکانیان خراوەتە بەردەست، بەم پێیە ئەو کتێبە دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب )ەوە نەك ڕەخنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی ئەو شاعیرانە خستووەتەڕوو.

پ٢٠/ بە بۆچوونی ( ئەمین فەیزی ) ( نالی ) زیاتر بایەخی بەچی داوە؟ داهێنانەکانی ئاکام و ئامانجی چین؟

و/ ( ئەمین فەیزی ) لە باسی ( نالی )دا ڕای وایە لە داهێنانی شیعریدا زیاتر بایەخی بەلایەنی جوانکاری داوە و هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ دەقی شیعریدا کردووە و داهێنانەکانی ئاکامی زانست و زانیاری شیعرییە زیاتر لەوەی کە هەڵقوڵاوی بەهرەی شیعری بێت.

پ٢١/ ( ئەمین فەیزی ) ڕای دەربارەی ( مەولەوی ) چۆن بووە؟ بە ڕای ئەولەچیدا داهێنانی کردووە؟

و/ ( ئەمین فەیزی ) لە باسی ( مەولەوی )دا ڕای وایەکە مەولەوی لە ( ڕێکخستنی سەروا )دا داهێنانی کردووە کاتێ لە چوارینێکدا سەروای نیوەدێری یەکەم و سێیەمی هاوسەروا کردووەو نیوەدێری دووەم و چوارەمیشی بەسەروایەکی تر هاوسەروا کردووە، ئەم چەشنە بەکارهێنانەی سەرواشی لە شیعری هیچ میللەتێکەوە وەرنەگرتووە بەڵکو خۆی دایهێناوە.

پ٢٢/ شێخ نوری ساڵی چەند و لە چ ڕۆژنامەیەك و چۆن لێکۆڵینەوەکانی بڵاوکردووەتەوە؟ دەربارەی چی بوون؟ دەچنەچ خانەیەکی ئەدەب؟

و/ ( شێخ نوری شێخ ساڵح ) لە ساڵی ( ١٩٢٦ ) لە ڕۆژنامەی ( ژیانەوە )دا بەزنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بڵاوکردووەتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیە زیاتر دەچێتە خانەی ( تیۆری ئەدەب )ەوە.

پ٢٣/ لێکۆڵینەوەکانی ( شێخ نوری ) لە کام باسدا لە ڕەخنەی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە؟ چی دیاری دەکات؟

و/ لەو باسانەیدا کە دەربارەی ( جوانی دەقی ئەدەبی )ە لە ڕەخنەی ئەدەبی نزیکدەبێتەوە بەتایبەتی لەو باسەیدا کە جیاوازی نێوان زمان و شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانە و شێوازی زانستی و شێوازی ئەدەبی دیاری دەکات.

پ٢٤/ ( سیاپۆش ) ناوی خوازراوی کێیە؟ وتارەکەی بە ناونیشانی چییە؟ ساڵی چەند بڵاوی کردەوە؟ دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەب؟

و/ ( سیاپۆش ) ناوی خوازراوی برایم ئەحمەدە وتارەکەی بە ناونیشانی ( شاعیرەکانمان )ە، ساڵی ( ١٩٣٢ ) بڵاوی کردووەتەوە، ئەم وتارەش نەك هەر ڕاستەوخۆ دەچێتە ( خانەی ڕەخنە ) بەڵکو دەرگایەکی نوێش لەبەردەم ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەکاتەوە، وشیارانە دەیەوێ سیمایەکی تازە بە ئەدەبی کوردی بپۆشێت و بەرگێکی نوێ بکاتە بەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

پ٢٥/ ( سیاپۆش ) لە وتارەکەیدا هەوڵی چی دەدات؟ ( برایم ئەحمەد ) وتارەکە چ دەورێکی هەبوو بۆ ئەو سەردەمە؟

و/ ( سیاپۆش ) لە وتارەکەیدا هەوڵدەدات چەمکێکی نوێ بۆ شیعری کوردی بخاتە بەردەست و بە پێی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێنرێت، وتارەکە بۆخۆی لەو سەردەمەدا بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی گەلێ نوێ دادەنرێت و شوێنێکی دیار لە ڕێڕەوی ڕەخنەی کوردیدا دەگرێت.

پ٢٦/ کتێبەکەی ( عەلی کەمال باپیر ) ناوی چییە؟ ساڵی چەند بڵاوکراوەتەوە؟ دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەب؟ بۆچی؟

و/ کتێبەکەی ( عەلی کەمال باپیر ) بە ناونیشانی ( گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم )ە، کە لە ساڵی ( ١٩٣٩ ) بڵاوی کردووەتەوە، ئەم

WWW.XWENDN.KRD

بەرهەمەش دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب )ەوە نەك ڕەخنەی ئەدەبییەوە، چونکە بەکورتی باس لە ژیانی چەند شاعیرێکی کوردی هاوچەرخ دەکات و نمونەی شیعرەکانیان دەخاتە بەردەست.

پ٢٧/ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ( گەلاوێژ ) چ گرنگی یەکی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەبوو؟

و/ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ( گەلاوێژ )دا زەمینەیەکی لەبار ڕەخسا بۆ وتاری ڕەخنەیی و کۆمەڵێ نووسەر لە بواری ( کرداری )دا چەند وتاری ڕەخنەییان بڵاوکردووەتەوە.

پ٢٨/ وتارەکانی گۆڤاری ( گەلاوێژ ) لە چ ئاستێکدا بوون؟ بوونەتە هۆی چی؟ لە وتاری کێدا دەردەکەوێت؟

و/ ئەو وتارانە لە ئاستی جیاجیادا بوون و زۆرجار بۆخۆیان بوونەتەوە جێگای ڕەخنەلێگرتن، هەروەك لەو وتارەی ( جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی )دا دەردەکەوێت. کە تێیدا ڕوو لە گۆڤاری گەلاوێژ دەکات.

پ٢٩/کتێبی ( شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ) هیی کێیە؟ چەند بەرگە؟ بەرگی یەکەم کەی بڵاوکراوەتەوە؟ دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەب؟

و/ کتێبی ( شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ) هیی ( ڕەفیق حیلمی )یە، دوو بەرگە، بەرگی یەکەمی لە ساڵی ( ١٩٤١ )ز بڵاوکرایەوە، ئەگەرچی ئەم بەرگە زیاتر دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب )ەوە بەڵام لە هەندێ شوێندا ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی شاعیرەکان خستووەتەبەردەست.

* لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئاسۆی بەردەمی ئەدەبی کوردی ڕەخنەی ئەدەبیش بواری چاکتری لەبەردەمدا کردنەوە.

پ٣٠/ ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) هیی کێیە؟ ساڵی چەند بڵاوکراوەتەوە؟ چی بۆ خوێنەری کورد کرد؟

و/ ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) هیی ( عەلائەدین سەجادی )یە، ساڵی ( ١٩٥٢ )ز بڵاوکراوەتەوە، خوێنەری کورد زیاتر ئاشنای شیعر و شاعیرانی نەتەوەکەمان بوون و بواری هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ڕەخنەیی زیاتر لەبەردەمدا کردنەوە. دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب )ەوە.

پ٣١/ ( شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ) هیی کێیە؟ بەرگی دووەمی کەی بڵاوکرایەوە؟ باسی چی دەکات؟ چی خستۆتەڕوو؟

و/ ( شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ) هیی ( ڕەفیق حیلمی )یە، بەرگی دووەمی ساڵی ( ١٩٥٦ )ز بڵاوکرایەوە، لە پاڵ باسی ژیان و شیعری دەستەیەك لە شاعیرانی کورد، کۆمەڵێ ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی وردی دەربارەیان خستووەتەڕوو. بۆیە دەچێتە خانەی ( ڕەخنەی ئەدەب ) وەك ئەم تێڕوانینەی کە دەربارەی ( گۆران )ی شاعیرە.

پ٣٢/ گۆڤاری ( شەفەق ) ساڵی چەند و لە کوێ دەرچوو؟ چ گرنگییەکی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی هەبوو؟ بۆچی؟

و/ گۆڤاری ( شەفەق ) لە ساڵی ( ١٩٥٨ ) لە ( کەرکوك ) دەرچووە، بەو وتارە ڕەخنەییانەی کە تیایدا بڵاوکراوەتەوە، ڕەخنەی ئەدەبی گەشەسەندنێکی دیاری بەخۆیەوە بینی، چونکە وتارە ڕەخنەییەکان وردترو زانستانەتر بوون و جێگای بایەخپێدانی ئەدەبدۆستان بوون، هەربۆیەش دەبینین کە نووسەرانمان لەسەر لاپەڕەی ئەو گۆڤارە کەوتوونەتە ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی هەندێ باسی ئەدەبی و شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە.

پ٣٣/ ئەو وتارە ڕەخنەییانە کامانەن کە لە گۆڤاری ( شەفەق ) بڵاوکرانەوە، لەگەڵ ناوی نووسەرەکانیان؟

و/ - وتاری ڕەخنەیی ( کامەران و دیارییەکە ) و ( کۆن و تازە لە شیعردا )ی مارف بەرزنجی

- وتاری ڕەخنەیی ( کورد و شیعر )ی هەسان کە ناوی ( عومەر عارف )ە.
- وتاری ڕەخنەیی ( کورد و ئسلوبی شیعر )ی مارف خەزنەدار
- وتاری ڕەخنەیی ( شیعرو نوسینی کوردی )ی ڕەفیق حیلمی

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
مامۆستا عومەر ئەحمەد حەیدەر
ئامادەیی (ئازادی)ی گۆران

پ٢٤/ ئەو لیکۆڵینەوە ڕەخنەییانە چین کە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ( ١٩٥٨ ) بڵاوکرانەوە؟

و/ دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ( ١٩٥٨ ) بواری ئەوە لەبەردەم نووسەرانی کورد کرایەوە کە لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بڵاوبکەنەوە، وەك - لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ( کامەران و هۆنراوەی نوێ ) هیی ( حسێن عارف ) بەناوی ( محەمەد سدیق عارف )ەوە.

- لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ( حاجی قادری کۆیی ) هیی ( محەمەدی مەلا کەریم )ە.

- لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ( کامران شاعر من کوردستان ) بە زمانی عەرەبییە هیی ( کامیل حەسەن بەسیر )ە.

پ٣٥/ کردنەوەی بەشی کوردی لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا چ گرنگییەکی بۆ بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەبوو؟

و/ کردنەوەی بەشی کوردی لە ساڵی ( ١٩٥٩ - ١٩٦٠ ) لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بوونی بابەتی ڕەخنە لە پرۆگرامی خوێندنی ئەو بەشەدا و وتنەوەی ئەو بابەتە بۆ ماوەیەك لەلایەن ( گۆران )ی شاعیرەوە، ڕەخنە سیما و شەقڵێکی گەشتر و زانستانەتری وەرگرت.

پ٣٦/ ئەو نامە ئەکادیمیانەی کە لەلایەن خوێندکاران لە دەرەوەی عیراق لە ئەدەبی کوردی بەدەستیان هێنا کەی بوو؟ و کامانەن؟ چ ڕۆڵێکیان هەبوو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی؟

و/ لەناوەڕاستی شەستەکان خوێندکاران لە دەرەوەی عیراق بڕوانامەی دکتۆرایان لە ئەدەبی کوردی بە دەستهێنا ڕەخنەی ئەدەبی هەنگاوێکی نوێی بەرەو پێشچوونی بۆ ڕەخسا ١- ( ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی ) ( د. عیزەدین مستەفا ڕەسول )

٢- ( کورتەی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی ) ( د. مارف خەزنەدار )

٣- ( حاجی قادری کۆیی - ژیان و بەرهەمی ) ( د. ئیحسان فوئاد )

پ٣٧/ بزوتنەوەی ( ڕوانگە ) کەی سەری هەڵدا؟ چ کاریگەریەکی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی هەبوو؟

و/ لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ( ڕوانگە )دا ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم چالاکی ڕەخنەییدا کرایەوە لە پاڵ بەرهەمی بڵاوکراوەی نووسەرانی ئەو بزوتنەوەیە کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەییش دەربارەی بزوتنەوەکە خۆی و دەربارەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بڵاوکرانەوە. بەم پێیە خودی بزوتنەوەی ڕوانگە بوارێکی نوێ و فراوانی لەبەردەم ڕەخنەشدا کردەوە. شێرکۆ بێکەس

پ٣٨/ لەدوای ساڵی ( ١٩٧٥ ) ئەدەب و ڕەخنەی کوردی چی بەسەرهات؟ چی وایکرد کە بە زیندوویی بمێننەوە؟ سیمای دیاری بەرهەمی ساڵانی هەشتا چی بوو؟

و/ لەدوای ساڵی ( ١٩٧٥ ) ئەگەرچی تاڕادەیەك ئەدەب و ڕەخنەی کوردیش وەك شۆڕشەکەی تووشی جۆرە نوشستییەك بوو بەڵام خۆڕاگری و چۆکدانەدانی ئەدیبان و نووسەرانی کورد نەك بووە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی ئەدەبیمان بەردەوام بێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە. بەڵکو خولیای داهێنان و هەنگاونان بەرەو پێشچوون بووبوو بە سیمای دیاری ساڵانی هەشتای ئەدەبی کوردی.

---

## خۆت تاقیبکەوە / ڕەخنەی ئەدەبی

١- وشەی ( نقد )ی عەرەبی و ( کریتیك )ی لاتینی لەبەرامبەر چ وشەیەك بەکارهاتوون؟

A- ڕەخنە B- شیعر C- تیۆر D- ڕۆمان

٢- ڕەخنەی ئەدەبی لقێکی لیکۆڵینەوەی ئەدەبییە و بایەخ بەلیکۆڵینەوەی چی دەدات؟

A- بەرهەمی ئەدەبی B- مێژووی ئەدەبی C- تیۆری ئەدەبی D- هیچیان

٣- لقێکی لیکۆڵینەوەی ئەدەبییە و بایەخ بە لیکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدات:

A- ڕەخنەی ئەدەبی B- مێژووی ئەدەبی C- تیۆری ئەدەبی D- هیچیان

٤- ڕەخنەی ئەدەب لە چ بنەمایەك دەکۆڵێتەوە؟

A- بنەمای هونەری B- بنەمای هزری C- بنەمای زانستی D- بنەمای هونەری و هزری

٥- لەو بنەما هونەری و هزریانە دەکۆڵێتەوە کە دەقی ئەدەبیان [illegible]

WWW.XWENDN.KRD

﴿A- ڕەخنەی ئەدەبی B- مێژووی ئەدەبی C- تیۆری ئەدەبی D- ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی﴾

٦- بەرجەستەکەری جوانی و ڕەنگرێژکەری ژیان و دەروونی مرۆڤن:

﴿A- ڕەخنەگران B- ئەدیبیان C- شاعیران D- خوێنەران﴾

٧- بزوێنەری چالاکی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبین: ﴿A- ڕەخنەگران B- ئەدیبیان C- شاعیران D- خوێنەران﴾

٨- لێکۆڵەرێکی ئەدەبی شارەزا بێت و زانیاریی تەواوی دەربارەی مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی هەبێت:

﴿A- نووسەر B- ئەدیب C- شاعیر D- ڕەخنەگر﴾

٩- دەبێت زانیاری لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری هەبێت و شارەزایی گشتیشی لە زانستە مرۆیی و زانستەکانی تر هەبێت. ﴿A- شاعیر B- نووسەر C- ڕەخنەگر D- خوێنەر﴾

١٠- لە مێژووی ڕەخنەی جیهانیدا چەند ڕێڕەوی ڕەخنەیی بەدیدەکرێن؟ ﴿A- یەك B- دوو C- سێ D- چوار﴾

١١- سەرەتای ڕێڕەوی ڕەخنەی خۆرئاوایی دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ لە ئەدەبی کێ دەستی پێکردووە؟

A- پێش زایین لە ئەدەبی یۆنانی B- پێش زایین لە ئەدەبی ڕۆمانی

C- پێش زایین لە ئەدەبی فارسی D- پێش زایین لە ئەدەبی ئەورووپی

١٢- یەکەم هەنگاو لە ڕێڕەوی ڕەخنەی خۆرئاوایی لەکاتی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنەکانیانەوە چییان پێشکەشکردووە؟

﴿A- وتار B- شانۆگەری C- لێکۆڵینەوە D- ئەفسانە﴾

١٣- لە یەکەم هەنگاوی ڕێڕەوی ڕەخنەی خۆرئاوایی دروستکردنی لیژنەیەك بوو بۆ هەڵبژاردنی باشترین دەقی:

﴿A- تراژیدی B- کۆمیدی C- تراژیدی و کۆمیدی D- لیریکی﴾

١٤- یۆنانیەکان شانۆگەرییان بە شێوەی چی پێشکەشکردووە؟ ﴿A- وتار B- شیعر C- لێکۆڵینەوە D- ئەفسانە﴾

١٥- لە ڕەخنەی خۆرئاواییدا بە پێی چ پێوانەیەك دەقەکانیان هەڵبژاردووە؟

﴿A- هونەری B- هزری C- بابەتی D- هونەری و هزری﴾

١٦- (بۆقەکان) لەلایەن کێ نووسراوە؟ ﴿A- ئەرستۆ B- ئەرستۆڤانیس C- بوالۆ D- ئەفلاتون﴾

١٧- (بۆقەکان) کە بەرهەمی ئەرستۆڤانیسە لە سەدەی چەند نووسراوە؟

﴿A- شەشەمی پێش زایین B- پێنجەمی زایین C- نۆیەمی زایین D- دەیەمی زایین﴾

١٨- (بۆقەکان)ی ئەرستۆڤان بریتییە لە بەرهەمێکی: ﴿A- تراژیدی B- کۆمیدی C- تراژیدی و کۆمیدی D- لیریکی﴾

١٩- ئەرستۆڤانیس ڕاوبۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەیی دەربارەی کێ خستووەتەڕوو؟

﴿A- یوربیدز B- ئەسخیلۆس C- سۆفۆکلیس D- هەموویان﴾

٢٠- دیارترین ڕێبازی ڕەخنەی ئەدەبی لەلایەن فەیلەسوفە یۆنانییەکان ئەخشێنراوە کە بریتین لە:

﴿A- یوربیدز و ئەسخیلۆس B- بوالۆ و سانت بیڤ C- ئەرستۆ و بوالۆ D- ئەفلاتون و ئەرستۆ﴾

٢١- (شاعیران ناتوانن ڕاستییەکان بگەیەنن بەخەڵك و لەبری ئەوەی چاکەیان فێربکەن هەڵیان دەخەڵەتێنن) ئەمە ڕای کێ بوو؟

﴿A- ئەرستۆ B- بوالۆ C- ئەفلاتون D- ئەرستۆڤانیس﴾

٢٢- (شاعیران وا لە خەڵك دەکەن جڵەو بدەنە دەست هەست و سۆز نەك ئەقڵ) ئەمە ڕای کێ بوو؟

﴿A- ئەفلاتون B- ئەرستۆ C- بوالۆ D- ئەرستۆڤانیس﴾

٢٣- کێ ڕای وایە تراژیدیا دەروونی بینەر لە هەست و سۆزی (ترس و بەزەیی) پاکدەکاتەوە؟

﴿A- بوالۆ B- مەدام دی ستایل C- ئەفلاتون D- ئەرستۆ﴾

٢٤- بەرهەمی شیعری بە سودبەخش داناوە بەتایبەتی تراژیدیا ﴿A- سوقرات B- ئەرستۆ C- ئەفلاتون D- سانت بیڤ﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
ئامادەیی (ئازادی)ی کوران
ئامادەیی (ساڤا)ی ئاحکومی
WWW.XWENDN.KRD
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ئاحکومی

‹A- چوارده  B- شانزه  C- حەڤدە  D- هەژدە›

٢٥- ڕێبازی کلاسیکی نوێ لە فەرەنسا لە سەدەی چەند سەریهەڵدا؟

٢٦- لەو بەرهەمەیدا کە بە ناوی ( هونەری شیعر )ە کۆمەڵێ دەستور و یاسای هونەری بۆ تراژیدیا داڕشتووە:

‹A- ئەرستۆ  B- ئەفلاتون  C- یوربیدز  D- بوالۆ›

٢٧- کێ ڕاوبۆچوونەکانی ( ئەرستۆ )ی جێگیرکرد و کردیە پێوانەی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ لە ئەوروپا؟

‹A- ئەفلاتون  B- یوربیدز  C- بوالۆ  D- سانت بیڤ›

٢٨- ( بوالۆ ) کە ڕەخنەگرێکی فەرەنسی بوو ڕاوبۆچوونەکانی کێی جێگیرکرد و کردیە پێوانەی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ لە ئەوروپا؟

‹A- ئەفلاتون  B- یوربیدز  C- ئەرستۆ  D- سانت بیڤ›

٢٩- کام ڕێباز لە ئاکامی بوژاندنەوەو لاسایکردنەوەی بەرهەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان سەری هەڵدا؟

‹A- کلاسیک  B- ڕۆمانتیک  C- ڕیالیزم  D- پەڕناسی›

٣٠- لە جڵەودانە دەست ئەقڵ و ژیری و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز. یەکێکە لە بنەما ڕەخنەییەکانی ڕێبازی:

‹A- ڕۆمانتیک  B- کلاسیکی نوێ  C- ڕیالیزم  D- سوریالیزم›

٣١- بایەخدان بەچێژی دروست و گرنگیدان بە بەها مرۆڤایەتییە گشتییەکان. یەکێکە لە بنەما ڕەخنەییەکانی ڕێبازی:

‹A- ڕۆمانتیک  B- کلاسیکی نوێ  C- ڕیالیزم  D- سوریالیزم›

٣٢- لەدوای ڕێبازی کلاسیکی کام ڕێباز سەری هەڵدا؟ ‹A- پەڕناسی  B- ڕیالیزم  C- فۆرمالیزمی  D- ڕۆمانتیکی›

٣٣- گرنگیدان بە بەها کەسییەکان و بەلای تاکە کەسەوە گرنگن. یەکێکە لە دیارترین پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی:

‹A- ڕۆمانتیک  B- کلاسیک  C- ڕیالیزم  D- سوریالیزم›

٣٤- بایەخدان بە هەست و سۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ یەکێکە لە پێوانەی ڕەخنەی ڕێبازی:

‹A- ڕیالیزی  B- فۆرمالیزمی  C- کلاسیکی  D- ڕۆمانتیکی›

٣٥- ( ئەوەی گرنگ بێت بەلای منەوە ئەوەیە کە گوێ ئەدەمە ئەقڵ ) ئەمە بۆچوونی کێیە؟

‹A- ئەلفرید دی موسێ  B- سانت بیڤ  C- ئەرستۆ  D- بوالۆ›

٣٦- ( هەمیشە بەدەم ئەقلەوە بچۆ لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بهێنە ) ئەمە بیروبۆچوونی:

‹A- ئەلفرید دی موسێ  B- سانت بیڤ  C- ئەرستۆ  D- بوالۆ›

٣٧- ( دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خورەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت ) ئەمە ڕای کێیە؟

‹A- سانت بیڤ  B- بوالۆ  C- ئەرستۆ  D- مەدام دی ستایل›

٣٨- ‹A- سانت بیڤ  B- بوالۆ  C- مەدام دی ستایل  D- ئەرستۆ› دەڵێت: ( دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست وسۆزی نووسەرە )

٣٩- پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ( ڕۆمانتیک ) بۆ شیعری چی دەستیان دەدا؟

‹A- کۆمیدی  B- ویژدانی ( لیریکی )  C- تراژیدی  D- کۆمیدی و تراژیدی›

٤٠- پێوانە ڕەخنەییەکانی کام ڕێباز بۆ شیعری ویژدانی ( لیریکی ) دەستیان دەدا چونکە بەرهەمەکانیان خودی و کەسی بوون؟

‹A- کلاسیک  B- ڕۆمانتیک  C- ڕیالیزم  D- پەڕناسی›

٤١- پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی کلاسیک بۆ چ بەرهەمێک دەستیان دەدا؟

‹A- تراژیدی  B- لیریکی  C- کۆمیدی  D- تراژیدی و کۆمیدی›

٤٢- پێوانە ڕەخنەییەکانی کام ڕێباز بۆ تراژیدیا و کۆمیدیا دەستیان دەدا چونکە بەرهەمەکانیان بابەتی بوون؟

‹A- کلاسیک  B- ڕۆمانتیک  C- ڕیالیزم  D- پەڕناسی›

٤٣- یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان: ‹A- ڕیالیزمی  B- شێوەگەرایی  C- [illegible]  D- شیکاری دەروونی›

WWW.XWENDN.KRD

٤٤- یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان: ﴿A- بنیاتگەری B- پەرناسی C- مارکسی D- شیکاری دەروونی﴾

٤٥- یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان: ﴿A- هێماگەری B- شێوەگەرایی C- مارکسی D- شیکاری دەروونی﴾

٤٦- لەدوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی چەند ڕێبازێکی ئەدەبی هاتنەکایەوە یەکێك لەمانە ڕێبازی:

﴿A- بنیاتگەری B- فۆرمالیزمی C- مارکسی D- شیکاری دەروونی﴾

٤٧- یەکێکە لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان: ﴿A- پەرناسی B- هێماگەری C- فۆرمالیزمی D- شیکاری دەروونی﴾

٤٨- یەکێکە لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان: ﴿A- پەرناسی B- مارکسی C- هێماگەری D- ڕیالیزمی﴾

٤٩- یەکێکە لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان: ﴿A- پەرناسی B- هێماگەری C- فۆرمالیزمی D- شێوەگەرایی﴾

٥٠- لەدوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی چەند ڕێبازێکی ڕەخنەیی هاتنەکایەوە یەکێك لەمانە ڕێبازی:

﴿A- پەرناسی B- هێماگەری C- فۆرمالیزمی D- بنیاتگەری﴾

٥١- بەگشتی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی لە سەدەی نۆزدە پێدادەگرێت کە دەبێ پێوانە ڕەخنەییەکان چۆن بن؟

﴿A- بابەتی B- خودی C- کەسی D- هەموو ئەمانە﴾

٥٢- بەگشتی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی لە سەدەی نۆزدە پێدادەگرێت کە دەبێ پێوانە ڕەخنەییەکان ڕاستەوخۆ لە چی بەدەست بهێنرێن؟ ﴿A- تێڕوانینی نووسەر B- تێڕوانینی ڕەخنەگر C- سروشتی دەقەکە D- هەموو ئەمانە﴾

٥٣- مەبەست لەو ڕێڕەوە ڕەخنەیە کە سەرەتا لە ئەدەبی عەرەبیدا سەریهەڵداوە دواتر لەلایەن ئەدەبی میللەتە موسڵمانەکانی ترەوە فراوانتر و بەربڵاوترکراوە:

﴿A- ڕەخنەی خۆرئاوایی B- ڕەخنەی خۆرهەڵاتی C- ڕەخنەی ئەدەبی کوردی D- ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی﴾

٥٤- سەرەتای ڕێڕەوی ڕەخنەی خۆرهەڵاتی لەچ سەردەمێك بووە؟

﴿A- ئەمەوییەکان B- عەباسییەکان C- دوای هاتنی ئایینی ئیسلام D- جاهیلی﴾

٥٥- هۆزە عەرەبەکان بەرهەمەکانیان دەبردە لای کێ کە وەك دادوەرێکی ئەدەبی و ڕەخنەگرێك ڕاوبۆچوونی خۆی دەخستەسەر دەقە شیعرییەکان؟ ﴿A- حەسانی کوڕی سابت B- نابغەی زوبیانی C- بوالۆ D- ئەرستۆ﴾

٥٦- پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی خۆرهەڵاتی زیاتر چی بوو؟ ﴿A- هونەری B- هزری C- هونەری و هزری D- کەسی﴾

٥٧- پێوانە ڕەخنەییەکان لە دەوری وشە و واتای جوان و گونجاو و شیاو و شایستە سوڕاونەتەوە لە:

﴿A- ڕەخنەی خۆرئاوایی B- ڕەخنەی خۆرهەڵاتی C- ڕەخنەی ئەدەبی کوردی D- ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی﴾

٥٨- لە ڕێڕەوی ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتیدا پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەبوو شاعیران چۆن بن؟

﴿A- ڕەخنەگر بن B- پەیامدار بن C- ئازاد بن D- بێلایەن بن﴾

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B -١٠ | C -٩ | D -٨ | A -٧ | B -٦ | A -٥ | D -٤ | A -٣ | A -٢ | A -١ |
| D -٢٠ | D -١٩ | B -١٨ | A -١٧ | B -١٦ | D -١٥ | B -١٤ | C -١٣ | B -١٢ | A -١١ |
| B -٣٠ | A -٢٩ | C -٢٨ | C -٢٧ | A -٢٦ | C -٢٥ | B -٢٤ | D -٢٣ | A -٢٢ | C -٢١ |
| B -٤٠ | B -٣٩ | A -٣٨ | D -٣٧ | D -٣٦ | A -٣٥ | D -٣٤ | A -٣٣ | D -٣٢ | B -٣١ |
| D -٥٠ | D -٤٩ | B -٤٨ | D -٤٧ | B -٤٦ | A -٤٥ | B -٤٤ | A -٤٣ | A -٤٢ | D -٤١ |
| | | B -٥٨ | B -٥٧ | A -٥٦ | B -٥٥ | D -٥٤ | B -٥٣ | C -٥٢ | A -٥١ |



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی

١- ئەدەبی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە و کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش بریتییە لە؟
﴿A- پەخشان B- شیعر C- چیرۆك D- وتار﴾

٢- لەگەڵ لەدایکبوون و بەرەو پێشچوونی شیعری کوردیدا چی سەری هەڵداوە:
﴿A- چیرۆك B- وتاری ئەدەبی C- ڕەخنەی ئەدەب D- تیۆری ئەدەب﴾

٣- بۆ پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی دەق سەرهەڵدەدا: ﴿A- پەخشان B- شیعر C- تێڕوانینی ڕەخنەیی D- وتار﴾

٤- ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چەندی دوایی سەدەی بیستەم؟
﴿A- بیستی B- چلی C- پەنجای D- شەستی﴾

٥- پێش سەدەی بیستەم چالاکی ڕەخنەیی لە ئارادابووە لە چ جۆرە بەرهەمێك تێڕوانین و بۆچوونی ڕەخنەییان خستووەتە بەردەست؟
﴿A- پەخشان B- شیعر C- چیرۆك D- وتار﴾

٦- کام شاعیر لە بەیتە شیعرەکانیدا کۆمەڵێ باسی ڕەخنەیی وروژاندووە؟
﴿A- ئەحمەدی خانی B- مەلای جزیری C- نالی D- حاجی قادر﴾

٧- کێ وشەی ڕەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە کە ئێستا بەکاری دەهێنن؟
﴿A- نالی B- ئەحمەدی خانی C- گۆران D- مەلای جزیری﴾

٨- کام شاعیر کۆمەڵێ زاراوەی ڕەخنەیی بەکارهێناوە کە هەریەکەیان تایبەتن بەچەند پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرییەوە، وەك (نەزمی لەتیف) و (سقك) و (ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع)؟ ﴿A- نالی B- مەلای جزیری C- گۆران D- حاجی قادر﴾

٩- کام شاعیر ئەم زاراوانەی بەکارهێناوە (نەزمی لەتیف) و (سقك) و (ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع)؟
﴿A- خانی B- نالی C- مەلای جزیری D- سالم﴾

١٠- کێ بەلایەوە باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوانبن و واتاکانیشیان سودبەخشبن؟
﴿A- مەلای جزیری B- خانی C- حاجی قادر D- نالی﴾

١١- کام شاعیری کورد بەوردی ئاوڕی لە چەند کێشەیی ڕەخنەیی داوەتەوە؟
﴿A- ئەحمەدی خانی B- نالی C- مەلای جزیری D- حاجی قادری کۆیی﴾

١٢- ئەحمەدی خانی لە چیدا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە دیاردەکات؟
﴿A- نۆبارا بچوکان B- مەم و زین C- عەقیدا ئیمان D- مەولودنامە﴾

١٣- کێ ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە دەقی شیعری دوای لەدایکبوونی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت؟
﴿A- خانی B- نالی C- مەلای جزیری D- سالم﴾

١٤- کێ داوا لە ڕەخنەگران دەکات لەکاتی ڕەخنەگرتندا ڕەنج و ماندووبوونی شاعیریان لەبەرچاو بێت؟
﴿A- سالم B- خانی C- مەلای جزیری D- حاجی قادری کۆیی﴾

١٥- کێ دەڵێت: ئەگەر کەم و کورییەکیش لە شیعرەکەدا هەبوو ئەوا ئەیکەنە بەهانە و بەیەکجاری دەقەکە بەبێسود و بێکەڵك دابنێن؟
و/ ڕۆمانی ( ژانی گەل ) هیی برایم ئەحمەدە، لە ساڵی ١٩٧٢ز لە بەغدا چاپکرا، نووسەر خۆی دەڵێت: لە ساڵی ١٩٥٦ز نووسیویەتەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی دەرفەتی گونجاو نەیتوانیوە لە کات و سەردەمی خۆیدا چاپی بکات. ڕۆمانی ( ژانی گەل ) زیاتر لە ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) دەنگی دایەوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکاتە کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر بڵاوکرایەوە.

پ١٠/ ڕۆمانی ( قەڵای دمدم ) کێ کردوویەتی بە شێوەزاری کرمانجی خواروو؟ باسی بکە
و/ لە ساڵی ١٩٧٦ز ڕۆمانی ( قەڵای دمدم )ی عەرەبی شەمۆ لەلایەن شوکر مستەفا لە زاری کرمانجی سەروو کرا بۆ زاری کرمانجی خواروو وەرگێڕدراوە.

پ١١/ ڕۆمانەکانی قۆناغی جێگیربوون لە ڕووی زمان و ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە چۆن بوون؟ باسیان بکە.
و/ زمانی نوسینی ڕۆمانە کوردییەکان لەم قۆناغەدا زمانێکی تۆکمە و کوردییەکی زۆر ڕەوانە، خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانانە سیما و شەقلی خەباتی نەتەوایەتییان پۆشی بوو ڕوداوەکان خۆماڵین و لەناوجەرگەی کۆمەڵی کوردەواری هەڵهێنجراون. شێوەی نووسین زیاتر گێڕانەوەیە دوورە لە تەکنیکی هاوچەرخ و تەمومژ و ئاڵۆزی.

XWENDN

## قۆناغی گەشەسەندن

پ١٢/ قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆمان کەی دەست پێ دەکات؟ دوو دیاردەی ئاشکرا دەبینرێن کامانەن؟
و/ ئەم قۆناغە لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم دەستپێدەکات کە دوو دیاردەی ئاشکرا دەبینرێت:
١) ژمارەی ڕۆمانی خۆماڵی نووسراو بە زمانی کوردی زیاتر دەبینرێت لەچاو قۆناغەکانی پێشوو.
٢) ژمارەی ڕۆمانی وەرگێڕاو لە زمانی بیگانە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.
لەم سەردەمەدا دوو دیاردەی دڵخۆشکەر بوون بۆنەوەی ببنە ڕێخۆشکەر بۆ گەشەسەندنی ڕۆمان بە زمانی کوردی.

پ١٣/ ئەو ڕۆمانانە کامانەن کە لە ساڵانی هەشتاکان بڵاوکرانەوە؟ لەگەڵ ناوی خاوەنەکانیان.
و/ ١- ( حسێن عارف ) لە ساڵانی هەشتا هەردوو ڕۆمانی ( شار ) و ( ئەندێشەی مرۆڤێک )ی چاپکرد.
٢- ( عزیزی مەلای ڕەش ) ( کوێخا سێوێ ) و ( غەوارە )ی چاپکرد.
٣- ( خەسرۆ جاف ) ( کوردەرە ) و ( هیچ )ی چاپکرد.
٤- ( عەبدوڵڵا سەراج ) ( هەڵکشان بەرەو لوتکە )ی چاپکرد.
٥- ( دکتۆر نافیع ئاکرەیی ) ( بوهژین )ی چاپکرد.
٦- لە شاخ دوور لە چاودێری حکومەت:


WWW.XWENDN.KRD
WWW.XWENDN.KRD

پ١٦/ گرنگترین خاسییەتەکانی وتار لە قۆناغی (١٩٥٨-١٩٧٠) دا چین؟

و/ ١) زمانی وتار پوختەتر بوو لە ڕوی وشەو زاراوە دەوڵەمەندتر بوون، بەتایبەتی کە زمانی نووسینی وتار بە زاری کرمانجی خواروو بوو هەروەها وشە و زاراوەی زارەکانی تری تێکەڵکراوە.

٢) هەوڵدراوە ڕێنووسێکی ڕاست و دروست پەیرەوبکرێت شێوازە هونەرییەکەشی بەرز و پڕ لە جوانکاری بێت.

٣) لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بابەتی سیاسی بۆخۆی سەرەکیترین بابەت بوو، کە باسی بیری ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی کراوە. زیاتریش جەخت لەسەر بیروباوەڕی نەتەوەیی و مافەکانی کورد و یەکگرتنەوەی کوردستان کراوە.

٤) لە پاڵ گەشەسەندنی وتاری سیاسی وتاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئاسۆی فراوانتریان لەبەردەم کرایەوە بەتایبەتی باسی ئەو بابەتانە کراوە کە پەیوەندیان بە نەتەوەی کوردەوە هەبوو.

٥) لەم قۆناغەش زۆر وتار لە زمانەکانی بیگانە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و ڕوناکبیری.

پ١٧/ (ڕەمزی قەزاز) وتارێکی بڵاوکردەوە لە ساڵی چەند و ژمارە چەند و لە چ ڕۆژنامەیەك؟

و/ (ڕەمزی قەزاز) وتارێکی لە ساڵی (١٩٦٧) لە ژمارە (٢٩)ی (برایی)دا بڵاوکردەوە.

## قۆناغی سێیەم- ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٩١)

پ١٨/ دەرچوونی بەیانی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) چ کاریگەریەکی لەسەر ئەدەبی کوردی هەبوو؟

و/ لەدوای ڕێککەوتنی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) بزوتنەوەی ئەدەبی لە کوردستان تارادەیەکی باش پێشکەوتووە.

١) گەلێك یانەو کۆمەڵە دەرکەوتن هەر یەکێکیان بۆ گەیاندنی بیری خۆیان چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکرد کە ئەمەش هەنگاوێکی تر وتاری بەرەوپێش برد.

٢) ئەم بارودۆخە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و هۆشیاری لەناو نووسەران و جەماوەردا خوڵقاند.

٣) گەلێك ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی و زانستی و ڕوناکبیری وەك: (زانیاری ١٩٧٠، نووسەری کورد ١٩٧١، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ١٩٧١، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٣ ....) دەرچووێنران.

پ١٩/ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ١٩٧٤ و نسکۆکەی ١٩٧٥ کاریگەری لەسەر وتار چۆن بوو؟

و/ بێگومان ئەو ڕووە گەشەی بەرەوپێشچوونی وتار تا ساڵی (١٩٧٤)ی خایاند بەڵام نسکۆی شۆڕش و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) و چەند ساڵێکی دوای ئەو ڕوداوە بۆ خۆیان چەشنە ئاستەنگێکیان لەبەردەم ئەدەبی کوردی بەگشتی و هونەری وتاردا دروستکرد، کاتێ ڕاگەیاندنی کوردی لەو چەند ساڵەدا ئەو ڕووە گەشەی پێشووی نەما و کەوتە ژێرفشارەوە.

پ٢٠/ باری وتار لەساڵانی دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە شارو شاخ چۆن بوو؟ بڵاوکراوەکان چی بوون لە شارو شاخ دەردەچوون؟ قەڵەم ڕەوانەکانی وتار کێ بوون لەم ساڵانەدا؟

و/ لەگەڵ هەموو ئەم ئاستەنگانەشدا نووسەرانی کورد لە شارەکاندا، لەدوای نسکۆ لەو چەند ژمارە کەمەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لەو سەردەمە دەردەچوون وەك (هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ) بەردەوامبوون و توانییان وتار بەرەوپێش ببەن. هەر لە پاڵ ئەمەدا نووسەرانی شاخیش لەدوای نسکۆ لە بڵاوکراوەکانی شۆڕش چالاکانە بایەخیان بە وتار داوە بەتایبەتی وتاری سیاسی لە بڵاوکراوەکانی شاخ وەك: (نووسەری کوردستان، گزنگ، هەڵمەت، قەندیل، هەڵوێستی ئەدەب، بانگ، .....)

* لە دەنگە دیارەکان و قەڵەم ڕەوانەکانی وتارنووسین لەم ساڵانەدا (تەها بەرواری، مستەفا نەریمان، جەمال خەزنەدار، ...)

پ٢١/ لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا نووسەرانی کورد لە ڕێی بەرهەمەکانیانەوە بەرگرییان لە چی دەکرد؟ چۆن؟

و/ لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا نووسەرانی کورد لەڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە دژی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکەیان خەباتیان دەکرد، هەر بۆیە وتارەکانی ئەو ساڵانە بۆخۆیان دەبوونە بنەما و پێکهێنەرێکی پتەوی ئەدەبی کوردی.



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

پ١٤/ گۆڤاری هاوار بایەخی بە چ جۆرە چیرۆکێك داوە؟ چ ئەزمونێکی تازەی تێدابووە؟

و/ گۆڤاری هاوار بایەخیداوە بە چیرۆکی وەرگێڕاو بە تایبەتی لە زمانی ( فەرەنسی و عەرەبی )یەوە دەکرانە کوردی هەندێك جاریش هەر چیرۆکە کوردییەکان لە هەمان ژمارەدا کراون بە فەرەنسی کە ئەمەش ئەزمونێکی تازە بوو لە ئەدەبی کوردیدا.

پ١٥/ بۆچی چیرۆکە نووسراو و بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاوار لە ڕوی تەکنیکییەوە تۆکمەو لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودان؟

و/ لە ڕوی تەکنیکییەوە بەشی هەرە زۆری چیرۆکە نووسراو و بڵاوکراوەکان لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودان و تەواو تۆکمەن چونکە چیرۆکنووسەکان زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزییان زانیوە.

---

## چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵانی ( ١٩٥٨ – ١٩٧٠ )

پ١٦/ لەبەرچی لە قۆناغی ( ١٩٥٨- ١٩٧٠ ) ئەدەبی کوردی بە سەردەمێکی شەوەزەنگ و تاریك تێپەڕی؟

و/ لەم قۆناغە بەدواوە بە هۆی ئاڵۆزبوونی باری سیاسیی وڵات و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ بەربەرەکانی ئەدەبی کوردی و چاپەمەنی کوردی دەکرا، ئەم بارودۆخەش کە بەسەر مێژوی نەتەوایەتیماندا هات جۆرێك لە نائومێدی باڵی کێشا بەسەر ئەدەبی کوردیدا و چەند ساڵێکی خایاند.

پ١٧/ کپی و سستی و دواکەوتنی چیرۆك وەك خۆی مایەوە لە قۆناغی ( ١٩٥٨-١٩٧٠ )؟

و/ چیرۆکی کوردی کپی و سستی و دواکەوتنی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئەم بارودۆخە هەروا نەمایەوە، لەناوەڕاستی ساڵانی شەستدا چیرۆکی کوردی تاڕادەیەك پشووی پیاهاتەوە، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکیش دەرچوون و زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخسا کە جارێکی دیکە پێشبکەوێتەوە.

## چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری شەفەق ( ١٩٥٨ )ز

پ١٨/ گۆڤاری شەفەق ساڵی چەند و لە کوێ دەرچوو؟ ڕۆڵی لە پێشخستنی چیرۆکدا چۆن بوو؟

و/لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکوك گۆڤاری شەفەق دەرچوو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی هونەری کوردی.

پ١٩/ ئەو چیرۆکنووسانە کێ بوون لە گرەوی چیرۆکی کوردیدا خەڵاتیان وەرگرت لە گۆڤاری شەفەق؟ ناوی چیرۆکەکانیان بنووسە

و/ گۆڤاری شەفەق گرەوێکی ڕێکخست بۆ باشترین سێ چیرۆکی کورت بۆ ئەم مەبەستەش سێ خەڵاتی تەرخانکرد کە لە ئە نجامدا

١- چیرۆکی ( چای شیرین )ی ( حسێن عارف ) پاداشتی ( یەکەم )ی وەرگرت کە بە ناوی خوازراوی ( محمد صدیق عارف ) بڵاوکرایەوە. ٢- چیرۆکی ( چەندم لێ ئەستێنی )ی ( مستەفا صالح کەریم ) پاداشتی ( دووەم )ی پێدرا.

٣- چیرۆکی ( شەوێکی درێژ )ی ( محەمەد صالح دیلان )ی شاعیریش پاداشتی ( سێیەم )ی پێدرا.

پ٢٠/ ئەم چیرۆکنووسانە کێ بوون کە بۆ یەکە مجار دەستیان بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کورت کرد لە گۆڤاری شەفەق؟

و/ لەم ماوەیەدا چەند چیرۆکنووسێك بۆ یەکە مجار دەستیاندایە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کورت کە لە قۆناغەکانی دواتریش هەر ناویان دەدرەوشێتەوە وەك ﴿ حسێن عارف ، جەمال بابان ، محەرەم محەمەد ئەمین ، حەسەنی قزڵجی ... هتد﴾

پ٢١/ چیرۆکی مامناوەندی بۆ یەکەمین جار لە چ قۆناغێك بڵاوکرایەوە و جێگیربوو؟ ناوی چیرۆك و خاوەنەکانیان بنووسە.

و/ لە قۆناغی ( ١٩٥٨-١٩٧٠ )دا چەند چیرۆکنوسێك چیرۆکی مامناوەندی بۆ یەکەمین جار بڵاودەکەنەوە و جێگیری دەکەن لەوانە :

١- ( جەمال بابان ) بە چیرۆکی ( خانزاد ) و ( پەڵە هەورێکی چلکن )

٢- ( جەمال نەبەز ) بە چیرۆکی ( لالۆ کەریم )

٣- ( محەمەد صالح سعید ) بە چیرۆکی ( کاروانی )

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

## خۆت تاقیبکەوە / چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٩١)

١- کام لەم ڕۆژنامانە لەدوای ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ز دەرچوون؟
A- هاوکاری B- بیری نوێ C- ژین D- هەموویان

٢- کام لەم گۆڤارانە لەدوای ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ز دەرچوون؟
A- بەیان B- ڕۆژی کوردستان C- ڕۆشنبیری نوێ D- هەموویان

٣- ڕۆژنامەی (هاوکاری) ساڵی چەند دەرچوو؟ A- ١٩٦٨ B- ١٩٧٠ C- ١٩٧٢ D- ١٩٧٤

٤- ڕۆژنامەی (بیری نوێ) و (ژین) ساڵی چەند دەرچوون؟ A- ١٩٦٨ B- ١٩٧٠ C- ١٩٧٢ D- ١٩٧٤

٥- وایکرد ژمارەیەك چیرۆکنووس پەیدابن جگەلە سازدانی کۆڕی ئەدەبی و زاڵبوونی کەش و هەوایەکی باش بۆ گفتوگۆکردن لەسەر باری ڕۆشنبیری گشتی: A- ڕۆژنامەی ژین B- بەیانی (ڕوانگە) C- گۆڤاری شەفەق D- گۆڤاری گەلاوێژ

٦- کام لەمانە چیرۆکی کوردی لە سستی و دووبارەبوونەوە ڕزگارکرد. زەمینەیەکی نوێی بۆ چیرۆکی کوردی ئامادەکرد؟
A- ڕۆژنامەی بیری نوێ B- بەیانی (ڕوانگە) C- گۆڤاری شەفەق D- گۆڤاری گەلاوێژ

٧- کام لەمانە دیوارێکی لەنێوان چیرۆکی کۆن و نوێدا دروستکرد. بەتەکنیکی تازە و بەکارهێنانی دیالۆگ و مەنەلۆگ و چڕکردنەوەی گێڕانەوە و بەکارهێنانی تەوژمی هۆش ئاستی چیرۆکی کوردی بەرزکردەوە؟
A- ڕۆژنامەی بیری نوێ B- بەیانی (ڕوانگە) C- گۆڤاری شەفەق D- گۆڤاری گەلاوێژ

٨- لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا کۆمەڵێك چیرۆکنووسی قۆناغەکانی پێشوو بەردەوامبوون بەڵام بە بۆچوونی تازە و کەرەستەی تازەوە بەردەوامبوون یەکێك لەمانە: A- حسێن عارف B- شاکر فەتاح C- برایم ئەحمەد D- عەلائەدین سجادی

٩- لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا کۆمەڵێك چیرۆکنووسی قۆناغەکانی پێشوو بەردەوامبوون بەڵام بە بۆچوونی تازە و کەرەستەی تازەوە بەردەوامبوون یەکێك لەمانە: A- کاکە مەم بۆتانی B- برایم ئەحمەد C- ڕەئوف بیگەرد D- جەمال بابان

١٠- لە ساڵانی حەفتا چەند چیرۆکنووسی تازە بۆ یەکەمین جار دەستیان بە نووسینی چیرۆك کرد کە دواتر ناوبانگیان پەیداکردوەك:
A- مارف خەزنەدار B- مارف بەرزنجی C- محەمەد موکری D- برایم ئەحمەد

١١- لە ساڵانی حەفتا چەند چیرۆکنووسی تازە بۆ یەکەمین جار دەستیان بە نووسینی چیرۆك کرد کە دواتر ناوبانگیان پەیداکرد وەك:
A- مارف خەزنەدار B- مارف بەرزنجی C- ڕەئوف بیگەرد D- برایم ئەحمەد

١٢- کەی لە چیرۆکی کوردیدا لە پاڵ کێشەی کرێکار و خاوەنکاری دەوڵەمەند، گیروگرفتی شاریش بووە هەوێنی چیرۆك؟
A- لە پێش ساڵی ١٩٧٠ B- لەدوای ساڵی ١٩٧٠ C- لەناوەڕاستی ساڵانی شەست D- لەسەرەتای ساڵانی شەست

١٣- لەدوای ساڵی چەند جۆرە چیرۆکێك پەیدابوو کە دەتوانین ناوی بنێین (چیرۆکی بەرگری) لە مافەکانی گەلی کورد
A- ١٩٧٠ B- ١٩٧٣ C- ١٩٧٤ D- ١٩٧٥

١٤- کەی چیرۆکنووسە کوردەکان ئەرکێکی پیرۆزیان کەوتە سەرشان کە ئەویش داکۆکیکردن بوو لە مانی نەتەوەی خۆیان؟
A- لە پێش ساڵی ١٩٧٠ B- لەدوای ساڵی ١٩٧٠ C- لەدوای ساڵی ١٩٧٥ D- لەدوای ساڵی ١٩٨٠

١٥- چیرۆکی کوردی لەکام قۆناغدا سوودی لە بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری وەرگرتووە؟
A- (١٩٣٩ – ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٩١) D- وەڵامی (A – B)

١٦- کام لەم چیرۆکانە سوودبینین لە بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری تێدا دەبینرێت؟
A- لاوکی سوارە B- چای شیرین C- خانزاد D- لالۆ کەریم

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

ئـ- ( محەمەد موکری ) ڕۆمانەکانی ( سەگوەڕ ) و ( تۆڵە ) و ( هەرەس )ی چاپکرد.

ب- ( حەمە کەریم عارف ) ( کۆچی سوور )ی چاپکرد.

٧- ( محەمەد ئوزون ) لە سوید ڕۆمانی ( مرنا کاڵەکی ڕەند ) و ( هاوارا دیجلەیێ )ی بە زاری کرمانجی سەروو. چاپکرد.

پ١٤/ چی بووە هەوێنی چاو هەڵهێنانی ڕۆمانی تازە لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم؟

و/ دیارە ڕووداوی سیاسی و باسی خەباتی ڕەوای کورد و ژیانی پێشمەرگایەتی نێوشاخ بوو بە هەوێنی چاو هەڵهێنانی ئەم بەرهەمە تازانە.

پ١٥/ ڕۆمانەکانی ساڵانی هەشتا باسیان لە چی دەکرد؟ لە ڕوی زمانەوە چۆن بوون؟ ڕۆماننووسەکان بایەخیان بە چی دەدا؟

و/ ڕۆمانەکانی ساڵانی هەشتا باس لە کێشەی گوندنشینەکان دەکەن وەك ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش. زمانی ڕۆمانەکانیش پاراوتر و پوختتر و چڕتر کراونەتەوە ئەمە لە پاڵ دیاردەی بایەخدان بە زارۆچکەی ناوچەیی جوتیاران. ئەگەرچی لەم قۆناغەشدا شێوازی گێڕانەوە بە زۆربەی ڕۆمانەکانەوە دەبینرێت هەست بەوەش دەکرێت کە ڕۆماننووسەکان بایەخیان بە تەکنیکی نوێ و خۆدواندن ( مەنەلۆگ )داوە سەرکەوتووانەش بەکاریان هێناون.

پ١٦/ ڕۆمانەکانی هەشتاکان ڕێگەیان بۆچی خۆشکرد؟

و/ ئەم قۆناغە ڕێگەی خۆشکرد بۆنەوەی کە ڕۆمانی کوردی لە قۆناغی نەوەدەکان زۆر زیاتر پێشبکەوێت، گەشەسەندنێکی وا بەخۆیەوە ببینێت کە هەرگیز گەشەسەندنی وای بە خۆیەوە نەبینیبێت.

پ١٧/ ئەو ڕۆماننووسانە کێن کە بەرەچەڵەك کوردن، بەڵام بە زمانی بێگانە ڕۆمانیان نووسیوە؟

و/ کۆمەڵێك ڕۆماننووسی کورد هەن. بە زمانی بێگانە ڕۆمانیان نووسیوە بە ڕەچەڵەکیش کوردن و ناوبانگی جیهانییان هەیە وەك:

( یەشار کەمال ) بە تورکی دەینووسی و هەندێك لە ڕۆمانەکانی کراون بە کوردی وەك: ( ئەفسانەی چیای ئاگری و حەمەدۆك و کاریتە )

( سەلیم بەرەکات ) بە عەرەبی دەنووسێت کە کوردێکی سوریایە وەك: ڕۆمانی ( پەڕ ) و ( دلشاد )ی نووسیوە کراون بە کوردی.

( ئیبراهیمی یونسی ) بە فارسی دەنووسێت کە ڕۆمانی ( دایکم دووجار گریا ) نووسیوە کراوە بە کوردی ئەم ڕۆمانەی دەربارەی کارەساتی ئەنفالکردنی گەلی کوردە لەلایەن ڕژێمی بەعس.

( عەبدولمەجید لوتفی ) بە زمانی عەرەبی ڕۆمانی ( پێشبینی لێزانە قەرەجەکە )ی نووسیوە و لەلایەن ( شوکر مستەفا ) کراوە بە کوردی.

پ١٨/ ئەو ڕۆمانانەی کە بە کوردی نەنووسراون لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە بە ڕۆمانی کوردی دادەنرێن؟

و/ ئەم ڕۆمانانە لە ڕووی زمانەوە بە کوردی دانانرێن، بەڵام لە ڕوی ناوەڕۆکەوە زۆربەیان باسی ژیان و خەباتی گەلی کورد دەکەن.

---

## خۆت تاقیبکەوە / ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا

١- ( ڕوداوەکانی زۆر چڕو پڕن، ماوەی ڕوداوەکانی زۆر دوورو درێژترن لە چیرۆکی کورت و چیرۆکی مامناوەندی ) ئەمە بریتییە لە پێناسەی: ﴿ A- چیرۆکی مامناوەندی B- ڕۆمان C- وتار D- چیرۆکی کورت ﴾

٢- یەکێکە لە هونەرە ئەدەبیە گرانەکان لە سەدەی حەڤدەهەم لە ئەوروپا سەری هەڵداوە:

﴿ A- داستان B- ڕۆمان C- وتار D- چیرۆك ﴾

٣- ڕۆماننووسین لە ئەوروپا لەسەدەی چەند سەری هەڵداوە؟ ﴿ A- پانزە B- شازدە C- حەڤدە D- هەژدە ﴾

٤- سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم چەرخی زێڕینی کام لەمانەیە؟

﴿ A- شیعر B- ڕۆمان C- وتار D- چیرۆك ﴾

٥- زۆر لە ڕەخنەگران ڕۆمان بە چ ناو دەبەن:

﴿ A - چیرۆکی کورت B- چیرۆکی مامناوەندی C- چیرۆکی درێژ D- داستانی سەدەی تازە ﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر

١٦٦

ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

پ٢٢/ چیرۆکی مامناوەندی چییە؟ پ/ جیاوازی چیرۆکی مامناوەندی و چیرۆکی کورت چییە؟

و/ چیرۆکی مامناوەندی ماوەی ڕووداوەکان و ژمارەی کەسەکانیان لە چیرۆکی کورت زیاترە، بەڵام ناگەنە چیرۆکی درێژ واتا (ڕۆمان).

پ٢٣/ چیرۆکی (لەخەوما) و (مەسەلەی ویژدان) هیی کێن؟ سەر بە چ جۆرێکی هونەری چیرۆکن؟ ئایا لەکاتی خۆیدا جێگیربوون؟ بۆچی؟ کەی نووسراون؟ کەی بڵاوکرانەوە؟

و/ چیرۆکی (لەخەوما) هیی (جەمیل صائیب)ە، لە ساڵی (١٩٢٥) نوسراوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٥) چاپکراوە.

چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) هیی (ئەحمەد موختار جاف)ە، لە ساڵی (١٩٢٩) نوسراوە بەڵام لە ساڵی (١٩٧٠) چاپکراوە.

هەردووکیان (چیرۆکی مامناوەندی)ن، پێشتر ئەم دوو چیرۆکە نووسراون، بەڵام لەبەرئەوەی لە کاتی خۆیدا بە کتێب بڵاونەکراونەتەوە لە قۆناغی خۆیاندا جێگیرنەکراون.

پ٢٤/ چیرۆکەکانی قۆناغی (١٩٥٨- ١٩٧٠) دەکرێن بەچەند جۆری سەرەکییەوە؟ باسییان بکە.

و/ ١) هەندێکیان زۆر سادەن و بابەتەکانیان دوور لە ڕوخساری هونەری خراونەتە بەرچاو، لە بازنەی نائومێدی دەخولێنەوە و پێشکەوتنیان بەدەست نەهێناوە.

٢) بەشێکی تریشیان گەشەو پێشکەوتنیان پێوە دیارە، چ لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕواڵەتی هونەری و ڕەوانی زمانەوە بێت چ لە ڕووی ئەوەی کە مۆرکی کوردەوارییان پێوە دیاربێت، قارەمانەکانیان کەسانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بوون، ڕووداوەکانیش ڕووداوی سەردەمەکە بوون، ناوەڕۆکی چیرۆک لەم قۆناغەدا بایەخی بە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی سەردەمەکە داوە.

پ٢٥/ لەبەرچی چیرۆکنووسەکان لە قۆناغی (١٩٥٨-١٩٧٠) بەئاشکرا باسی بابەتە سیاسییەکان دەکەن؟ ئەمە بووە هۆی چی بۆ چیرۆک؟

و/ لەم قۆناغە بەدواوە چیرۆکنووسەکان هەوڵیانداوە زۆر بە ئاشکرا باسی بابەتە سیاسییەکان بکەن لەبەرئەوەی چیرۆکنووسەکان زۆربەیان لەگەڵ شۆڕشی کورد و سەر بەبزوتنەوەی نیشتمانی بوون چ بە بیروباوەڕ بێت یان بە کردار، ڕۆژانەش بەچاوی خۆیان چەوساندەوە و ئەشکە نجەدانی گەلەکەیان دەدیت بە دەستی ڕژێمی داگیرکەری کوردستان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نرخی هونەری چیرۆکەکان بێتە خوارەوە لە داهێنان بکەوێت.

پ٢٦/ بەکارهێنانی بابەتی سیاسی لە چیرۆکەکانی قۆناغی(١٩٥٨-١٩٧٠) زمان و شێوەو تەکنیکی چیرۆک چ گۆڕانێکی بەسەرهات؟

و/ بەکارهێنانی بابەتی سیاسی لەچیرۆکەکان وایکرد زمانی چیرۆکەکان سادە بێت، شێوە و تەکنیکیان لاواز بێت، بەئاشکراش مەبەست بدەن بە دەستەوە، هەندێك جاریش بارودۆخی سیاسی پوختی و ڕەوانی پێشووی لاوازکردووە لە ڕوی دارشتندا چیرۆکەکانی بەرەو چرکردنەوە بردووە تا ڕادەیەکیش ڕەمزییان بەکارهێناوە.

---

## چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٩١)

پ٢٧/ ساڵی ١٩٧٠ بە قۆناغێکی نوێ دادەنرێت لە مێژووی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بۆچی؟

و/ ساڵی ١٩٧٠ز بە قۆناغێکی نوێ دادەنرێت لە مێژووی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لەبەرئەوەی لەو ساڵەدا بۆ یەکەمین جار حکومەتی عێراق دانی بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد نا، لە ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ز کە لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی گەلی کورد مۆری کردبوو، ئەمەش بە ماوەی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕ دادەنرێت لە هەموو ڕوویەکەوە دیارە.

پ٢٨/ ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ز چ گرنگییەکی بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی هەبوو؟

و/ ١) ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار زەمینەیەکی لەبارو ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی چەندین دەزگای ڕۆشنبیری کوردی بێتەکایەوە.

٢) کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر بە زمانی کوردی دەرچوون:

ئـ- وەك: ڕۆژنامەی (هاوکاری - بیری نوێ - ژین)





WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

پ۲۲/ گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی (۱۹۷۰-۱۹۹۱) چین؟

١) لەسەرەتای ساڵانی حەفتا زمانی وتار گەشەیەکی دیاری بەخۆیەوە بینی کە لە قۆناغەکانی پێشووتر بەو ڕادەیە نەبینرابوو. بەتایبەتی کە پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بە کوردی دانران، ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵێک وشەو زاراوەی نوێ بێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە و دەوڵەمەنتری بکات.

٢) لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (۱۹۷۵) دیاردەیەك کە بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێت بەتایبەتی لە بڵاوکراوەکانی ناو شاردا کە بریتی بوو لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ واتە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێما و نیشانە، ئەمە لە کاتێکدا لەسەرەتای حەفتاکاندا نووسەران بێ ترس و سلکردنەوە هەست و سۆز و بیری خۆیان دەردەبڕی، چونکە بارودۆخەکە ئازادی و سەربەستی بۆ نووسەران فەراهەمکردبوو.

٣) لەم قۆناغەدا وتار وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا، چونکە ڕژێمی دوژمن بە نەتەوەی کورد، هەوڵی شێواندن و لەناوبردنی زمانی کوردی دەدا.

٤) لەدوای نسکۆی (۱۹۷۵) جیاوازی کەوتە نێوان نووسەرانی شار و شاخ لە خستنەڕووی بابەتەکاندا، چونکە ئەو سەربەستییەی نووسەرانی شاخ هەیانبوو هەرگیز نووسەرانی شار نەیانبوو.

پ۲۳/ لە ڕووی بابەتی سیاسی جیاوازی هەبوو لەنێوان نووسەرانی شار و شاخ ئەمە چۆن بوو؟ نووسەرانی شار لەڕێی چییەوە هەست و سۆزی نەتەوەییان پیشاندەدا؟

و/ لەبەرئەوە وتاری سیاسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناو شاردا پاشەکشەی کرد بەرامبەر ئەوە لە بڵاوکراوەکانی شاخ واتا ناو شۆڕش بایەخی زۆری پێدەدرا و زیاتر گەشەیدەکرد و نووسەرانی شاریش هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی وتارە کۆمەڵایەتی و مێژووی و ڕۆشنبیرییە گشتییەکاندا بیر و بۆچوون و هەست و سۆزی نەتەوایەتیان پیشانبدەن. وەك وتارەکەی (سەبری بۆتانی)

---

## خۆت تاقیبکەوە / پەخشان

١- بریتین لەو دەربڕین و نووسراوانەی کەهەست و سۆزی مرۆڤ نیشان دەدەن:
﴿A- چیرۆك B- پەخشان C- داستان D- وتار﴾

٢- بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بە سەروا نادات: ﴿A- داستان B- ئەفسانە C- پەخشانی کۆن D- پەخشانی نوێ﴾

٣- بە شێوەیەکی گشتی پەخشان دەکرێتە: ﴿A- دوو جۆر B- سێ جۆر C- چوار جۆر D- پێنج جۆر﴾

٤- بابەتەکانی پەخشانی زانستی بریتین لەو بابەتانەی وەك: ﴿A- پزیشکی B- ژیاننامە C- یاداشت D- چیرۆك﴾

٥- یەکێك لە بابەتەکانی پەخشانی زانستی بریتییە لە: ﴿A- بیرکاری B- ژیاننامە C- یاداشت D- چیرۆك﴾

٦- ئەوەیە کە زیاتر بایەخ بە هەست و سۆز دەدات بۆئەوەی کار لە بەرامبەرەکەی بکات و چێژی پێ ببەخشێت:
﴿A- پەخشانی زانستی B- پەخشانی ئەدەبی C- وتار D- داستان﴾

٧- یەکێك لە بابەتەکانی پەخشانی ئەدەبی بریتییە لە: ﴿A- ڕێزمان B- بیرکاری C- پزیشکی D- یاداشت﴾

٨- یەکێك لە بابەتەکانی پەخشانی ئەدەبی بریتییە لە: ﴿A- ڕێزمان B- بیرکاری C- پزیشکی D- ژیاننامە﴾

٩- یەکێك لە خاسیەتەکانی وتار بریتییە لە: A- ڕەنگدانەوەی بیرو هەست و سۆزی خاوەنەکەی نەبێ B- کورتی
C- بە شێوەیەکی درێژ باس لە چەندلایەنێکی ژیان بکا D- درێژبڕی

١٠- (هونەرێکی ئەدەبییە نووسەر بە شێوەیەکی کورت و ورد و سەرنجڕاکێش لایەنێکی ژیان باسدەکات و بیروڕای خۆی دەربارەی دەخاتەڕوو) ئەمە پێناسەی: ﴿A- وتار B- چیرۆك C- پەخشان D- ڕۆمان﴾ە.

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

١٧- کام لەم چیرۆکانە سوودبینین لە بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری تێدا دەبینرێت؟
A- بەیتی سمۆ B- چای شیرین C- خانزاد D- لالۆ کەریم

١٨- کام چیرۆك سوودبینین لە بەیت و لاوك و داستانی فۆلکلۆری کوردی تێدا دەبینرێ؟
A- تەنیایی B- گوڵی شەو C- گوڵی ڕەش D- هێلەگ

١٩- چیرۆکی ( لاوکی سوارە ) هیی کێیە؟
A- عەبدوڵلا سەراج B- محەمەد فەریق C- محەمەد موکری D- شێرزاد حەسەن

٢٠- چیرۆکی (بەیتی سمۆ) لەلایەن کێ نووسراوە؟
A- عەبدوڵلا سەراج B- ڕەئوف بیگەرد C- محەمەد موکری D- شێرزاد حەسەن

٢١- چیرۆکی ( هێلەگ ) لەلایەن کێ نووسراوە؟
A- عەبدوڵلا سەراج B- ڕەئووف بیگەرد C- محەمەد موکری D- شێرزاد حەسەن

٢٢- بەکارهێنانی ڕەمز بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو لە چیرۆکەکانی کام قۆناغدا دەبینرێ؟
A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٩١) D- وەڵامی (A- B)

٢٣- کام لەمانە لە شێوەکانی تەکنیك بۆ جوانکاری بەکاردێت، هەروەها بۆ دا پۆشین و شاردنەوەی ئەسڵی مەبەستی چیرۆکنووس:
A- ڕەمز B- مەنەلۆگ C- کورتبڕی D- زمانی خوازەیی

٢٤- ( ڕەوەبەراز) لە چیرۆکی کوردیدا ڕەمزی چییە؟ A- شۆڕش B- خۆراگری C- ئازایەتی D- داگیرکەر و شەڕخوازی

٢٥- (داربەڕوو) لە چیرۆکی کوردیدا ڕەمزی:
A- کورد و داگیرکەری B- کورد و شۆڕش C- کورد و خۆڕاگری D- کورد و ئاشتی

٢٦- (ئەسپ) زۆرجار ڕەمزی: A- ئاشتییە B- شۆڕشە C- شەڕخوازییە D- داگیرکەرە

٢٧- کامیان بووە هۆی شکاندنی قالبی خۆبەستنەوەی چیرۆکنووس لە کاتێکی دیاریکراو؟
A- کاریگەری ئەدەبی بیگانە B- سودبینین لە بەیت و لاوك C- سودبینین لە هونەری سینەما D- هەموو ئەمانە

٢٨- سودبینینی چیرۆکی کوردی لە هونەری سینەما لە چیرۆکەکانی کێدا دەبینرێ؟
A- ئەحلام مەنسور B- برایم ئەحمەد C- جەمال بابان D- محەمەد فەریق حەسەن

٢٩- سودبینینی چیرۆکی کوردی لە هونەری سینەما لە چیرۆکەکانی کێدا دەبینرێ؟
A- ڕەئوف بیگەرد B- کاکە مەم بۆتانی C- ئەنوەر محەمەد تاهیر D- جەمال نەبەز

٣٠- سودبینینی چیرۆکی کوردی لە هونەری سینەما لە چیرۆکەکانی کێدا دەبینرێ؟
A- عەبدوڵلا سەراج B- شاکر فەتاح C- جەمال بابان D- جەمیل سائیب

٣١- چیرۆکی کوردی لە کام قۆناغدا سودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە ؟
A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٩١) D- وەڵامی (A- B)

٣٢- لە کام قۆناغ کاریگەری ئەدەبی بیگانە واتە چیرۆکی گەلانی تر زۆر بەئاشکرا بەسەر چیرۆکەکاندا دیارە؟
A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٩١) D- وەڵامی (A- B)

٣٣- لای کام چیرۆك نووس زمانی چیرۆکەکانی جیاوازتر و چڕ و پڕ و تۆکمەتر بوو؟
A- حسێن عارف B- ڕەئوف بیگەرد C- ئەحلام مەنسور D- شێرزاد حەسەن

WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

٦- زۆر لە ڕەخنەگران بەداستانی سەدەی تازە ناوی دەبەن: ﴿A - چیرۆکی کورت  B- ڕۆمان  C- وتار  D- پەخشان﴾

٧- بۆ یەکەمین جار ڕۆمان بە زمانی کوردی بلاوکرایەوە لەناو کوردانی:
﴿A- کوردستانی خۆرهەلات  B- یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو  C- کوردستانی عیراق  D- سوریا﴾

٨- بۆ یەکە مجار نووسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی لە ناو کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو دەستی پێکردووە لەلایەن:
﴿A- حاجی جوندی  B- محەمەد نوزون  C- عەلی عبدولرەحمان  D- عەرەبی شەمۆ﴾

٩- یەکەمین نووسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی لەلایەن نووسەری گەورە (عەرەبی شەمۆ) لە سالی:
﴿A- ١٩٢٩  B- ١٩٣٥  C- ١٩٣٠  D- ١٩٣٦﴾

١٠- ڕۆمانی (شڤانی کورد) بۆیەکە مجار بە زمانی کوردی چاپکراوە لەلایەن:
﴿A- یەشار کەمال  B- عەلی عەبدولرەحمان  C- عەرەبی شەمۆ  D- حاجی جوندی﴾

١١- یەکەمین ڕۆمانی کوردی بە چ زارێك نووسراوە؟ ﴿A- کرمانجی سەروو  B- کرمانجی خواروو  C- لوڕی  D- هەورامی﴾

١٢- کام ڕۆمانەی (عەرەبی شەمۆ) کراوە بە ڕوسی و فەرەنسی و ئەرمەنی؟
﴿A- شڤانی کورد  B- قەلای دمدم  C- کوردی ئەلەگەز  D- بەربانگ﴾

١٣- ڕۆمانەکانی (کوردی ئەلەگەز) و (بەربانگ) هیی کێن؟
﴿A- عەلی عەبدولرەحمان  B- حاجی جوندی  C- عەرەبی شەمۆ  D- ڕەحیمی قازی﴾

١٤- (عەرەبی شەمۆ) لە سالی (١٩٦٦) ز کام ڕۆمانی نووسی؟
﴿A- شڤانی کورد  B- قەلای دمدم  C- کوردی ئەلەگەز  D- بەربانگ﴾

١٥- عەرەبی شەمۆ (قەلای دمدم)ی لەسالانی چەند نووسی؟ ﴿A- ١٩٦٠  B- ١٩٦٦  C- ١٩٦٨  D- ١٩٦٩﴾

١٦- ڕۆمانەکانی (هەوارێ) و (بەهار هات) لەلایەن کێ نوسراون؟
﴿A- عەرەبی شەمۆ  B- یەشار کەمال  C- عەلی عبدولرەحمان  D- حاجی جوندی﴾

١٧- ڕۆمانەکانی (خاتێ خانم) و (گوندی مێرخاسا) لە نووسینی:
﴿A- محەمەد نوزون  B- عەرەبی شەمۆ  C- عەلی عبدولرەحمان  D- حاجی جوندی﴾ە.

١٨- کام لەم ڕۆمانانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆمان؟
﴿A- ژانی گەل  B- قەلای دمدم  C- پێشمەرگە  D- کوێخا سێوێ﴾

١٩- ڕۆمانانەکانی کوردی سۆڤیەت کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆمان لەناو کوردستاندا چونکە؟
A- بە زمانی کوردی نەنووسرابوون  B- باسیان لە کێشەی کورد نەدەکرد
C- زمانی نووسینیان زۆر ئالۆز ودژواربوو  D- تا درەنگ نەگەیشتوونەتە بەشەکانی کوردستان

٢٠- زمانی ڕۆمانەکانی کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەت:
﴿A- زۆر سادە و ڕەوانن  B- ئالۆز و گرانن  C- زبر و بە گرێن  D- زمانێکی تۆکمەو بە پێزیان هەبوو﴾

٢١- لە کام لەمانە (شێوەی ڕۆمانەکان گێڕانەوەیە وەك داستان وچیرۆکە فۆلکلۆرییەکان)؟
﴿A- قۆناغی جێگیربوون  B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت  C- قۆناغی گەشەسەندن  D- وەلامی (A - B)﴾

٢٢- کام لەمانە (بناغەی نووسینی ڕۆمانەکانی داستان ئەفسانەو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردین دوورن لە تەکنیکی تازەوهاوچەرخ)
﴿A- قۆناغی جێگیربوون  B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت  C- قۆناغی گەشەسەندن  D- وەلامی (A - B)﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی کوران
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

ب- گۆڤاری ( بەیان و ڕۆژی کوردستان و ڕۆشنبیری نوێ ) هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك چیرۆك لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا خۆشکرد.

٢) چاپکردنی چەندین کۆمەڵە چیرۆك کە دواتر بوونە هۆی گەشەسەندنی زیاتری چیرۆکی کوردی چ لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆك.

پ٢٩/ بەیانی گروپی ڕوانگە کەی دەرچوو؟ چ کاریگەرییەکی لەسەر چیرۆکی کوردی هەبوو؟

و/ دەرچوونی بەیانی ( ڕوانگە ) لە بەهاری ساڵی ١٩٧٠ز، یەکێك بوو لەو هەوڵ و ڕێبازە نوێیانەی کەوای کرد ژمارەیەك چیرۆکنووس پەیدابن جگە لە سازدانی کۆڕی ئەدەبی و زاڵبوونی کەش و هەوایەکی باش بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ڕۆشنبیری گشتی، ڕوانگە چیرۆکی کوردی لە سستی و دووبارەبوونەوە رزگارکرد. زەمینەیەکی نوێی بۆ چیرۆکی کوردی ئامادەکرد، دیوارێکی لەنێوان چیرۆکی کۆن و نوێدا دروستکرد. بەتەکنیکی تازە و بەکارهێنانی دیالۆگ و مەنەلۆگ و چڕکردنەوەی گێرانەوە و بەکارهێنانی تەوژمی هۆش ئاستی چیرۆکی کوردی بەرزکردەوە. ـــ ( دیالۆگ: یەکتردواندن ) - ( مەنەلۆگ: خۆدواندن )

پ٣٠/ لە ساڵانی حەفتاکان چەند جۆر چیرۆکنووس چیرۆکیان دەنووسی؟ کێ بوون؟ چۆن دەیان نووسی؟

و/ دووجۆر چیرۆکنووس چیرۆکیان دەنووسی:

١) لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا کۆمەڵێك چیرۆکنووسی قۆناغەکانی پێشوو بەردەوام بوون بەڵام بە بۆچوونی تازە و کەرەستەی تازەوە، وەك چیرۆکنووسان ﴿ حسێن عارف ، محەمەد مەولود( مەم ) ، کاکە مەم بۆتانی ، مستەفا ساڵح کەریم ... ﴾

٢) چەند چیرۆکنووسی تازەش بۆ یەکەمین جار دەستیان بە نووسینی چیرۆك کرد کە دواتر ناوبانگیان پەیداکرد. وەك: ﴿ محەمەد موکری- محەمەد فەریق حەسەن - ڕەئوف بیگەرد - شێرزاد حەسەن ... ﴾

پ٣١/ ئەو دوو ڕوداوە چی بوون کە کاریگەریان لەسەر ڕەوتی چیرۆکی کوردییەوە هەبوو لەدوای ساڵانی حەفتاکان؟

و/ لەم قۆناغەدا دوو ڕووداوی تر کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی چیرۆکی کوردییەوە هەبوو کە ئەوانیش:

١) شکستی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتادا.

٢) هەڵگیرساندنی شەڕی ( ١٩٨٠-١٩٨٨ ) واتە شەڕی درێژخایەنی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران.

پ٣٢/ بابەتەکانی چیرۆك لەدوای ساڵانی حەفتا چ گۆڕانیکیان بەسەر هات؟ چ جۆرە چیرۆکێك پەیدابوو؟ ناونرا چی؟ بۆچی؟

و/ لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە بە شێوەیەکی گشتی بابەتەکانی چیرۆکی کوردی گۆڕانیان بەسەردا هات، هەرچەندە هەندێ لەو بابەتانەی پێشوو دووبارەدەبنەوە، بەڵام لە پاڵ کێشەی کرێکار و خاوەنکاری دەوڵەمەند، گیروگرفتی شاریش بووە هەوێنی چیرۆك، لەدوای ساڵی ١٩٧٥ز و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش جۆرێکی تر لە چیرۆك پەیدابوو کە چیرۆکی بەرگری لەمافە ڕەواکانی گەلی کورد، چونکە پاش شکستی ١٩٧٥ز مان و بوونی گەلی کورد کەوتە مەترسی، تاوانی قڕکردن و لەناوبردن ( جینۆساید ) بەئاشکرا بەرامبەر کورد پەیڕەودەکرا و کورد کەوتە بەرامبەر هێزێکی دڕندەی وەك بەعس کەخاوەنی تازەترین چەکی سەردەم بوو.

پ٣٣/ چیرۆکنووسە کوردەکان دوای ساڵی ١٩٧٥ز چ ئەرکێکیان کەوتە سەرشان؟

و/ چیرۆکنووسە کوردەکان ئەرکێکی پیرۆزیان کەوتە سەرشان کە ئەویش داکۆکیکردن بوو لە مانی نەتەوەی خۆیان و هانی خەڵکیان دەدا بۆ بەرگریکردن و هۆشیارکردنەوە لە ڕووی بیروباوەڕەوە.

پ٣٤/ چیرۆکنووسان لەدوای ساڵانی حەفتا لە ڕوی ڕوخسارەوە سوودیان لە چ وەرگرتووە و ئاوڕیان لە چ داوەتەوە وەکو چی؟

و/ چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سودی لە بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری وەرگرتووە کە ئەمەش ئاوڕدانەوەیەکی پیرۆز و سەرەتایەکی لەبار بوو بۆ چیرۆکنووسان کە ئاوڕ لە گە نجینەی ( بەیت و لاوکی ) کوردی بدەنەوە و بەکاریان بێنن بۆ خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی هیوا و خەمەکانی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ، وەك لە چیرۆکی ( لاوکی سوارە )ی محەمەد فەریق حەسەن و ( بەیتی سمۆ )ی ڕەئوف بیگەرد و ( هێلەگ )ی عەبدوڵلا سەراج.

مامۆستا عومەر ئەحمەد حەیدەر
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

١١- (ڕەنگدانەوەی بیر و هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی) یەکێکە لە خاسیەتەکانی؟

﴿A- شیعر B- وتار C- چیرۆك D- پەخشان﴾

## قۆناغی یەکەم - ساڵانی (١٩٣٩- ١٩٥٨)

١٢- (گۆڤاری گەلاوێژ) چەند ساڵ بەردەوام بوو؟ ﴿A- ٨ساڵ B- ٩ساڵ C- ١٠ساڵ D- ١٢ساڵ﴾

١٣- گۆڤاری گەلاوێژ لەنێوان ساڵانی چەند دەرچووە؟ A- ١٩٢٩-١٩٣٩ B- ١٩٣٨-١٩٤٨ C- ١٩٤١-١٩٤٣ D- ١٩٣٩-١٩٤٩

١٤- لە ماوەی دەرچوونی کام لەم گۆڤارانە هەموو بەشەکانی ئەدەب بەتایبەتی وتار گەشەسەندنێکی باشی لە ڕوخسار و ناوەڕۆك بەخۆوە دیوە؟ ﴿A- ڕوناهی B- شەفەق C- گەلاوێژ D- دەنگی گێتی تازە﴾

١٥- تەوژمێکی تری وتار دەبینین بەهۆی:

﴿A- گۆڤاری ڕوناهی B- گروپی ڕوانگە C- گۆڤاری گەلاوێژ D- دامەزراندنی کۆماری کوردستان﴾

١٦- ڕۆژنامەی (کوردستان) و (هەڵاڵە) و (گروگاڵی منداڵان) لە ساڵی چەند دەرچوون؟

﴿A- ١٩٣٦ B- ١٩٤٥ C- ١٩٤٦ D- ١٩٤٩﴾

١٧- کام لەم بڵاوکراوانە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دەرچوو؟ ﴿A- ڕوناهی B- ڕۆژنامەی کوردستان C- نزار D- هیوا﴾

١٨- کام لەم بڵاوکراوانە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دەرچوو؟ ﴿A- ڕوناهی B- هەڵاڵە C- نزار D- هیوا﴾

١٩- ﴿A- ڕوناهی B- گروگاڵی منداڵان C- نزار D- هیوا﴾ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دەرچوو؟

٢٠- کام لەم بڵاوکراوانە لە پێش شۆڕشی ١٤ی تەممۆز دەرچووە؟ ﴿A- ڕوناهی B- نزار C- هیوا D- هەموویان﴾

٢١- (ڕوناهی) لە ساڵی چەند دەرچووە؟ ﴿A- ١٩٤١ B- ١٩٤٣ C- ١٩٤٥ D- ١٩٤٦﴾

٢٢- (نزار) لە ساڵی چەند دەرچووە؟ ﴿A- ١٩٤١ B- ١٩٤٤ C- ١٩٤٦ D- ١٩٤٨﴾

٢٣- (هیوا) لە ساڵی چەند دەرچووە؟ ﴿A- ١٩٤٧ B- ١٩٥٦ C- ١٩٥٧ D- ١٩٦٠﴾

٢٤- ﴿A- ڕەمزی قەزاز B- گۆران C- حوزنی موکریانی D- مارف خەزنەدار﴾ یەکێ بوو لە وتارنووسەکانی قۆناغی یەکەم

٢٥- یەکێ لە وتارنووسە دیارەکانی قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) بریتییە لە:

﴿A- عەبدولڕەحمانی زەبیحی B- گۆران C- سەبری بۆتانی D- مارف خەزنەدار﴾

٢٦- یەکێ بوو لە وتار نووسە دیارەکانی قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨):

﴿A- مارف خەزنەدار B- گۆران C- سەبری بۆتانی D- جەلادەت بەدرخان﴾

٢٧- یەکێ بوو لە وتارنووسە دیارەکانی قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) بریتییە لە:

﴿A- ڕوقیەی قادری B- گۆران C- قەدری جان D- مارف خەزنەدار﴾

٢٨- لە کام قۆناغی وتار زمانی وتارەکان گەشەیان بە خۆیانەوە بینی، چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دەبران؟

﴿A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٩١) D- وەڵامی (A- B)﴾

٢٩- لە کام قۆناغی وتار (هەندێکجار وشەی عەرەبی دەقاودەق لە نووسیندا بەکارهێنراوە)؟

﴿A- یەکەم B- دووەم C- سێیەم D- یەکەم و دووەم﴾

٣٠- (خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە) یەکێکە لە خاسیەتەکانی وتاری قۆناغی

﴿A- (١٩٣٩- ١٩٥٨) B- (١٩٥٨-١٩٧٠) C- (١٩٧٠-١٩٩١) D- وەڵامی (A- B)﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر



ئامادەیی (ئازادی)ی کوران
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

٣٤- بەئاشكرا خاوەن زمانێكی دەوڵەمەندی تایبەت بە خۆیەتی زمانی شیعر زاڵە بەسەر زمانی چیرۆكەكانی؟
A- حسێن عارف B- ڕەئوف بێگەرد C- ئەحلام مەنسور D- شێرزاد حەسەن

٣٥- چیرۆكەكانی (تەنیایی) و (گوڵی ڕەش) هیی كێن؟
A- شێرزاد حەسەن B- جەمال نەبەز C- جەمال بابان D- كامەران موكری

٣٦- زمانی شیعر زاڵە بە سەر زمانی چیرۆكدا لە چیرۆكی: A- تەنیایی B- لەخەوما C- چای شیرین D- هێلەگ

٣٧- زمانی شیعر زاڵە بە سەر زمانی چیرۆكدا لە چیرۆكی: A- گوڵی ڕەش B- لەخەوما C- چای شیرین D- هێلەگ

٣٨- چیرۆكی تەنیایی لە ساڵی چەند بڵاوكراوەتەوە؟ A- ١٩٨٣ B- ١٩٨٩ C- ١٩٨٨ D- ١٩٨٧

٣٩- چیرۆكی (گوڵی ڕەش) لە ساڵی چەند بڵاوكراوەتەوە؟ A- ١٩٨٣ B- ١٩٨٥ C- ١٩٨٦ D- ١٩٨٩

٤٠- زمانی چیرۆك لای حسێن عارف چۆن بوو؟
A- زمانێكی سادەو ساكار B- زمانێكی كوردی تۆكمە و بە پێز C- زمانێكی ئاڵۆز و بەگرێ D- زمانێكی تەم و مژاوی

٤١- (تونێشووی سەفەرێكی سەخت) و (گەلەگورگ) لە بەرهەمی كێن؟
A- برایم ئەحمەد B- حسێن عارف C- شێرزاد حەسەن D- محەمەد مەولود مەم

٤٢- كام چیرۆكە زمانێكی كوردی تۆكمەو بە پێزی هەیە؟
A- لە خەوما B- بەیتی سمۆ C- مەسەلەی ویژدان D- تونێشووی سەفەرێكی سەخت

٤٣- كۆمەڵە چیرۆكی (تونێشووی سەفەرێكی سەخت) لە ساڵی چەند بڵاوكراوەتەوە؟
A- ١٩٧٩ B- ١٩٨٠ C- ١٩٨١ D- ١٩٨٣

٤٤- كۆمەڵە چیرۆكی (گەلەگورگ) لە ساڵی چەند بڵاوكراوەتەوە؟ A- ١٩٧٩ B- ١٩٨٠ C- ١٩٨١ D- ١٩٨٣

٤٥- لە كام لە چیرۆكەكانی (حسێن عارف) زمان زۆر دەوڵەمەندترو شیرینتر و سەرنجڕاكێشترە لەچاو هەموو چیرۆكەكانی پێشوو
A- چای شیرین B- شار C- گەلەگورگ D- تونێشووی سەفەرێكی سەخت

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- D | ٢- D | ٣- B | ٤- B | ٥- B | ٦- B | ٧- B | ٨- A | ٩- A | ١٠- C |
| ١١- C | ١٢- B | ١٣- D | ١٤- C | ١٥- C | ١٦- A | ١٧- A | ١٨- D | ١٩- B | ٢٠- B |
| ٢١- A | ٢٢- C | ٢٣- A | ٢٤- D | ٢٥- C | ٢٦- B | ٢٧- C | ٢٨- A | ٢٩- C | ٣٠- A |
| ٣١- C | ٣٢- C | ٣٣- D | ٣٤- D | ٣٥- A | ٣٦- A | ٣٧- A | ٣٨- A | ٣٩- D | ٤٠- B |
| ٤١- B | ٤٢- D | ٤٣- A | ٤٤- D | ٤٥- C | | | | | |

ئامادەكردنی: م. عومەر ئەحمەد خدر ئامادەیی (ئازادی)ی كوڕان



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

٢٣- کام ڕۆمانە(بناغەی نووسینی ڕۆمانەکانی داستان ئەفسانە و حەکایەتی فۆلکلۆری کوردین دوورن لە تەکنیکی تازەوهاوچەرخ)
﴿A- کوێخا سێوێ B- کوردی ئەلەگەز C- حەمەدۆک D- هەرەس﴾

## قۆناغی جێگیربوون

٢٤- دەتوانین کام لەم ڕۆمانانە بە بناغەی بنیادی ڕۆمانی کوردی دابنێین؟
﴿A- شڤانی کورد و قەڵای دمدم B- پێشمەرگە و ژانی گەل C- هەواری و بەهار هات D- کوردی ئەلەگەز و بەربانگ﴾

٢٥- نووسەری ڕۆمانی (پێشمەرگە): ﴿A- حسێن عارف B- خسرەو جاف C- ڕەحیمی قازی D- جمال بابان﴾ە.

٢٦- ڕۆمانی (پێشمەرگە) لە ساڵی ١٩٦٠ چاپکراوە لە: ﴿A- شاخ B- شام C- بەغدا D- مهاباد﴾

٢٧- کام ڕۆمان ڕووداوەکانی دەربارەی سەردەمی دامەزراندنی (کۆماری کوردستان) لە دەوروبەری ساڵی ١٩٤٦ز:
﴿A- تۆڵە B- ژانی گەل C- دایکم دووجار گریا D- پێشمەرگە﴾

٢٨- کام ڕۆمان نووسەر خۆی لەناوجەرگەی ڕووداوەکان بووە؟
﴿A- قەڵای دمدم B- ژانی گەل C- پێشمەرگە D- دایکم دووجار گریا﴾

٢٩- کام ڕۆمان نووسەر ڕووداوەکان تێکەڵ بە چەند کێشەیەکی تر دەکات بەتایبەتی کێشەی جوتیار لەگەڵ دەرەبەگ؟
﴿A- قەڵای دمدم B- ژانی گەل C- پێشمەرگە D- دایکم دووجار گریا﴾

٣٠- نووسەری ڕۆمانی (ژانی گەل): ﴿A- محەمەد موکری B- یەشار کەمال C- برایم ئەحمەد D- حوسێن عارف﴾ە.

٣١- ڕۆمانی (ژانی گەل) لە ساڵی چەند لە بەغدا چاپکراوە؟ ﴿A- ١٩٥٦ B- ١٩٦٠ C- ١٩٧٠ D- ١٩٧٢﴾

٣٢- ڕۆمانی (ژانی گەل) لە ساڵی چەند نووسراوە؟ ﴿A- ١٩٥٦ B- ١٩٦٠ C- ١٩٧٠ D- ١٩٧٢﴾

٣٣- کام ڕۆمان نووسەر لەبەر نەبوونی دەرفەتی گونجاو نەیتوانیوە لە کات و سەردەمی خۆیدا چاپی بکات؟
﴿A- تۆڵە B- ژانی گەل C- دایکم دووجار گریا D- پێشمەرگە﴾

٣٤- ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەبی شەمۆ ساڵی چەند و لەلایەن کێ کرا بە زاری کرمانجی خواروو؟
﴿A- ١٩٦٦ برایم ئەحمەد B- ١٩٧٦ ڕەحیمی قازی C- ١٩٧٦ شوکر مستەفا D- ١٩٦٦ شوکر مستەفا﴾

٣٥- زمانی نوسینی ڕۆمانە کوردییەکان لە قۆناغی جێگیربوون چۆن بوو؟
A- زمانێکی تۆکمەو کوردییەکی زۆر ڕەوان B- زمانێکی سادەو ساکار
C- زمانێکی تەمو مژاوی D- وشەی بێگانەی تێدا بەکارهاتووە

٣٦- (ڕۆمانەکان سیماو شەقلی خەباتی نەتەوایەتییان پۆشی بوو ڕووداوەکان خۆماڵین و لەناو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواری هەڵهێنجراون) لە ﴿A- قۆناغی جێگیربوون B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت C- قۆناغی گەشەسەندن D- ڕۆمانە وەرگێردراوەکان﴾

٣٧- (شێوەی نوسینی ڕۆمانەکان زیاتر گێڕانەوەیە دوورە لە تەکنیکی هاوچەرخ و تەم و مژ و ئاڵۆزی.) لە:
﴿A- قۆناغی جێگیربوون B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت C- قۆناغی گەشەسەندن D- ڕۆمانە وەرگێردراوەکان﴾

مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی کوران
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN



ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
ئامادەیی (ساڤا)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD

پ٣٥/ لەم قۆناغەدا ڕەمز لە چیرۆکی کوردیدا چۆن و بۆچی بەکارهێنراوە؟ وەکو چی؟

و/لە چیرۆکی کوردی ڕەمز بە شێوەیەکی فراوان و بەربلاو بەکارهێنراوە کە شێوەیەکە لە شێوەکانی تەکنیك بۆ جوانکاری بەکاردێت، هەروەها بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەسڵی مەبەستی چیرۆکنووس بەتایبەتی لەو بارودۆخانە ڕێی دەربڕینی ڕاستەوخۆ لە نووسەران دەگیرێت بەهۆی بارودۆخی سیاسی توندوتیژی داگیرکەران بۆ نموونە : ( ڕەوەبەراز ) ڕەمزی داگیرکەرە یان شەڕخوازییە ، ( داربەڕوو ) ڕەمزی کورد و خۆڕاگری کورد و ڕەگداکوتانی ئەوە لەناو خاکی کوردستان ، ( ئەسپ ) زۆرجار ڕەمزی شۆڕشە .

پ٣٦/ چیرۆکی کوردی لە قۆناغی ( ١٩٧٠ - ١٩٩١ ) چۆن سودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە؟ لای کام چیرۆکنووس دیارە؟

و/ چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە کە ئەمەش چەکێکی تازەی دایە دەست نووسەر، بووە هۆی شکاندنی قالبی خۆبەستنەوەی چیرۆکنووس لە کاتێکی دیاریکراو کە ئەمەش لە چیرۆکەکانی ( ئەحلام مەنسور ، عەبدوڵلا سەراج ، ئەنوەر محەمەد تاهیر ... ) دەبینرێت.

پ٣٧/ لە قۆناغی ( ١٩٧٠ - ١٩٩١ ) کاریگەری ئەدەبی بیگانە چۆن بووە لەسەر چیرۆکی کوردی؟ باسی بکە.

و/ کاریگەری ئەدەبی بیگانە واتە چیرۆکی گەلانی تر زۆر بەئاشکرا دیارە بەسەر چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە بەتایبەتی چیرۆکەکانی ئەمەریکای لاتینی و ئەڵمانی و ڕوسی ..بە شێوەیەکی ئاشکرا لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتادا ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە دەکرێت سود لە ئەزمونی چیرۆکی گەلانی تر وەربگیرێت بۆ دەوڵەمەندکردن و بەرەو پێشبردنی ئەزموونی چیرۆکی خۆمان.

پ٣٨/لە قۆناغی (١٩٧٠- ١٩٩١ ) زمانی چیرۆك چۆن بووە؟ لای کام چیرۆکنووس زمانی شیعر زاڵە بەسەر زمانی چیرۆکدا؟ لە کام چیرۆك ئەمە دیارە؟

و/ لە ڕووی زمانەوە ناکرێت بڵێین زمان لای هەموو چیرۆکنووسەکانی ئەم قۆناغە وەك یەك یا بەیەك ئاست ناو بنرێت بگرە لای چیرۆکنووسیش لە کۆمەڵە چیرۆکێکەوە وەك ئەوەکەی تر نییە، زمان لای هەندێك چیرۆکنووس زۆر سادە و ساکارە درێژە پێدەری زمانی نووسینی چیرۆکە لە قۆناغەکانی پێشووتر لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەم بەڵام لای هەندێك چیرۆکنووسی تر زمانی نووسینی چیرۆکەکان جیاوازتر و چڕوپڕتر و تۆکمەتر بوو، بۆ نموونە چیرۆکنووس ( شێرزاد حەسەن ) بەئاشکرا خاوەن زمانێکی دەوڵەمەندی تایبەت بە خۆیەتی زمانی شیعر زاڵە بەسەر زمانی چیرۆکەکانیدا کە خوێنەر رادەکێشێت وای لێدەکەن چێژ لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی وەربگرن ئەمەش بەئاشکرا دیارە لە هەردوو کۆمەڵە چیرۆکەکانی:

( تەنیایی ) لە ساڵی ١٩٨٣ز و ( گوڵی ڕەش ) لە ساڵی ١٩٨٩ز بڵاوکراونەتەوە

پ٣٩/ زمانی چیرۆك لای ( حسێن عارف ) چۆن بووە؟ بەتایبەتی لەکام چیرۆکدا؟

و/ زمان لای ( حسێن عارف ) زمانێکی کوردی تۆکمەو بە پێزە بەتایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ( تونێشووی سەفەرێکی سەخت ) لە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوکرایەوە و ( گەلەگورگ ) کە لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکراوەتەوە بەتایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکی ( گەلەگورگ ) زمان زۆر دەوڵەمەندتر و شیرینتر و سەرنجڕاکێشترە لەچاو هەموو چیرۆکەکانی پێشووتری.

ئامادەکردنی : م. عومەر ئەحمەد خدر

ئامادەیی ( ئازادی )ی کوڕان

WWW.XWENDN.KRD





WWW.XWENDN.KRD

# ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا

پ١/ ڕۆمان چییە؟ بەچی لە چیرۆکی کورت و مامناوەندی جیادەکرێتەوە؟

و/ ڕۆمان واتە چیرۆکی درێژ کە ڕوداوەکانی زۆر چڕوپڕن، ماوەی ڕوداوەکانی زۆر دوور و درێژترن لە چیرۆکی کورت و چیرۆکی مامناوەندی، هەروەها ژمارەی کەسەکانی لە چیرۆکی کورت و مامناوەندی زیاترن.

پ٢/ ڕۆماننووسین هونەرێکی چۆنە؟ کەی و لە کوێ سەری هەڵداوە؟ ڕەخنەگران بە چی ناوی دەبەن؟ نووسینی ڕۆمان لەناو گەلانی خۆرهەڵات چۆن بووە؟

و/ ڕۆماننووسین یەکێکە لە هونەرە ئەدەبییە گرانەکان لە سەدەی حەقدەهەم لە ئەورووپا سەریهەڵداوە، بەڵام چەرخی زێرینی ڕۆمان لە ئەورووپا سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، زۆر لە ڕەخنەگران ڕۆمان بە داستانی سەدەی تازە ناودەبەن. نووسینی ڕۆمان لەناو گەلانی خۆرهەڵات زۆر دواکەوتووە لەچاو گەلانی خۆرئاوا ... لەکاتێکدا دەیان ڕۆماننووسی ناودار لە ئەورووپا و لە هەموو جیهان ناوەکانیان دەدرەوشێنەوە. ڕۆمانەکانیان بە بەردەوامی وەردەگێڕدرێن بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان. کەمتر ناوی ڕۆماننووسی عەرەب و فارس و تورک دەبیسترێت.

پ٣/ بۆچی هونەری ڕۆماننووسین لەناو کورددا زۆر دواکەوتووە؟

و/ نووسینی ڕۆمان لەناو کورددا زۆر دواکەوتووترە لەچاو نەتەوەکانی تری وەک عەرەب و فارس و تورک، چونکە ئەو بارودۆخەی بۆ نووسەرێکی عەرەب و فارس و تورک ڕەخساوە هەرگیز بۆ نووسەرێکی کورد نەڕەخساوە، بگرە زۆر جاریش نووسەری کورد دژایەتی دەکرێت و دەرفەتی چاپکردنیش بۆ نووسەری کورد زۆر دژوار و ئەستەم بوو.

## سەرەتای ڕۆماننووسین لە ئەدەبی کوردیدا

پ٤/ بۆ یەکەمین جار نووسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی لە کوێ و کەی ولای کێ دەستی پێکرد؟ ناوی ڕۆماننووسەکان و ڕۆمانەکان بنوسە؟

و/ بۆ یەکەمین جار نووسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی لەناو کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەستپێکردووە، یەکەمین هەوڵیش لەلایەن نووسەری گەورە (عەرەبی شەمۆ) دراوە لە ساڵی ١٩٣٥ز ڕۆمانی (شڤانی کورد) بە زاری کرمانجی سەروو بە ڕێنووسی لاتینی نووسیوەتەوە، ئەم ڕۆمانە دواتر کراوە بە ڕوسی و فەرەنسی و ئەرمەنی ... ڕۆمانی (کوردی ئەلەگەز) و (بەربانگ) و دواتر (قەڵای دمدم)ی لە ساڵی (١٩٦٦)ز نووسیوە، دوای (عەرەبی شەمۆ) چەند نووسەرێکی کوردی سۆڤیەتی تر دەستیان کردووە بە نووسینی ڕۆمان لەوانە (حاجی جوندی) کە ڕۆمانی (هەوارێ) و (بەهار هات)ی نووسیوە،

و (عەلی عەبدولڕەحمان) ڕۆمانەکانی (خاتێ خانم) و (گوندی مێرخاسا)ی نووسی.

پ٥/ بۆچی ڕۆمانەکانی کوردی سۆڤیەت کاریگەری وایان نەبوو لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆمان لەناو کوردستان؟

و/ ئەم ڕۆمانانە بەشێکی زۆریان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆمان لەناو کوردستاندا، چونکە تا درەنگ نەگەیشتوونەتە پارچەکانی کوردستان. نووسەرانی کورد لەناو پارچەکانی کوردستاندا ئەم ڕۆمانانەیان نەخوێندووەتەوە و نەیان بینیون.

پ٦/ ڕۆمانەکانی کوردی سۆڤیەت لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە چۆن بوون؟ یاخود چ تایبەتمەندیەکیان هەبوو؟

و/ ١) ڕۆمانەکان بە زاری کرمانجی سەروو بە ڕێنووسی لاتینی نووسراون، زمانی نووسینیان زۆر سادە و ڕەوانە.

٢) بیروباوەڕی سۆشیالیزمی بەسەر ڕوداوەکان زاڵە.

٣) شێوەی ڕۆمانەکان گێڕانەوەیە وەک: داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، چونکە بناغەی نووسینی ڕۆمانەکان داستان و ئەفسانە و حەکایەتی فۆلکلۆری کوردین دوورن لە تەکنیکی تازە و هاوچەرخ.



مامۆستا عومەر ئەحمەد خدر
ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان
ئامادەیی (ژیاری نوێ)ی ناحکومی
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

## قۆناغی گەشەسەندن

٣٨- ژمارەی ڕۆمانی خۆماڵی نووسراو بە زمانی کوردی زیاتر دەبینرێت لە :
A- قۆناغی جێگیربوون B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت C- قۆناغی گەشەسەندن D- وەڵامی ( A - B )

٣٩- ژمارەی ڕۆمانی وەرگێراو لە زمانی بیگانە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات لە :
A- قۆناغی جێگیربوون B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت C- قۆناغی گەشەسەندن D- قۆناغی سەرەتا

٤٠- حسێن عارف ڕۆمانی ( شار و ئەندێشەی مرۆڤێك ) ی چاپکرد لە ساڵانی: A - پەنجا B- شەست C- حەفتا D- هەشتا

٤١- عەزیزی مەلای ڕەش ( کوێخا سێوێ و غەوارە ) ی چاپکرد لە ساڵانی: A- پەنجا B- شەست C- حەفتا D- هەشتا

٤٢- ( کوێخا سێوێ ) یەکێکە لە ڕۆمانەکانی:
A- عەزیزی مەلای ڕەش B- خەسرۆ جاف C- برایم ئەحمەد D- عەبدولا سەراج

٤٣- ڕۆمانەکانی ( کوردەرە - هیچ ) لە ساڵانی هەشتا چاپکراون لە نووسینی؟
A- ڕەحیمی قازی B- خەسرەو جاف C- محەمەد موکری D- حسێن عارف

٤٤- یەکێك لەم چیرۆکانە چیرۆکی درێژە: A- لالۆ کەریم B- هەڵکشان بەرەو لوتکە C- لە خەوما D- شەوێکی درێژ

٤٥- ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە ) یەکێکە لە بەرهەمەکانی:
A- برایم ئەحمەد B- حسێن عارف C- عبدوڵلا سەراج D- محمد موکری

٤٦- ( نافیع ئاکرەیی ) ڕۆمانی ( بوهژین )ی چاپکرد لە ساڵانی: A- پەنجا B- شەست C- حەفتا D- هەشتا

٤٧- کام ڕۆمانانە لە شاخ دوور لە چاودێری حکومەت نووسراوە؟ A- شار B- پێشمەرگە C- کوردەرە D- تۆڵە

٤٨- کام ڕۆمانانە لە شاخ دوور لە چاودێری حکومەت نووسراوە؟ A- هیچ B- غەوارە C- ژانی گەل D- هەرەس

٤٩- لە شاخیش دوور لە چاودێری حکومەت ( محمد موکری ) کام ڕۆمانی چاپکردووە؟
A- سەگوەڕ B- شار C- پێشمەرگە D- غەوارە

٥٠- لە شاخ دوور لە چاودێری حکومەت ڕۆمانی ( تۆڵە )ی چاپکرا لەلایەن؟
A- حەمە کەریم عارف B- خەسرۆ جاف C- محەمەد موکری D- عەزیزی مەلاڕەش

٥١- حەمە کەریم عارف ڕۆمانی ( کۆچی سوور )ی چاپکردووە لە : A- هەولێر B- شاخ C- سوید D- بەغدا

٥٢- ( محەمەد ئۆزون ) بە زاری کرمانجی سەروو ڕۆمانی ( مرنا کاڵەکی ڕەند ) و ( هاوارا دیجلەیێ )ی چاپکردوون لە :
A- هەولێر B- شاخ C- سوید D- بەغدا

٥٣- لە قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا کام لەمانە بووە هەوێنی چاوەهەڵهێنانی ڕۆمانە تازەکان؟
A- ڕووداوی سیاسی B- باسی خەباتی ڕەوای کورد C- ژیانی پێشمەرگایەتی D- هەموویان

٥٤- ( زمانی ڕۆمانەکانی پاراوتر و پوخت تر و چڕتر کراونەتەوە ئەمە لە پاڵ دیاردەی بایەخدان بە زارۆچکەی ناوچەیی جوتیاران ) لە : A- قۆناغی جێگیربوون B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت C- قۆناغی گەشەسەندن D- قۆناغی سەرەتا

٥٥- لە کام قۆناغ ڕۆماننووسەکان بایەخیان بە تەکنیکی نوێ و خۆدواندن ( مەنەلۆگ ) داوە سەرکەوتووانەش بەکاریان هێناون؟
A- قۆناغی جێگیربوون B- کوردانی یەکێتی سۆڤیەت C- قۆناغی گەشەسەندن D- قۆناغی سەرەتا

٥٦- ( ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی ساڵانی هەشتا باسیان لە کێشەی گوندنشینەکان دەکرد ) ئەمە لە ڕۆمانەکانی کێ دەردەکەوێت؟
A- عەزیزی مەلای ڕەش B- حسێن عارف C- عەبدولا سەراج D- خەسرۆ جاف

ماموستا عومەر ئەحمەد خدر
WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
ئامادەیی (ئازادی)ی کوڕان
WWW.XWENDN.KRD

٥٧- ڕۆماننووسی کورد ( یەشار کەمال ) بە چ زمانێك نووسیویەتی؟ ﴿A- کوردی B- فارسی C- عەرەبی D- تورکی﴾

٥٨- ڕۆمانی ( ئەفسانەی چیای ئاگری ) و ( حەمەدۆك ) و ( کاریتە ) هیی کێن؟

﴿A- محەمەد موکری B- خەسرەو جاف C- یەشار کەمال D- حسێن عارف﴾

٥٩- یەکێك لەم ڕۆماننووسانە بە زمانی عەرەبی دەنووسێت:

﴿A- محەمەد نوزون B- سەلیم بەرەکات C- ئیبراهیمی یونسی D- یەشار کەمال﴾

٦٠- ( سەلیم بەرەکات ) کە ڕۆماننووسە بە چ زمانێك نووسیویەتی؟ ﴿A- کوردی B- عەرەبی C- تورکی D- فارسی﴾

٦١- ڕۆمانی ( پەڕ و دڵشاد ) هیی کێن؟ ﴿A- سەلیم بەرەکات B- یەشار کەمال C- محەمەد موکری D- محەمەد نوزون﴾

٦٢- ( ئیبراهیمی یونسی ) کە ڕۆماننووسە بە چ زمانێك دەنووسێت؟ ﴿A- کوردی B- عەرەبی C- تورکی D- فارسی﴾

٦٣- ڕۆمانی ( دایکم دووجار گریا ) یەکێکە لە بەرهەمەکانی:

﴿A- سەلیم بەرەکات B- عەزیز گەردی C- ئیبراهیمی یونسی D- یەشار کەمال﴾

٦٤- کام ڕۆمان دەربارەی کارەساتی ئەنفالکردنی گەلی کوردە لەلایەن ڕژێمی بەعسی:

﴿A- دایکم دووجار گریا B- کاریتە C- پێشمەرگە D- کوردی ئەلەگەز﴾

٦٥- ( عبدولمەجید لوتفی ) کە ڕۆماننووسە بە چ زمانێك دەنووسێت؟ ﴿A- کوردی B- عەرەبی C- تورکی D- فارسی﴾

٦٦- ڕۆمانی ( پێشبینی لێزانە قەرەجەکە ) کراوە بە کوردی لەلایەن:

﴿A- حسێن عارف B- سەلیم بەرەکات C- شوکر مستەفا D- یەشار کەمال﴾

٦٧- کام ڕۆمان لە ڕووی زمانەوە بە کوردی دانانرێت؟ ﴿A- دایکم دووجار گریا B- کۆردەرە C- سەگوەڕ D- بەربانگ﴾

٦٨- ڕۆمانی ( حەمەدۆك ) بە کوردی دادەنرێت لە ڕووی: ﴿A- زمانەوە B- ڕوخسارەوە C- ناوەڕۆکەوە D- هەموویان﴾

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- B | ٢- B | ٣- C | ٤- B | ٥- D | ٦- B | ٧- B | ٨- D | ٩- B | ١٠- C |
| ١١- A | ١٢- A | ١٣- C | ١٤- B | ١٥- B | ١٦- D | ١٧- C | ١٨- B | ١٩- D | ٢٠- A |
| ٢١- B | ٢٢- B | ٢٣- B | ٢٤- B | ٢٥- C | ٢٦- C | ٢٧- D | ٢٨- C | ٢٩- C | ٣٠- C |
| ٣١- D | ٣٢- A | ٣٣- B | ٣٤- C | ٣٥- A | ٣٦- A | ٣٧- A | ٣٨- C | ٣٩- C | ٤٠- D |
| ٤١- D | ٤٢- A | ٤٣- B | ٤٤- B | ٤٥- C | ٤٦- D | ٤٧- D | ٤٨- D | ٤٩- A | ٥٠- C |
| ٥١- B | ٥٢- C | ٥٣- D | ٥٤- C | ٥٥- C | ٥٦- A | ٥٧- D | ٥٨- C | ٥٩- B | ٦٠- B |
| ٦١- A | ٦٢- D | ٦٣- C | ٦٤- A | ٦٥- B | ٦٦- C | ٦٧- A | ٦٨- C | | |

## لیستی ناوی شاعیر و نووسەر و بەرهەمەکانیان

| ژ | ناوی بەرهەم | خاوەن / ساڵ | جۆری بەرهەم |
|---|---|---|---|
| ١ | کوردم ئەمن | هێمن | شیعر - کوردایەتی |
| ٢ | ئالامن | جگەرخوێن ( سەرخۆیی + هەڵکردنی ئاڵا ) | شیعر - نیشتمانپەروەری |
| ٣ | بەهار | دیلان | شیعر - باسکردنی سروشت |
| ٤ | نەسرین - ناوێتەکردنی ژن لەگەڵ کێشەی سیاسی | بێکەس | شیعر - دواکەوتوویی |
| ٥ | چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە - خۆشەویستی بۆ ژن | ئەحمەد هەردی | شیعر - خۆشەویستی |





WWW.XWENDN.KRD
WWW.XWENDN.KRD

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | قەلاچۆی دوژمن | قانیع | شیعر - چینایەتی |
| ٧ | ڕێگەی خەبات یەکەمین هەوڵی گۆڕینی ڕوخساوتەکنیک | دیلان ١٩٥٤ | شیعر - قالبی ئازاد |
| ٨ | ئەی کچە شوان | کامەران موکری ١٩٥٧ | شیعری ئازاد |
| ٩ | کاروانێ مە - سودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە | قەدری جان | شیعر (زمانی شیعر) |
| ١٠ | نەورۆز | پیرەمێرد | شیعر - سرود |
| ١١ | سرودێک بۆ پێشمەرگە | هەژاری موکریانی | شیعر - بەشداری لە شۆڕش |
| ١٢ | بێشکەی منالْ - دژی شەڕ و شەڕخوازان | گۆران | شیعر - سەرِوای تازە |
| ١٣ | یاخی بن - سودبینێن لە ئەفسانە و هێما مێژوویەکان | لەتیف هەڵمەت | شیعر - یاخیبوونی سیاسی |
| ١٤ | گینگڵ | شێرکۆ بێکەس | شیعر - ژیان و مردن |
| ١٥ | خۆ من چەمە زستانە نیم | ئەنوەر قادر محەمەد | شیعر - بەرەنگاری |
| ١٦ | سبە نەکە گری دایێ - کرمانجی سەروو | مونەیەد تەیب (وەرەی بەرز و گەشبینی) | شیعر - بە هیوا بوون |
| ١٧ | ڕوبارێکی خوێناوی | جەمیل ڕەجبەر ١٩٧٩ | شیعر - بەرەنگاری |
| ١٨ | هەڵەبجە دووەم هاتن | جەوهەر کرمانج ١٩٨٨ | شیعر - هەڵەبجە |
| ١٩ | سەربازی ون - خاکی کوردستان و شەهیدان | عەبدوڵڵا پەشێو ١٩٧٨ مۆسکۆ | شیعر |
| ٢٠ | بۆقەکان - ڕەخنەی لە سێ شاعیر گرتووە | ئەرستۆفانیس (سەدەی شەشەمی پ.ز) | کتێب - کۆمیدی |
| ٢١ | هونەری شیعر - دەستور بۆ تراژیدیا | ئەرستۆ | کتێب |
| ٢٢ | ئەنجومەنی ئەدیبان | ئەمین فەیزی بەگ ١٩٢٠ ئەستەنبوڵ | کتێب (مێژووی ئەدەب) |
| ٢٣ | گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم | عەلی کەمال باپیر ١٩٣٩ | کتێب (مێژووی ئەدەب) |
| ٢٤ | لێکۆڵینەوەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح | ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ١٩٢٦ | لێکۆڵینەوە (تیۆری ئەدەب) |
| ٢٥ | شیعر و ئەدەبیاتی کوردی | ڕەفیق حیلمی (بەرگی یەکەم) ١٩٤١ | کتێب (مێژووی ئەدەب) |
| ٣٦ | شیعر و ئەدەبیاتی کوردی | ڕەفیق حیلمی (بەرگی دووەم) ١٩٥٦ | کتێب (ڕەخنەی ئەدەب) |
| ٢٧ | مێژووی ئەدەبی کوردی | عەلائەدین سەجادی ١٩٥٢ | کتێب (مێژووی ئەدەب) |
| ٢٨ | شاعیرەکانمان - ڕەخنەی ئەدەب | سیاپۆش ١٩٣٢ (برایم ئەحمەد) | وتاری ڕەخنەیی |
| ٢٩ | کامەران و دیارییەکە | مارف بەرزنجی | وتاری ڕەخنەیی |
| ٣٠ | کورد و شیعر | هەسان (عومەر عارف) | وتاری ڕەخنەیی |
| ٣١ | کورد و ئسلوبی شیعر | مارف خەزنەدار | وتاری ڕەخنەیی |
| ٣٢ | شیعرو نووسینی کوردی | ڕەفیق حیلمی | وتاری ڕەخنەیی |
| ٣٣ | کۆن و تازە لە شیعردا | مارف بەرزنجی | وتاری ڕەخنەیی |
| ٣٤ | کامەران و هۆنراوەی نوێ | حسێن عارف (محەمەد سدیق عارف) | لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی |
| ٣٥ | حاجی قادری کۆیی | محەمەدی مەلا کەریم | لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی |
| ٣٦ | کامران شاعر من کردستان (بە زمانی عەرەبی) | کامل حسن بەسیر | لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی |
| ٣٧ | ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی | عزەدین مستەفا ڕەسول | نامەی دکتۆرا |
| ٣٨ | کورتەی مێژووی هاوچەرخەری ئەدەبیاتی کوردی | مارف خەزنەدار | نامەی دکتۆرا |
| ٣٩ | حاجی قادری کۆیی (ژیان و بەرهەمی) | ئیحسان فوئاد | نامەی دکتۆرا |
| ٤٠ | شەونمی بەری بەیان ، دەنگی گێتی تازە | کامەران موکری ١٩٤٦ | وتاری ئەدەبی |





WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD

XWENDN

بۆ دەستکەوتنی PDF ( مەلزەمە ، کتێب ، مەلزەمەی هەڵبژاردن ، ئەسیلەی وەزاری ، ئەسیلەی تەمهیدی ، ڤیدیۆیی گشت وانەکان ) سەدان بابەتی جۆراوجۆر تایبەت بە خوێندن دەتوانن سەردانی وێبسایتی XWENDN بکەن

سەرجەم بابەتەکان بەخۆراییین

XWENDN

ئەم کۆدە سکان بکە

www.xwendn.krd

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١ | چای شیرین ، شەفەق ، پاداشتی یەکەم | حوسێن عارف | چیرۆکی کورت |
| ٤٢ | چەندم لێ ئەستێنی ، شەفەق ، پاداشتی دووەم | مستەفا سالح کەریم | چیرۆکی کورت |
| ٤٣ | شەوێکی درێژ ، شەفەق ، پاداشتی سێیەم | محەمەد سالح دیلان | چیرۆکی کورت |
| ٤٤ | خانزاد ، پەلەهەورێکی چلکن | جەمال بابان | چیرۆکی مامناوەند |
| ٤٥ | لالۆ کەریم | جەمال نەبەز | چیرۆکی مامناوەند |
| ٤٦ | کاروانی | محەمەد سالح سەعید | چیرۆکی مامناوەند |
| ٤٧ | لە خەوما | جەمیل سائیب ١٩٢٥ ( ١٩٧٥ ) | چیرۆکی مامناوەند |
| ٤٨ | مەسەلەی ویژدان | ئەحمەد موختارجاف ١٩٢٩ ( ١٩٧٠ ) | چیرۆکی مامناوەند |
| ٤٩ | لاوکی سوارە ( سود لە فۆلکلۆر ) | محەمەد فەریق حەسەن | چیرۆک |
| ٥٠ | بەیتی سمۆ ( سود لە فۆلکلۆر ) | ڕەئوف بیگەرد | چیرۆک |
| ٥١ | هێلەگ ( سود لە فۆلکلۆر ) | عەبدوللا سەراج | چیرۆک |
| ٥٢ | تەنیایی ( زمانی شیعر زاڵە ) | شێرزاد حەسەن ١٩٨٣ | چیرۆک |
| ٥٣ | گوڵی ڕەش ( زمانی شیعر زاڵە ) | شێرزاد حەسەن ١٩٨٩ | چیرۆک |
| ٥٤ | گەلەگورگ ( زمانێکی شیرین و سەرنجڕاکێش ) | حوسێن عارف ١٩٨٣ | چیرۆک |
| ٥٥ | تونێشوی سەفەرێکی سەخت ( زمانێکی تۆکمە و بە پێز ) | حوسێن عارف ١٩٧٩ | چیرۆک |
| ٥٦ | شڤانی کورد ( سۆڤیەت ) ( ڕوسی و فەرەنسی و ئەرمەنی ) | عەرەبی شەمۆ ١٩٣٥ | ڕۆمان |
| ٥٧ | قەلای دمدم ( سۆڤیەت ) | عەرەبی شەمۆ ١٩٦٦ | ڕۆمان |
| ٥٨ | کوردی ئەلەگەز ، بەربانگ ( سۆڤیەت ) | عەرەبی شەمۆ | ڕۆمان |
| ٥٩ | هەوارێ ، بەهار هات ( سۆڤیەت ) | حاجی جوندی | ڕۆمان |
| ٦٠ | خاتێ خانم ، گوندی مێرخاسا ( سۆڤیەت ) | عەلی عبدولرەحمان | ڕۆمان |
| ٦١ | پێشمەرگە ( جێگیربوون ) | ڕەحیمی قازی ١٩٦٠ | ڕۆمان |
| ٦٢ | ژانی گەل ( جێگیربوون ) | برایم ئەحمەد ١٩٥٦ ( ١٩٧٢ ) | ڕۆمان |
| ٦٣ | شار ، ئەندێشەی مرۆڤێك ( گەشەسەندن ) | حوسێن عارف | ڕۆمان |
| ٦٤ | کوێخا سێوێ ، غەوارە ( گەشەسەندن ) | عەزیزی مەلای ڕەش | ڕۆمان |
| ٦٥ | هەلکشان بەرەو لوتکە ( گەشەسەندن ) | عەبدوللا سەراج | ڕۆمان |
| ٦٦ | کۆردەرە ، هیچ ( گەشەسەندن ) | خەسرەو جاف | ڕۆمان |
| ٦٧ | بۆهژین ( گەشەسەندن ) | د. نافیع ئاکرەیی | ڕۆمان |
| ٦٨ | سەگوەڕ ، تۆلە ، هەرەس ( گەشەسەندن ) | محەمەد موکری - شاخ | ڕۆمان |
| ٦٩ | کۆچی سور ( گەشەسەندن ) | حەمە کەریم عارف - شاخ | ڕۆمان |
| ٧٠ | مرنا کالەکی ڕەند ، هاوارا دیجلەیێ ( گەشەسەندن ) | محەمەد ئۆزون - سوید | ڕۆمان |
| ٧١ | ئەفسانەی چیای ئاگری ، کاریتە ، حەمەدۆك | یەشار کەمال | ڕۆمان - تورکی |
| ٧٢ | پەڕ ، دلشاد | سەلیم بەرەکات | ڕۆمان - عەرەبی |
| ٧٣ | دایکم دووجار گریا | ئیبراهیمی یونسی ( ئەنفال ) | ڕۆمان - فارسی |
| ٧٤ | پێشبینی لێزانە قەرەجەکە | عەبدولمەجید لوتفی | ڕۆمان - عەرەبی |

ئامادەکردنی : م. عومەر ئەحمەد خدر



WWW.XWENDN.KRD
XWENDN
WWW.XWENDN.KRD